**گابریل گارسیا مارکیز**

## ڕۆمان


# بیرەوەری سۆزانیە خەمبارەکانم

**عەلی بەرزنجی**
**فەیسەڵ هەمەوەندی**

**کوردستان - کەرکووک**
**٢٠٠٧**

ناوی کتێب: بیرەوەری سۆزانیە خەمبارەکانم
بابەت: ڕۆمان
وەرگێڕانی: عەلی بەرزنجی — فەیسەڵ هەمەوەندی
کتێبی ڕۆژنامەی سێبەر ژمارە (١٤)
دیزاین: ئەنجام سەعید خالید
سەرپەرشتی زنجیرەی چاپ: حەمە سەعید زەنگنە
چاپخانە: ئارابخا — کەرکووک
چاپی یەکەم - ٢٠٠٧

# بیرەوەری سۆزانیە خەمبارەکانم



## (١)

له سالانی نەوەتی تەمەنمدا، حەزمکرد عەشقەشەوێکی شێتانە لەگەڵ کچێکی هەرزەی نەکراوەدا.. پێشکەش بە خۆ بکەم.( رووسا کابارکاس)م وەبیرهاتەوە، خاوەن تیاترۆخانەیەکی نهێنیبوو، هەمیشە راهاتبوو پەیوەندی بەبسین هەوادارانی خۆی بکات، ئەگەر تازەیەکی ئامادەکراوی لەبەر دەستابوایە، من هەرگیز ملکەچی ئەو هەڵفریوانەی ئەو نەدەبووم.. یاخود هەر حەزبزوێنەری بەدرەوشتانەی کە بەکاری دەهێنا، وەلێ ئەو بڕوای بە پاکی رەوتارەکانی من نەبوو، بۆیە هەردەم بە زەردەخەنێکی چەپخونەوە پێیدەووتم:

رەوتارەکانیش نیاز گەلێکی وەختین، رۆژگار پێت دەڵێت.. ئەو هەندێك لەمن بچوکتربوو، ساڵگەرێکبوو چ هەواڵێکیم نەدەزانی.. بە خەیاڵاچووبووم و دەمووت.. رەنگە مردبێت، وەلێ لەگەڵ یەکەم زەنگی تەلەفۆنەکەی.. ئێدی دەنگیم ناسیەوە، خێراو بێپێشەکی ووتم:



– ئەوڕۆ.. بەڵێ

هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشا و ووتی:

– ئۆە.. ئەی جیهانە خەمبارەکەم.. بیست ساڵ لێم وون دەبیت، ئینجا دەگەڕێیتەوەو تەنیا داوای مەحاڵ دەکەیت.

بە پەلە بە هونەرەکەیدا چووەوە.. نیو دەرزەن لە قەحپەکانی بۆ ژماردم، ئەوجا ووتی:

دەبێت ئاگات لەوەبێت، هەموویان بەکارهێنراون.

من زۆرتر پێم لەسەر داگرت کە بەوان قایل نیم و دەوی کچێنی نەشکابێت، هەر ئەمشەویش دەمەوێت. بە سەرسوڕمانیەوە پرسیاری لێکردم و ووتی:

– بەنیازی چی تاقیبکەیتەوە..؟

هیچ شتێك نا، لێ، هەستم بە داشکانێك کرد، بۆیە ئازارێکی بێشوماری دام. من خۆم دەزانم چیم پێدەکرێ و پێناکرێ.

بێگرژی وەڵامی دامەوە و ووتی:

– زاناکان هەموو شتێك دەزانن، وەلێ هەموو شتێکیش نا، ئێوەن تەنها کەسانێك لە زایندەی بورجی (وێتە)دا ماون، ئێوەن خەڵکانی ئاب، جا ئەم داخوازیەتان بۆچ پێشتر بەمن نەووت..؟

–لام وایە ئیلهام ئەگەر بێت،بێئاگادارکردنەوە دێت..!

– رەنگە بتوانم چاوەنواربە.

ئەو شارەزایی لە هەموو پیاوێك زۆرتربوو.داوای هەر دوو رۆژی لێکردم.. هەتاوەکو زێدەتر باس و خواسی بازاڕەکە تێبگا.

پێمووت:

– بە جیدی لە سەفقەو ڕێکەوتنێکی..ئاوا.. لە ساتە تەمەنی مرۆیەکی وەك مندا.. بێگومان هەر تاقە سەعاتێك بە ساڵێك دادەنرێت.

– مادامێك شتەکە وایە.. بێشك ئەکارە بە ئاکام ناگا.. ( دوایی درێژەی پێدا).. هێندەش بەخەمەوە مەبە.. کارەکە ئێتر بەم جۆرە بە سۆزکامتر دەبێت.. وانیە..؟. بەر نەفرەت بکەوی، پاش سەعاتێکیتر پەیوەندیت پێوە دەکەم.

هێند گرنگ نیە ئەوەبڵێم..، چونکە دەکرێ لە دووری چەند فرسەخێکەوە بمناسنەوە. من رەنگ ناشرین و شەرمۆکم، دێر زەمانێکە. بەڵام هەرچەن ئارەزووی من نەبووە وابم بۆیە حەزم کردوە بە پێچەوانەوە خۆم بنوێنم..، هەتاوەکو ئەوڕۆکەش تیا بڕیارمدا ئەز چۆنم ئاوا بۆ خۆمی بگێڕمەوە،.. ئەویش بە وویستی سەربەستی و تایبەتی خۆم بۆ هێورکردنەوەی باری دەروونیم.

گفتوگۆیەکانم بە شێوەیەکی نامۆ.. لە گەڵ رووسا کابارکاس دەستی پێکرد.. چونکە ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیە ئەمڕۆ وا تەماشای دەکەم.. وەك سەرەتای ژیانێکی نوێیە بۆ من.. لە



دەمێکدا.. و لەم پایزە تەمەنەدا.. زۆرینەی خەڵی مردوون و لەناوچوون.

من لە ماڵێکدا ژیان دەگوزەرێنم لە شێوەی کۆلۆنیالیە، لەسەر شۆستەی خۆری باخچەی( سان نیکۆلاس). سەرتاسەری رۆژانی ژیانم بە بێژن و بە بێ منالْ و دارایی بردەسەر. هەروەکو بابم و دایکم، لەوێ ژیان. بۆیە منیش بڕیارمداوە بە تەنیایی بمرم، لەسەر هەمان جێ کە لەوێ لەدایکبووم، حەزیش دەکەم ئەو رۆژە دووربێت تیادا هەست بە ئازار نەکەم. بابم ئەو خانوەی.. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم.. لەمەزادێکی گشتی کڕی، نهۆمی خوارەوەی بە کرێدا. وەکو کۆگایەکی بازرگانی گرنگ بە کۆمپانیایەکی نێوداری ئیتاڵی.. بۆ خۆیشی نهۆمی دووەمی گلدابوەوە، بۆ ئەوەی ژیانێکی بەختەوەر لەگەڵ کچی یەکێ لەو ئیتالییانە بەرێتە سەر. (فلۆرینا دی دیوس کارغامنتۆس)ە، کە دایکی منبوو، ئەو مۆسیقاژەنێکی شارەزای مۆزارتبوو، چەند زمانێکی دەزانی گاریبالدیانەبوو. لەنیو سەرجەم ژنانی شارەکەدا.. ژنێکی شەنگ وخودان بەهرەیەکی ناسك و.. زەوەندبوو.خانووبەرەکەمان بەرین و رووناکبوو، چەند ستوونێکی مەرمەری تێدابوو.. رووبەری زەویەکەی بە کاشی فلۆرانس لە شێوەی خشتەی شەترەنجی نەخشکرابوو. چوار دەرگای شووشەیی بە پێش هەیوانەکەدا دەیڕوانی، دایکم شەوانی مانگی ئازار پشوی لەنیو دەدا.. ئەو دەمانەی لەگەڵ

کچەمامە ئیتالیاییەکانیدا پێکەوە بەستەکانی خۆشەوویستیان دەووتەوە، لەوێوە باخچەی سان نیکۆلاس و کاتدرائییەو پەیکەرەکەی کریستۆف کۆلۆمبۆس دەبینران.. هەروەها لەدیوی پشتەوە بارەکانی بەندری دەم رووبارەکەو رێچکە بەرینەکەی زێی (مەجدۆلینای مەزن) کە بیست فەرسەخێك لە سەروچاوەکانیەوە دووربوو، دەبینرا. تاقەشتێك کە لە خانووەکەدا ناجۆربوو.. هەمیشە خۆرەتاوەکەبوو، سەرتاسەری رۆژ لەم پەنجەرەوە بۆ پەنجەرەیەکی دی دەیگواستەوە.ئەوجا دەبوو سەرجەم پەردەکان دادەینەوە تاوەکو بتوانیٚ سەرخەوێکی نیوە رۆژە بکەیت لەنیو تاریکییە سووتێنەرەکەدا، کاتێك بە تەنیا مامەوە..تەمەنم سی و دووساڵبوو، گواستمەوە بۆ ژووری بابی بەرەحمەت چووم. دەروازەیەکم کردەوە بۆ ژووری کتێبخانەکە، پاشان دەستم کرد بە فرۆشتنی ئەو کەل وپەلانەی کەلێم زیادبوون و پێوویستم پێیان نەبوو.. بۆ ئەوەی بە پوولەکانی بژێم. کارەکە هەر بەوەوە نەوەستا..هەتا هەموو شتێکی گرتەوە، تەنیا کتێبەکان نەبیٚ و لەگەڵ ئامێرێکی ئۆرگدا. بۆ ماوەی چل ساڵ لە رۆژنامەی ( دیاریو دی بان ) کاری هەڵەچنی برووسکەکانم دەکرد، کارەکەش بریتیبوو لە رێکخستنی هەواڵەکانی جیهان کە لەرێگای شەپۆڵەکورتەکانی ئاسمانی وەردەگیران.. یاخود لە رێی هێماکانی مۆرس وەردەگیران.. پاشان دەکرا بە پەخشانی خۆماڵی.



ئەورۆ من ژیانێکی کەم دەرامەت دەبەمە سەر، بە پوولی مووچەی خانەنشینی ئەو کارە لەناو چووەم، هەروەها بژێویەکی چووکی خانەنشینیم پێدەدرێت.. وەکو مامۆستای زمانەوانی( قشتالی و لاتینی ). بەلاّم چ پوولیٚ لەنووسینی ئەو ستوونانەی رۆژانی یەکشەمموان وەرناگرم..کە بەردەوام بۆ ماوەی نیو سەدەیە بۆ رۆژنامەکەی دەنووسمەوە.چ پاداشتێکم دەست ناکەویٚ لەو لێدوانە مۆزیکی و شانۆییانە.. کە هەمیشە بە خۆڕایی بلاّودەکرێنەوە.. گەلیٚ جاریش مۆسیقاژەنە ناودارەکانی تیا ئامادە دەبن.

لە ژیاندا من لەنووسین بەولاوە چ کارێکم نەکردووە، وەلیٚ بەهرەی رۆمان نووسێکم تێدایە.. یاساکانی نووسینی دراما نازانم.خۆ ئەگەر خۆیشم تووشی گێچەڵی ئەم پرۆژەیە کردبیٚ، ئەوا لەبەر رووناکی ئەو شتگەلەی کەلەژیاندا خوێندوومن.. زۆریان لیٚ فێربووم. مادامێکی شتەکە وایە جا بە زمانێکی کالی رۆمانسی من کۆتایی وەچە بیٚ ئەدرەسەکانم.. چ شتێکم نیە کە لە پاش خۆم بەجێی بهێلّم بۆ ئەوانەی کە دوای من دەژین. جگە لەو راستییانەی کە هەنووکە خۆمی بۆ ئامادە دەکەم..بە هەر شێوەیەك بێت دەیگێڕمەوە.. بەمەیش یادەوەرییەك بۆ خۆشەوویستیەکی گەورە تۆمار دەکەم.

هەروەکو جاران، سەعات پێنجی سەر لە بەیانی، ئەو رۆژەم وەبیرهێنایەوە کە تەمەنم تیا بوو بە نەودساڵ..تاقە کارێك بوو

دەبوو بیکەم، چونکە ڕۆژەکە هەینی بوو، دەبوو ستوونی ڕۆژنامەی( دیاریو دی لاباس بنووسم، کە ڕۆژانی یەکشەممو بە پێنووسی من بڵاودەبوەوە.

ڕەنگە وابێ..، بووم و لێڵی ئەو سپێدەیە نەگونجێت لەگەڵ بەختیاریدا، هێسکەکانم ئەو بەیانیە دابوویان لە ئازارێکی سەخت، درکم بە سووتانەوەیەك دەکرد لە کۆممدا، دوای سێ مانگ لە بێبارانی زریانێکی تووش هەڵیکرد..، خۆم شت، ئەو دەمەش قاوەکەم گەرم کردەوە.. بە هەنگوینەوە فنجانێکم فڕکرد، دووحەبی کاسبییەم کرد بەسەرا..، کراسی حەسانەوەیماڵەوەم لەبەر کرد کە لەکەتان درووست کرابوو.

بابەتی گوتاری ئەوڕۆژەم، چۆن..نا،( سالانی نەودی تەمەنم )قەتم بیر لە تەمەن وا نەکردبۆوە، کەوەکو کونێکە لە بنمیچێکدا، دڵۆپە دڵۆپە ئاوی لێ دەتکێ بۆ ئەوەی ئاگادارمان بکاتەوە کە ئیتر چەندی دیکەمان ماوە لە ژیاندا.

لە منالیەوە، بیستوومە.. ئەو ( ئەسپێ )یانە لەنیوقژ زۆردەبن.. بە پەلە لەسەر سەرینەکە ڕێچکە دەبەستن بە پەلەپوڕزی دوور دەکەونەوەو دەڕۆن، کاتێك ئەو مرۆیە دەمرێت.. جا کەس و کاری مردووەکەش تووشی خەجاڵەت دەبن. ئەمەش ببوە پەندێك بۆ ئەوەی خۆم لەو ئاکارو چارەنووسە بپارێزم.. بۆیە قژی سەرم لەبن تراشی کاتێك چووم بۆ قوتابخانە،ئەو چەند تەڵە مووەی بە سەرمەوە مابوون بە ساوینی( سەکی شکور) دەمششتن..



ماناي وایە.. من هەست و شەرمی کۆمەڵایەتیم هەر لەمنداڵیەوە زێدەتر و چاکتربووە لە هەستی فەنا و مردن. بێگومان چەند هەیڤێك دەبێ،.. هەوڵمداوە.. بۆ ئەوەی لەم یادەوەریەمدا گوتارەکەم نەبێت، بە داخ و خەمخۆری بۆ سالانی بەسەرچووم، بەڵکو بە پێچەوانەوە خوازیارم گوتارەکەم بکەم بە موناسەبەی بەرز ڕاگرتنی پیری..بۆیە بەم شێوە دەستم پێکرد:

کەی هەستم بەپیری خۆم کردووە..؟ وابزانم شتەکە.. پێش ماوەیەکی کورت ڕوویدا بەر لە ئەوڕۆکە. کاتێك تەمەنم چل و دوو ساڵبوو، بەبۆنەی پشت ئێشەییەکەوە کە ببوە هۆی تەنگە نەفەسیم.. چوومە کن بزیشکێ.. وەلێ ئەو هێندە گوێی نەدامێ، بە تەنگمەوە نەبوو.. بۆیە ووتی:

ئەم ژانە گرفتێکی ئاساییە لەم جۆرە تەمەنەدا.

منیش پێمووت:

– کەواتە ئەوەی ئاساییە لەم حاڵ و بارەدا.. تەمەنی منە..!

کاکی پزیشك زەردەیەکی پڕ بەزەییانەی هاتێ و ووتی:

وەك دەبینم بە فەیلەسووف دەچیت..!

ئەو دەمە بۆ یەکەم جاربوو بە پێوەری پیری بیر لە تەمەنم بکەمەوە، وەلێ هێندەی پێنەچوو کێشەکەم لەبیرکرد. ڕاهاتم هەموو بەیانیەك بە جۆرە ئازارێك بە ئاگابێمەوە، لەگەڵ بەسەرچوونی وەخت، ئازارەکانم و شێوازو جێشوێنی خۆی

دەگۆڕی. هەندێ جار تیژو وەك چڕنوكی مەرگ وابوو.. بۆ رۆژی دوایی جێ و شوێنی نەدەما.. وونەبوو.

لەو ماوەیەدا وامبیستبوو، یەكەم دیاردەی پیری،..مرۆ بەبابی خۆی دەشوبهێ. پێدەچێ حوكمی وایان بەسەرم دایێ.. بەردەوام بەگەنجی بمێنمەوە، ئەو دەمانە بەو جۆرە بیرم دەكردەوە..، چونكە ( پڕۆڤیلی هەسپیم ) بە هیچ شێوەیەك، نەبە پڕۆڤیلی خاوی كاریبی بابم دەچوو، نە بە پڕۆڤیلی ئیمپارتۆری رۆمانی دایكم.. دەچوو.

لە راستیدا گۆڕانكاری یەكەم زۆر بە خاوی روودەدا.. رەنگە ئەوە هەستی پێنەكرێ.. جا كەسێك دەبینی ژیان لە نێوان خۆی و نەفسی خۆیدا بەردەوام دەباتەسەر وەكوبووە بێگۆڕانكاری.. بەڵام كەسانی دیكە گۆڕانكاریەكە لە دەرەوە دەبینن.

لە گرێی پێنجەمم دابوو.. واتا لەتەمەنی پەنجا ساڵیمدا.. ئیتر هێدی هێدی بیرم لەپیری كردەوە..كاتێ هەستم بەیەكەم بۆشایی لە بیرو هزری خۆم كرد، ئەودەمە لەماڵەوەدا لە چاوێلكەكەم دەگەڕام، پاشان بۆم روونبوەوە كە لەچاومدایە، یان هەنێ جار خۆم دەشت بە چاوێلكەوە.. یاخود چاوێلكەی خوێندنەوەو چاوێلكەی دوورە تەماشام پێكرا لەچاوان دەكرد. رۆژێكیان دووجار قاوڵتیم كرد.. چونكە یەكەم جاریانم لەبیركردبوو.

دركم بە وەرەزی هاوڕێكانم كردبوو، چونكە هەندێ كات مەتەڵێكم بۆ دەگێڕانەوە.. لەبیرم دەچوو پێشتر یان هەفتەی



پێشووتر وتوومە. لە یادەوەری مێشكمدا.. ئەلبومێك لەوێنەو رووخسارە ناسراوەكان كێشرابوون، هەروەها لیستێك بە نیوی هەریەك لەو خاوەن وێنانەم تۆماركرابوون.. وەلێ لە ساتی هەواڵ پرسی و سلاودا، پێمنەدەكرا نیوەكان بخەمە سەر وێنەكان. بەهەر حاڵ.. تەمەنی سیكسیم.. هەرگیز لێی نیگەران نەبووم..چونكە توانای سیكسیم.. ئەوەن بەندە نیە بە هێزی منەوە.. ئەوەن بەندە بە ئافرەتانەوە. ئەوان دەزانن چی دەكەن و چۆن رفتار دەكەن..، ئەگەر بیانەوێ.

من ئەوڕۆكە گاڵتەم بەو مرۆڤانە دێت، كە لە تەمەنی هەشتا ساڵیدان و دەچنە لای پزیشك لەو گۆڕانكاریە زەندەقیان چووە. بێئەوەیدرك بەوە بكەن كارەكە لەتەمەنی نەود ساڵیدا زێتر دەهێتە خەراپبوون. ئەمە مل ملانێیەكی ترسناكە لە پێناوی مانی مرۆڤ لە ژیاندا، جا دەكرێ ئەمیش بەسەركەوتنی ژیان باس لێوەبكەین. بیرو هۆشی پیرەكان لە كارە.ناگەوهەریەكاندا.. وون دەبێت. بەڵام بەدەگمەن بەهەڵەدا دەچێت.. ئەگەر كارەكە گرنگ بێت.(شێشەرشوون)ئەمەی بەنووكەقەڵەمێك رۆنكردووەتەوە:

قەدم نەدیوە پیرێك لەبیری بچێتەوە، كە ماڵ و داراییەكەی لەكوێ شاردووەتەوە.

بەم هزرانە بەهی دیكە، رەشنووسی گوتارەكەم تەواوكرد، دەمێك خۆری مانگی ئاب لەنیوان داربادەمەكان لە باخچەكەدا دەركەوت، كەشتی نامەبەری نیو زێیەكە بەبۆنەی وشكی و كەم

بارانیەوە، هاتنی هەفتەیەك دواكەوتبوو،وەڵێ دەمێ دەركەوت، لە كەنالی بەر بەندەرەكە گوێ ملە شووتەكەی بوو، بیرم كردەوە.. وا لێرەدا گەیشتمە.. سالآنی نەوەدی تەمەنم. هۆكەشی نازانم. هەرگیز هەوڵیش نادەم بیزانم،بەڵام ئەم كارەش یانی..ئەم وەیاد هێنانە رووخێنەرە.. وەكو جادو بەندێك دەهاتە بەرچاو، كاتێ بڕیارمدا پەیوەندی بە رووساوەبكەم، بۆ ئەوەی یارمەتیمبدات، بۆ رێزلێنانی یادەوەریەكانم، بە شەوێكی رەهاو شێتانە. من سالآنێكی زۆرم بە هێمنی و ئاشتیەكی پیرۆز. لەگەڵ جەستەمدا وەسەربرد،خۆم جارێكی دی ئامادەو تەرخان كرد بۆ خوێندنەوەیەكی پچڕ پچڕی نووسراوە كلاسیكیە بەهادارەكان و هەروەها بۆ پڕۆگرامی ئەو مۆسیقا تایبەتیانەی كە هەڵم دەبژاردن. بەڵام ئەو رۆژە حەزو ئارەزوویەكی بەتین هەڵیگرتم. تەنانەت واهەستم دەكرد.. كە رەنگە ئەمە پەیامێك بێت لە ئاسمان را بۆ من هاتبێ، دوای گرتنی تەلەفۆنەكە.. نووسینم پێنەدەكرا، دیلانێی خەوتنم لە قوژبنێكی ژووری كتێبخانەكە دابەست، ئەو شوێنەی خۆری بەیانیان نەیدەگرتەوە.. بە راڕای و دڵەراوكێ لەنیویدا راكشامو گەڵێ چاوەنۆڕبووم.

من منداڵێكی بچووكی.. رووپێدراوی دایكێكی خودان بەهرەیەكی هەمەجۆربووم.ئەو دایكەی كە دەردەباریكە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا لەناوی برد، لەگەڵ باوكێكی خودان و شەكلیات پەرست، كە هەرگیز هەڵەی قبووڵ نەبوو..هەڵەشی نەدەكرد،



رۆژێكیان كە خۆرەتاوی بەیانی تازەهەڵاتبوو، ئەو لەسەر جێگەكەی مردبوو، هەر ئەو رۆژە رێككەوتن نامەی( نیرلاندیا ) هاتە مۆركردن.. كۆتایی بە شەڕی هەزار رۆژی ناوخۆیی سەدەی رابردوو هێنا. ئاشتی و ئاسایش شارەكەی بە رێرەوێكی چاوەڕوان نەكراو و نەوویست گۆڕی..

كۆمەڵێ لە ژنانی دەربازبوو لە كۆت و پێوەندی كۆمەڵایەتی بەشێوەیەكی ناماقووڵ دەوڵەمەند كرد. ئەو ریزە تیاترۆخانە كەونانەی شەقامی ( ئینتشا ) كە گۆڕا بە جادەی ( ئابییوو ) ئەوڕۆكەش بوە بە جادەی ( كۆڵمبۆس ) لەشارێكی رۆحیدا كە دۆست و بیانیەكان رێزی لێ دەنێن، لەبەر چاكی سرووشتی بێگەردی كەسانی دانیشتوانی هەرگیز لەگەڵ ئافرەتێكی جووت نەبووم، ئگەر شتێكم پێنەدابێ، خۆ ئەگەر هەندێكی زۆر كەمیان ئەو جۆرە كارە پیشەیان نەبووە.. من بە هەر جۆرێك بووبێ، رازیم كردوون، بایی كارەكەیان پوولەكە وەرگرن.ئێدی بەلامەوە گرنگ نەبوو، ئەگەر تووڕی هەڵدەنە زبڵدانەكان.

ئەوكاتێ تەمەنم بیست ساڵ دەبوو.. تۆمارێكم پێكهێنا، نیوی ئەو ئافرەتانەم تێا نووسی، تەمەنیان، ئەدرەسیان.دواتر تێبینیەكی كورتیشم لەم بارەیەوە تۆمار كرد، ئەودەمەی تەمەنم گەیشتە سالآنی پەنجا، ژمارەیان بوو بە پێنج سەدو بیست وچوار ئافرەت، بەلانی كەمەوە..لەگەڵ هەر یەكێكیان تاقە جارێك كاری سیكسیم كردووە. تۆماری ئەو لیستەم لەو دەمیدا راگرت..

کاتێ جەستەم خاڵی و ئێتر توانای وزەی تەواوم پێنەما.. بۆیە بێژمارەو بێکاغزو نووسین..، ئەو کارەم دەکرد، من لەو رەوتارەمدا تایبەتمەندی خۆم هەبوو.قەتم بەشداری لەسەر سەرێتیەوەکۆمەل نەکردووە.. تێکەڵ هەموو خەڵکانێك نەبووم.. نهێنیم بە کەس نەووتوە.. بۆ کەسیش جەربەزەیەتی جەستە یارووحیم نەگێڕاوەتەوە. لە تەمەنی گەنجیمەوە درکم بەوە کردووە.. ئەم کارانەم هەروا بەبێ لێپرسینەوە ناچێتە سەر.

تاقە پەیوەندیەکی نامۆم لەگەڵ ( دامیان )ی دڵسۆز هەبووە..ئەو کیژێکی نیمچە هیندیبوو، بەهێزو، ساکاربوو. قسەی کەم دەکردوو جدیبوو. هەمیشە بە پێخاوسی رێی دەکرد.. بۆ ئەوەی لێی وەرسنەبم، یان کاتێ خەریکی نووسین دەبووم، وەبیرم دێ رۆژێ لە هۆڵەکەدا لەنیو جۆلانەکەبووم، کاتێ( گەشاوەیی ئەنەلووسی )یەم دەخوێندەوە، بەرێکەوت دیتم کە چەمییەوە سەر حەوزی جلشۆرەکە خڕیی هەردوو پووزی دەرکەوت.. ئەودەمە کراسێکی کورتی لەبەردابوو، بۆیە منیش خۆم پێنەگیرا، لەپشتەوە هەڵمبڕی، دەرپێکەیم تاسەر چۆکی هێنایە خوارەوە.. کاری خۆم کرد. ئەو بە هەناسەیەکی خەماوییەوە پێی ووتم:

– ئۆه.. گەورەم.. ئەو شوێنە بۆ شت تێخستن نەکراوە.. تەنیا...

قسەکەم پێقاچی، لەکاتێکدا ئەو بە توونددی راچنەنینێکی پێ هاتبوو. بێئەوەی لە جێی خۆی ببزوێ. لەبەر ئەوەی پەژیوان ببوومەوەو هەستم بە نەنگی دەکرد، چونکە تووشی شوورەییم



کردبوو، وویستم پوولی دوو بەقەدەر بەهاترین ئافرەتێکی پێبدەم.. بەلاّم ئەو تاقە فلسێکیشی لێ قبوول نەکردم. منیش دەبوو مووچەکەی بۆ زیادکەم.. بەپێی ئەو کارانەی کە مانگانە لەگەڵیدا دەخەوتم..، ئەو هەمیشە جلەکانی بۆ دەشوشتم. بەردەوام بە ئاستی پێچەوانەوە.

هەندێ جار وابیرم دەکردەوە.. رەنگە تۆمارگەی ئەم جۆرە کارەی سەر جێیەکان، ببێ بە ناوڕۆکی چیرۆکێك کە لە نەهامەتی و نەنگی و دەس کورتی ژیانی بەخەسارچووبدوێ.. ئەوکات، نێونیشانێك لە ئاسمان را بۆم هاتەخوارەوە( یادەوەری سۆزانیە خەمبارەکانم). ژیانی ئاساییم هەمبەر، بەم ئاکارەشم، خاڵیبوو لەشتی بەبایەخ سەرنجراکێشەر"هەتیو لە دایك و باوکەوە، گەنجێکی بێپاشەرۆژ و بێئایندە، رۆژنامەوانێکی.. مام ناوەندی بەش بەحالی خۆم چوارجاریش لە پێشبڕکێی( کارتاخینا دی ئەندیاس )ی شیعریدا، گەیشتمە دواپلەکانی، لەبەر ناشرینی.. ناقۆلاّیی رووخسارم باشترین نموونە بووم بۆ شێوەکاران و وێنەکێشانی کاریکاتێر. ئەمیش ئەوە دەگەیەنێ، ژیانی بەفیرۆچووم.. بە بەهەڵەو بە تراوێلکەیەکی سەیر دەستی پێکرد.

ئەو ئێوارەیەی کە دایکم دەستی گرتم و بردمی بۆ رۆژنامەی ( دیاریۆ دی لاباس )، ئەوکاتە تەمەنم نۆزدە سالاّنبوو، هەڵبەتە دایکم بەتەمابوو بگاتە ئەنجامێ لەگەڵ ئەو رۆژنامەیە، لەمەڕ خستنەرووی ژیانی قوتابخانە، دەگرێ ئەو نووسینەم بۆ

بڵاوبکاتەوە.. کە لەسەر بابەتی زمانی قشتاڵی وەگوتارم نووسیبوو، ئێدی ڕۆژی یەکشەممە.. لەگەڵ پێشەکیەکی هاندەرانەو، بە پێنووسی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە.. بڵاوکرایەوە.
پاش بەسەر چوونی چەند ساڵێك، زانیم، دایکم هەندێ پوول و ڕەشوەتی بە گەرووی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکەدا کردبوو، بۆ ئەوەی نووسینەکانم بۆ بڵاو بکاتەوە.. هەروەها لەگەڵ ئەو هەموو گوتارەی کە پاش ئەوەی بڵاو کرانەوە، وەلێ کاتێ لەم بەزمە وەئاگاهاتم، کار لە کار ترازابوو، ئێدی وەخت تێپەڕیبوو،هەتا هەست بە شەرمێ و نووشوستی بکەم، چونکە ووتاری هەفتانەی ڕۆژنامەکە کە من دەمنووسی، ئەوڕۆ بەدووباڵی تایبەت دەفڕن. سەرەڕای ئەوە کە بە هەڵەچنی برووسکەکان و ڕەخنە بنووسی مۆزیکی دامەزراوم.
لەو دەمەی بڕوانامەی دوا ناوەندیم بە پلەی ئیمتیاز وەدەست هێنا، ئێتر وەکو مامۆستایەك لە سێ قوتابخانەی میریدا، دەستم کرد بە ووتنەوەی وانەکانی زمانی ( قشتاڵی )، لێ من مامۆستایەکی باشنەبووم، بێ بەزەییبووم، لە ئاستی ئەو خوێندکارە هەژارانە، کە لە ترسی هەڕەشەو گوڕەشەی بابیان روویان لە قوتابخانە کردبوو.. منیش تاقە کارێك کە لە دەستم هاتبێ و کردبێتم.. هەمووم خستبوونە ژێر ڕەحمەتی کوتەکی ڕاستەی دەستم.. هەر بۆ ئەوەی.. بەلانی کەمەوە ئەم چامە شیعرییە لەبەر بکەن:



هەنووکە ئەوەی کە تەماشای دەکەی
هۆ فابیۆ.. ئەی ئازار،
هەر کێڵگەی تەنیاییە
بستۆ وکەلاتی گۆشەیەکەو
لەزەمەنی ئیتالیکای ناودارە
لە پیریمدابووبە ڕێکەوتزانیم..خوێندکاران ناتۆرەی ( مامۆستای سەنگەرو کەلاتی قوژبن)یان لە پاشەملێ بەسەرمدا سەپاندووە. ئەمیش لەدەستکەوتەکانی ژیان بوو بۆ من ئێتر.هیچ کارێکم نەکرد، بۆ ئەوەی شتی زێتری لێ هەڵکڕێنم، من هەمیشە لەنێوان وچانی دەرسەکاندا.. بەتەنیا نانم دەخوارد. لەسەعاتی شەشی ئێوارەدا.. دەچوومە نووسینگەی ڕۆژنامەکە.. بۆ ئەوەی لە کەنالی ئاسمانیەوە هەواڵم دەست کەوێ، لە سەعات یانزەی شەودا کاتێ کاری (چاپ)مان ڕادەگرت.. ئێتر ژیانی ڕاستەقینەم دەستی پێکرد.
لە هەفتەیەکدا دوو یان سێ جار لە گەڕەکی ( چینی)یەکان دەنووستم.. بە یاوەری کۆمەڵێ هاوڕێی هەمەچەشنەو هەمەجۆر..تەنانەت دووجار نازناوی..(بسێنی گشتی)م پێدرا. دوای کاتی شێوان.. شەوان لە قاوەخانەی ڕۆمای نزیك جا پەنایەکی گەمەگام هەڵدەبژارد.. هەمیشە دزە پێ لە دەرگای پشتەوە دەچوومە ژوورەوە. ئەم کردەوەیەشم بۆ هەوەس و خۆشی دەکرد.. تاکو وای لێهات ئەم ئاکارەش بوە پاژێکی

پیشەی بەردەوامی من. بە بۆنەی زمان لووسی گەورە سیاسەتمەدارەکان، ئەوانەی لە ژووانە شەویٚ باوشی مەعشوقە وەختی‌یەکانیان دا نهێنیەکانی دام و دەزگای دەوڵەتیان بۆ باس دەکردن.. بە بێئەوەی درك بەوە بکەن کە رای گشتی خەڵکەکە لەو دیوی دیوارە کارتۆنیەکانەوە گوێان لە قسەو دەنگیانە.

لەم رێگایەوە.. گەیشتمە ئەو راستیە.. ئەوان وای بۆ دەچوون، مانەوەی من بەرەبەنی و بە بیٚ ژن و ماڵ هەر لەبەر ئەوەیە، کەمن خەریکی ئاکاری منداڵبازی شەوانم لەگەڵ ئەو منداڵە هەتیوانەی کە لە شەقامی ( دی کریمن ) دەنوون. خۆشبەختانە.. ئەم شتەم لەبیرکرد، سەرەرای هەندیٚ هۆکاری باشی تر.کۆمەڵیٚ رەوتاری باشم هەبوون و.. گشت دەمیٚ باسی لیٚوە دەکرا. من هەرگیز هاوڕێی نزیك و گیانی بە گیانیم نەبووە. ئەو هاوڕیٚ کەمانەی کە توانیبێتیان لە منەوە نزیکبن.. ئەوڕۆکە دوورن و لە ( نیوٚیۆرك ) دەژین.ئەمیش ئەوە دەگەیەنیٚ، یانی ئەوان مردوون. چونکە ئەو شوێنە لە مێشکی منا تەنیا هەر رووحە خەمبارەکان بۆی دەچنو.. تاوەکوراستی ژیانی رابردوویان نەزانن. لەو دەمەیڕا خانەنشینی کرام.. ئێدی کاری کەمم بە دەستەوە ما خۆمی پێوەخەریك بکەم ... تەنیا ئەوە نەبیٚ، ئێوارەی رۆژانی هەینی کاغز و نووسراوەکانی خۆم دەبرد بۆ رۆژنامەکە، یاخود هەندیٚ کاری دیکەی گرنگ وەکو ئامادەبوونم لەو ئاهەنگە مۆسیقانەی کە لە هۆڵی هونەرە جوانەکان ساز دەدرا،..یان لە پێشەنگای



وێنە کێشان و یان سەنتەری هونەرمەندان، کە خودی خۆم ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری بووم، یا ن جارو بار، لە کۆمەڵەی چاکسازی گشتی وانەی شارستانیم دەووتەوە، یاخود رووداوی گەورەو گرنگی وەك(( وەرزی فابریکاس ))م لە شانۆ. بیرمە لەسەرو بەندی گەنجیمدابوو دەچوومە سینەمای هاوینەیی والآو کە سەریان نەگیرابوو، بۆیە لە پڕێکا مانگ گیرانمان دەبینی، یاخود بەهۆی بارانێکی کت و پڕەوە.. تووشی نەخۆشیەکانی سەرماو سۆڵە دەبووین. من ئەوەندە بایەخم بە فلیمە سینەماییەکان نەدەدا، ئەوەندەی پەرۆشی ئەو چۆڵەکە شەوانییانەبووم، کە بە بەهای پسوولەیەکی چوونە سینەمایەکی تیٚ نەدەچوو، تێریشت رادەبوارد. گەلیٚ جاریش بەرانبەر یان بە قەرز خۆیان دەهاویشتە باوشتەوە. وێڕای ئەمەش، لەم ژیانە، پەرەوازەییەدا هێند مەیل و پەرۆشی سینەما نەبووم، بەلآم، حەزلێکردنێکی سۆزانیم هەمیشە بۆ پێکی خواردنەوە هەبوو.

ئەو سەفەرە کەمانەی، کە بەدرێژایی تەمەنم هاتوونەتە پێش، تەنیا چوار سەفەربوون، چووم بۆ بەشداری کردنی پێشبڕکێی شیعری کەلە( کارتاخینا دی ئەندیاس ) سازکرابوو. بیرمە ئەو دەمە تەمەنم هێشتا نەگەیشتبوە سی ساڵی. سەفەرێکی دیم، لە شەوێکی چڵکنی نامۆدابوو، بەسواری کەشتیەکی کە بە ماشێن کاری دەکرد، لەسەر خواست و بانگهێشتی( سکرا مینتۆ

مۆنتێل) کەوتمە ڕێ، بۆ هاوبەشی لە کردنەوەی گەمەگای ڕابواردنی سۆزانیەکان..لە بەندەری شاری( سانتا مارتا ).

وەڵێ..دەربارەی ژیان و گوزەرانی نێو ماڵیم.. کە بەسرووشت کەم خۆریش بووم، ژینێکی بێ تەوفیرم ڕادەبوارد، ئەودەمەش ( دامیانا ) پەکی کەوت، ئێدی پێی نەدەکرا وەکو جاران خۆراکی ڕۆژانەم لەماڵ بۆ سازبدات، ئێتر تاکە خۆراك و ژەمەکانم بەردەوام و، پاش داخستنی ڕۆژنامەکەمان، بریتی بوو لەچەند سەلکە پەتاتەیەکی کوڵاو لە قاوەخانەکەی ( ڕۆما )دا.

ئا بەم جۆرە شەوی تەواوکردنی ساڵی نەوەتی تەمەنم.. ئێدی تەنێ و بێ خۆراك بووم. بە هاسانی نەمدەتوانی بە ووردی شت بخوێنمەوە، چاوەنواڕی هەواڵەکانی ( ڕووسا کابارکاس )م دەکرد. لە گەرمای سەعاتی دووی پاش نیوەڕۆژان، سیسەرکەکان گیزەیان دەهات. دەمێکی خۆر لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەم دەسووڕایەوە، ناچاری دەکردم جۆلانەی خەوتنەکەم چەند جارێك بگۆڕم. بیرم دەکردەوەو دەمووت.. ڕەنگە ڕۆژی یادەوەری لەدایکبوونم، گەرمترین ڕۆژێك بووبێت لە نیو ساڵەکاندا. تەواو ڕاهاتبووم بەرگەی ئەو گەرمایە بگرم. وەڵێ ڕەوتارم ئەو ڕۆژە ناوازەبوو، لەوەزێتر نەمدەتوانی بەرگەی گەرمییەکە بگرم، بۆیە دەمژمێری چواری سەر لەئێوارێ هەوڵم دا بە گوێگرتنی موزیکی شەش پاژەکەی ( تشیلوی )(جان



سبستیان باخ ) لەدوا ڕنووسی نۆتەی( دۆن بابلۆ کاسالس ) خۆم هیدی و هێوربکەمەوە.

من هەموو حیکمەتەکانی جوانی مۆسیقام لەو پارچەیە دەبیست، بەڵام لەبری ئەوەی هێور ببمەوە، پێی وەکو جاری جاران...،کەچی ئەوڕۆ دژێوترین باری ناهەمواری پێبەخشیم.

لەگەڵ بەشی( سۆناتەی دووەم )دا دیم و ووردە ووردە باوێشکی خاوم دێتێ. هەستم بەدەروون تەنگی و تەوەزەلی دەکرد، ئێدی خەونم دەدی، لە خەونەکانمدا مۆزیك و ئاوازی ( تشیلۆ ) لەگەڵ ئاوازەی گەشتییەکی خەماوی تێکەڵ دەبوو.

لە پڕێکا زەنگی تەلەفۆنەکە وەئاگای هێنامەوە،دەنگە ژەنگاویەکەی( ڕووسا کابارکاس )بوو ژیانی بۆ گەڕاندمەوە.

– بەختێکی شیتانەت هەیە.. دانەیەکی باشم بۆت بینیوەتەوە. وەڵێ گرفتێکمان هەیە، ئەو تەمەنی لە چواردەساڵانی تێنا پەڕێت..!

منیش بە گاڵتە جاڕیەوە پێم ووت:

– گرنگ نیە.. ئامادەم دەرپێکەشی پاك کەمەوەو بیگۆڕم

– کارەکە هێند پەیوەندی بە تۆوە نیە، بەڵام کێ قەرەبووی سێ ساڵی حەپسی من دەکاتەوە..؟

بێگومان کەسێك نیە ئەو کارەت بۆ بکا.. لەو بەلایەت دووربخا.. خودی خۆشت ئەمەت پێ ناکرێ..

ئەو پارەو پولێکی لەم کچۆڵە سۆزانییانە، کە جەستەی خۆیان دەفرۆشت لە تیترۆخانەکەی ئەودا، وەدەست دەهێنا، ئەوان هەر لە ژێر دەستی ئەودا رادەهێنران و دەگوشران، تاوەکو دەگەیشتنە ناچێزەترین و خرابترین باری ژیان.. ئێدی فێری پیشەکە دەبوون، هەر لەو کۆڕە ناشایستاو سۆزانیانەی شاری (ئۆفیمای ) مێژوویی قوولە رەشەکان. ئەو هەرگیز هیچ باجێکی نەدەدا،چونکە ماڵەکەی جێ و شوێن و ژووانی خاوەن دەسەڵاتەکانی شاربوون، لە پارێزگارەوە..تاوەکو چوکترین فەرمانبەری پارێزگاکە.

هەر بۆیە.. جێی گومان نەبوو، پێم دەزانی کە ( رووسا کابارکاس ) لە سزای دەستی یاساوە دوورە. سەرپێچییەکانی.. بە هەوەس و شەهوەتی خۆی دەکرد..، ڤێجا ئەم دڵەراوکێیەش لەو ساتەدا کە قسەی لەگەڵ کردم، تەنیا لە پێناوی دەسکەوتی پارەو پوولێکی زێدەتر بوو. نرخی ئەم کارەش بالاّتر دەبوولە بەرانبەر توندی سزاکان. جا بۆیە ئەم گێژەن و گرفتەمان بە زێەکردنی یەك دوو (بیزە) هاتە هاموار و چارەسەرکردن. رێککەوتین.. لەدەم ژمێر دەی شەودا لەماڵەکەی ئەودا ئامادە بم، پێنج (بێزە)ش بە رێکی و پێشەکی وێ بدەم. دەبوو یەك خولەك لەکاتەکە پاش و پێش نەکەوم، چونکە ئەو کچە چکۆڵەیە...،هێندێ کاری ماڵەوەی هەبوو، خۆراکی بۆ برا بچوکەکانی ئامادەدەکرد و دەیخەواندن. دایکە پەککەوتەکەیشی،



کە بە نەخۆشی ئێسك دەگلایەوە، یارمەتی دەداو، وەخەوی دەخست.

هێشتا چوار دەمژمێر بۆ کاتی کارەکەم مابوو، دەبوو هەرچۆنێك بێ بیگوزەرێنم. لەو دەمەشدا هەستم دەکرد سەرو دڵم داگیراوە.. تەنگە نەفەسی کردووم بووم سنگم ترپەی دەهات. ئاخرەکەی هەوڵێکی زۆرم دا بۆ وەرێ خستنی گێچەڵی کاتەکە. خۆم بە جلك گۆرینەوە خەریك کرد، تەواو خۆم تەیار دا، لە راستیدا شتێکی تازە نەبوو، تەنانەت( دامیانا )ش من جلکەکاننیم بە گوێرەی پێ و رەسمی جەنابی ( مەتران ) لەبەر دەکەم. روومەتی خۆم بە گوێزان برینداركرد. خۆ دەبوو کەمێك دان بەخۆمدا بگرم، تاوەکو ئاوی نێوگەرماوەکە کە خۆرهەتاو زۆر گەرمی کردبوو، سارد و گەرمی بکەم و لە نێو ئاو پڕێنەکەدا، جا بەتاوێکی چووك بۆ ووشك کردنەوەی جەستەم بە خاولییەك، ئەوە جارێکی ئارەقەی پێدەکردمەوە. پاشان ئەو جلکانەم لەبەرکرد.. کە لەگەڵمەراسیمی سەرکێش، ئەو شەوەمدا بگونجێ.

چاکەتێکی سپی و کەتانی وێڕای کراسێکی خەت خەتی شین ئامێز..کە یەخەی قیت و رەقبوو، ملەوانێکی ئاورێشمی چینی، جووتێ پێڵاوی سپی کاری گەنجانە، سەعاتێکی بەرباخەڵی زێڕینیش.. کە بە زریزەیەکەوە بەندبوو، پاشان خواری دەرلنگی پانتڕوونەکە.. هەندێ بۆ ناوەوە نووشتانەوە. بۆ ئەوەی بەدیار نەکەوێ، بستێك یان دووان کورت بوومەتەوە.

وا لەمن دەگێڕنەوە گوایە ڕەزیل و قرچۆکم، چونکە کەس بەخەیاڵیدا نایە مرۆ هێندەی من هەژارو دەست کورت بیّ، من ئەو جێیە شوێنمە کە لێی دادەنیشم، لەراستیدا.. رابواردنی شەوێکی سۆزانی وەکو ئەو شەوە پاشەکەوتی پارەو زۆری دەیوویست.. بۆیە لەو پاشەکەوتەی کەلە ژێر پێخەفەکەمدا شاردبوومەوە، دەرم هێنا، دوو( بیزۆ )م بۆ کرێگرتنی ژوورێك دا، چوار ( بیزۆ )شم بەو ئافرەتەی کە خاوەن ماڵەکە بوو، سێی دیکەشم دانا بۆ کیژەکە، پێنج (بیزۆ )شم وەلاخست بۆ خۆراك و خەرجی وردەواڵە. واتە چواردە (بیزۆ).. کە ڕۆژنامەکە لەماوەی مانگێکدا بۆیان سەرف کردبووم، لە گیرفانێکی شاراوەی پشتووێنەکەما قایمم کرد، بە بۆنی گوڵە (فلۆریدا ) خۆمم بۆنخۆش کرد، ئەو شووشە بۆنەم لە کۆمپانیای( لانمان ئەند کیمب بارکلی ئەند )دروست کرابوو.لەگەڵ لێدانی زەنگی سەعاتی هەشتی شەو، هەستم بەچڕنووکی ترس کرد،وەدەرکەوتم، بە پەیژە تاریکەکەدا هاتمە خواریێو ڕێم گرتە بەر. ئەوکات لەترسا..ئارەقەیەکی چڕم کردبوو، رووحم لە یادەوەری ساڵانە شەوی رووناکی کرد.

دونیای کەژو هەوا وورده ووردە ساردی دەکرد، کۆمەڵێ خەڵکم دیت، لەسەر شەقامی( کۆڵمبۆس ) . لەنێوان ریزێ ترومبێلی کرێ وویستابوون، بەدەنگێکی بەرز.. مشت و مڕیان بوو، دەربارەی یاریەکی تۆپی پێ. دیتم تیپی مۆسیقا.. کە



ئامێرەکانیان لەمس درووست کرابوو، لەژێر سوورە چنارەکان.. مارش و ئاوازێکی خاویان دەژەنی.لە پڕ.. یەکێك لەو ئافرەتە سۆزانیە داماوانەی، کە هەمیشە لەسەرە ڕێی شەقامی نووسەرە گشتیەکان، راوە مرۆی بسێنە لیّ کەوتووەکانیان دەکرد، داوای جگەرەیەکی لێکردم، منیش وەکو جاران ووتم:

– سێ و سێ ساڵو دوو مانگ و حەڤدە ڕۆژە وازم لە جگەرەکێشان هێناوە.

دەمێك بە پێشی تەلگا زێرینەکاندا تێپەڕیم، شووشەی کۆگاکانیان رووناك کردبوەوە، خۆم بەو شێوەیە نەدیت، وەك هەستم پیّ دەکرد.. لەجاران زۆرتر پیربووم و جلەکانی بەریشم ناجۆربوون.

کەم وەختێ پێش سەعات دە.. سواری ترومبێلێك بووم، داوام لە شۆفێرەکە کرد، بەرەو گۆڕستان بمبا، دا هەستم پێنەکات کێوە دەچم. لە ئاوێنەکەوە تەماشایەکی کردم و ووتی:

– کاکی زانا.. شتم لیّ مەشارەوە، چەواشەم مەکە، تکا لەخوا دەکەم هێزو توانای تۆم پیّ ببەخشیّ.

پێکرا لە ترومبێلەکە و لە بەرانبەر گۆڕستانەکە هاتینە خواریّ، چونکە پارەو پوولی هوردمان نەبوو، دەبوو لەقەبرگەیەکا، کە دوکانێکی پەرپووتبوو، هوردی بکەینەوە، لەو شوێنەدا..سەرخۆشەکلنی بەیانی تاریك و روون بەسەر

مردوەکانیان شینیان دەکرد، دەمێ پارەکەم دایێ، کاکی شۆفێر بەجدی پێی ووتم:

– ئاگات لێ بێت.. ماڵی( رووسا کابارکاس )بەخەیاڵیش وەکو جاران نەماوە..!!

منیش هەر ئەوەندەم بە زارا هات، شوکرانە بێژی بکەم و خەڵك ئاسا باوەڕی پێبکەم، چونکە دەزانم، چ سرێك لەژێر دەواری ئەم ئاسمانە شینەدا لە شۆفێری تەکسیەکانی شەقامی( کۆڵمبۆس ) شاراوە نیە. رووەو گەڕەکی هەژارەکان پێم هەڵگرت و زێتر چوومە ژوورەوە. بینیم بە هەمان گەڕەکەکانی زەمەنی پێشوو ناچن، شەقامە پان و پۆڕەکان بە لمی داخکراو پۆشراون، ماڵەکان..دەرگاکانێان لەسەر گازی پشت وازە، دیوارەکان.. بەدارو تەختەی ناڕێك بونیات نراون، بنمیچەکان.. بەلك و پۆی تاڵ گیراون، حەوشەو هەیوانەکان.. چەو رێژکراون، خەڵکەکەش ئارامی لەدەست داوە. لەزۆربەی ماڵاندا، ئاهەنگی هەینییان سازدەدا، ئاوازەیان لەسەرو کەللە و ورگی مرۆدا دەنگی دەدایەوە، هەموو کەسێك بە پەنجا( سنتافۆ )دەیتوانی خۆی لە نێوەندی ماڵەوە بکوتێ و ئەو سازو ئاهەنگانە ببینێ، کە ئارەزووی لێیەتی، یان دەتوانێ بە خۆڕایی لەسەر شۆستەکانا خۆ بادات و هەڵپەڕێ.

رێم دەکردو بە پەرۆشەوە حەزم لێبوو زەوینەکە لەنێو ئەو فیزو کەشخەییەمدا قووتم بدا، بەڵام چ کەسێك ئاوڕی لێ نەدامەوە،



تەنیا ئەو مرۆ وریاو لاوازە نەبێت کە لەبەر دەرگای ماڵێکی ئاپورە نیشتبوو، بە گشت دڵێکەوە هاواری لێم کردو ووتی:

– خوات لەگەڵ دوکتۆر.. بە ئومێدم بەختێکی باشت هەبێ..!!

منیش چم پێنەکرا، بێجگە لەوەی بە ئیشارەتی دەستی سوپاسی بکەم.دەبوو سێ جاران راوەستم و وچانێك بە خۆم بدەم، تاوەکو هەناسەیەك پڕ بە سیەکانم هەڵمژم، بەر لەوەی بگەمە دوا پێچەکە.. لەوێوە مانگە شەوە زەبەلاح و رەنگ مسیەکەم بەدیکرد، کە لەنێو ئاسۆکەدا دەدرەوشایەوە. هەستم بەژانێکی کت و پڕ کرد لەنێو ریخۆڵەکانمدا،ترسێکی بێشومار دایگرتم، نەبا شتێکم لێ رووبدا. وەلێ دیاربوو بە هاسانی تێپەڕی. لە کۆتایی شەقامەکە، لەو شوێنەی کە گەڕەکەکە دەبێ بە دارستان و چەمێکی بەپیت، خۆم گەیاندە تیاترۆخانەکەی ( رووسا کابارکاس )وەکو جاران نەمابوو، گۆڕای بەسەردا هاتبوو، پێشان قوێدەکان بە نهێنی کاریان دەکرد، وەلێ ئەوڕۆکە دەنگۆ گۆی بەربلاوە.

بەتەمابووین ئەو ئافرەتە کەڵەگەتە بەسەر دەستەی ئاورکوژێنەوە هەڵبژێرین. ئێدی نازانم ئەم کارەمان لەبەر چی کرد،داخۆ لەبەر جەستە زل و زەبەلاحەکەی، یان لەبەر ئەوەی کە هێشتا پێی دەکرێ ئاوری ئارەزووی پیاوانی شار وەکوژێنێتەوە. بەڵام دیاربوو تەنیایی جەستەی کورت و گرژکردبوەوە، پێستەکەشی خاوو لۆچ کردبوو، دەنگی بەشێوەیەکی زیقنی تێکەوتبوو، هەر

دەتووت منالێکی پیرە.. تەنها دانەکانی بە ووردی مابوونەوە، بەڵام تاقە دانێکی بۆ جوانی بە بەرگی زێڕ کردبوو. لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردبوو، ڕەشپۆش بوو، پەنجا ساڵی ژن و مێردایەتی لەگەڵ پیاوەکەی بردبووە سەر.

جا بۆ زێدەیی ماتەمی خۆی کلاوێکی ڕەشی لەسەر بوو، بەبۆنەی کۆچی دوایی کوڕە تاقانەکەی.. کە بەردەوام لە کارە قیزەوەنەکانیدا یارمەتی دەدا، شتێکی لەجەستەدا بەزیندوویی نەمابووەوە، جگە لە جووتە چاوە روون و تیژەکەی. ئێدی زانیم هەرگیز سرووشت و رفتاری نەگۆڕاوە.

لەگەمەگاکەدا، گڵۆپێکی چڵکن و کەم شەوق لەبنمیچەکەوە.. شۆڕببووەوە خوارێ، لەنێو ڕەفەکانیدا.. شتێکی نەبوو بۆ فرۆشتن، تەنانەت.. گەلێ جار بۆ پڕوپاگەندەی بازرگانیش سوودی نەبوو، هەموو ئەمەیان دەزانی، بەڵام..کەس دانی پێادا نەدەنا. دەمێك لەسەر پەنجەی پێم چوومە ژووری..رووسا کابارکاس..لەگەڵ بسێنەرەکان قسەی دەکرد، لەراستی نەمزانی لەسەرەتادا نەیناسیمەوە، یاخود خۆی لێگێلکردبووم، لەمەڕ پاراستنی مەراسیمی هات و چۆ کەرانی. لەسەر کورسیەکی چاوەنۆڕی پشودان نیشتم، بەنیازی ئەوەی لەقسەکانی بێتەوە. هەوڵمدا لەمێشکماشتەکان وەکو جاری جاران.. لێبکەمەوە. زێتر لەدووکەڕەت.. دەمێکی پێکەوە دەبووین، ترسی شکۆداریەکەی دەشکاندم. پێدەچوو هەنووکە بیرو هزری منی خوێندبێتەوە،



بۆیە رووی تێکردم و بە جیدی سەرنجی دام،وەك بڵێی درکی بە ترسناکی کردبێ. دواتر هەناسەیەکی هەڵکێشا.. هەناسەیەکی خەمبار

-(( زەمانە کاری تیێ نەکردووی..!)).

منیش وویستم بیدوێنم

-(( بەڵام تۆ زۆر گۆڕاوی..!))

-(( هەڵبەتە بەرەو باشتر..))

ئەو هەڵیداو ووتی:

- بەجیدی تەنانەت ئەو ئەسپە رووخسارە مردووەی لێت نیشتوە.. پێدەچێ بە ژیان هاتبێتەوە.

بۆ نەقیزەدانی ووتم:ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ ئلخورەکەم گۆڕیبێ.

کۆیلەیەکی: سەوڵ لێدەرت هەبوو، داخۆ ئێستا چۆنە..؟

وێجا بە زیرەکی خۆم لەپرسیارەکەی دزیەوە

- تاقە شتێکی بیزانم هەنووکە رۆژگارەکە جیاوازە، لەو دەمەی یەکمان نەدیوە، هەندێ جار هەست بەسووتانی کۆمم دەکەم.

بەلەز لەنیازم گەیشت.

-بەهۆی بەکار نەهێنانیەوە

لە وەڵامدا ووتم:

- بۆ مەبەستێکی تر بەکاری ناهێنم، تەنیا بۆ ئەوە نەبێ، کە خوا بۆی درووست کردووم. وەڵێ زەمان گەلێکە درك بە سووتانی

دەکەم، بەردەوام لەو شەوانەی کە مانگ خڕەو لە شەوی چواردەدایە.

روسا کابارکاس، لە چاوی مێزەکەی دەگەڕا، کە بە چەکمەجەی بەرگ دروو دەچوو. قوتویەکی مەڵحەمی سەوزی دەرهێناو کردیەوە، بۆنی مەڵحەمی رووەکی پژمینی لێدەهات.

– بە کچۆڵەکە بڵێ.. با بە پەنجەی کەمێك کۆمتی پێ چەور بکات، بێشەرم بە نیویدا بیسوڕێنێ.

– شوکرانە بێژی خوادەکەم، کە هێشتا پێم دەکرێ، بە رێکی بە ئەرکەکانی خۆم هەستم. دەواو دەرمانی جادو بازە میللییەکانم ناوێ.

بە گاڵتەجاڕییەوە ووتی:

– ئۆه زانای بەڕێز.. داوای لێبوردنت لێدەکەم. ئازیزەکەم ئاگاداربە کچۆڵەکە لە دەمژمێری (دە) چاوەڕوانت دەکات. گەڵێ ناسك و جوان و خاوێنە، رەوشت و پەروەردەی باشە، بەڵام دەترسێ، نەك زارە تەرەك بێت. ئەو هاوڕێیەکی لەگەڵ کابرایەکی کۆڵ هەڵگری کەشتییەکان لە ( غایرە ) رەدووکەوتووە، چونکە لەنێو دووسەعاتدا تووشی خوێن بەربوون بووە. ڤێجا ووتی:

– کارەکە ئاشکرایە، چونکە پیاوانی (غایرە) بەنێوبانگن، تەنانەت (هێستر )یش بەرگەیان ناگرن..!!

گەڕایەوە سەری دەزووی قسەکانی خۆی گرتەوەو ووتی:



– ئەم کیژە هەرزەیە گەڵێ هەژارە، سەرباری هەموو شتێك دەوێ بەدرێژایی رۆژگار کاربکات و لە کارخانەیەکدا ( دوگمە ) بە جلکەکانەوە بدوورێ.

– وەك بزانم ( دوگمە ) قایم کردن، کارێکی قورس نیە..؟

– پێاوان وابیردەکەنەوە، بەڵام لەکاری بەرد شکێنی گرانترو سەختترە.

دواتر پێی ووتم:

– مەی و شەرابی (برمورو فالیریانا )م بەگەروودا کردوە، ئێستا نووستوە.

لەبیری خۆمدا ووتم:

–(( رەنگە ئەمیشیان گێچەڵێکی تر بێ، بۆ زێدەکردنی بڕی پارەکەی.. بەڵام نا، ئەو ووتی قسەکانم لە زێڕن و لەسەر بنەمایەکی درووست، هەر کارەی بەجیا نرخێکی خۆی هەیە، بە پارەو پوولی خاوێن.. بەو شێوە پێشەکی دەدرێ.

دووی کەوتم، بەزەیم بە ژەکاوی رەنگ و بۆی دەهاتەوە. پێیەکانی ئاوسابوون، جووتێ گوارەی پزیشکی بەلاقەکانی‌دا هەڵکێشابوو، ئەودەمەش مانگەشەو خڕو گەش و لە چەقی ئاسمان را نزیك ببووەوە، دەتووت دونیا لە نیو دەریایەکی سۆزدا نغرۆبوە. لە نزیك مەیخانەکەدا سەقیفەیەك لە لق و پۆی دارخورما دروست کرابوو، بۆ ئاهەنگە گشتییەکان، کۆمەڵێ کورسی لە پێست درووست کراو و بێ دەسك لێی دانرابوو، جگە

لە چەند جۆلانەیەکی نووستن.. کە بە ستوونەکانەوە هەڵواسرابوون، لە حەوشەی پشتەوە.. هەر بەخۆی چڕە دارستانێکی مێوەی بە پیت بوو. پاشان هەیوانێك و شەش ژووری نووستن دەهاتە پێش بەخشتی گڵی سوور و بیٚ گەچ دروست کرابوون. پەنجەرەکانی لە مەڕ بەرگری لە مێش و مەگەز و مێشولە، بە تەلی ووردی هێڵەك پۆش کرابوون.

لیٚ تاقە کە گیرابوو ژوورێك.. نیمچە رۆشناییەکی دەدا، ئەو دەمە ( تۆنیا )ی قولە رەش لە رادیۆوە گۆرانی ناجۆری عەشقی دەچڕی، رووسا کابارکاس هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و یەکسەر رووی تێکردم:

– ئاوازەکانی (بولێرو) ژیان بە مرۆڤ دەبەخشیٚ.

ئێمە هەردوو تەبابووین، لەم بۆچوونەدا، بەڵام تاکو ئەمڕۆ هەگیز نەموێراوە ئەم شتە بدرکێنم و بینووسم. پاڵی بە دەرگاکەوە ناو چوە ژوورەوە، خێرا هاتەوە دەریٚ و ووتی:

– هێشتا نووستوە. کارێکی باش دەکەیت ئەگەر لێی بگەڕێی پشویەکی تەواو بدات، تاوەکو ماندوێتی برەوێتەوە، چونکە شەوی تۆ لە شەوی ئەو گەلیٚ بە ئارام و درێژترە.

هەندیٚ سەرسامبووم، پرسیم:

– بە بیری تۆ هەنوکە دەویٚ چی بکەم

– بەحەناتێکەوە کە پێم سەیربوو ووتی: ئێدی دەزانی کارت چۆنە، ئەی تۆ زانا نیت..؟



بێوچان پشتی لێکردم و رۆیشت، بەتەنیاو لەنیو ترسیٚ بە جێی هێشتم. چ چارەیەکی دیکەم نەبوو، بە دڵەراوکیٚ چوومە ژووریٚ.. دیتم ( چکۆڵە ) لە شیرین خەودایە. وەکو یەکەم رۆژی لەدایکبوونی بەرووتی لەسەر سیسەمێکی بەکریٚ لەسەرلا کەوتووەو رووی لە دەرگایە. رووناکیەك لە بەهوەکەوە دەڕژایە سەر رووخساری و هەموو شتێکی رۆشن کردبۆوە، لەکەنار سیسەمەکەوە رۆنیشتم، بەهێمنی تەماشام دەکرد، بە پەرۆشی و بەهەر پێنج هەستەکانمەوە.. لێی ووردبوومەوە. ئەو ئەسمەرێکی خوێن گەرمبوو، دیاربوو هەندیٚ جوانکاری و خاوێن کرابوو، تەنانەت.. تووکەبەریان تراشی بوو، بە پرچێکی نیگرۆوە بینیم، ناخوێنی پەنجەی دەست و پێیەکانی بەڕەنگی سرووشتی بۆیە کرابوون، بەڵام.. جەستەی برۆنزی و تۆخ و بەڕەنگی دۆشاوی رووەکی قەمیشی دەکرد، پێستەی تەرەکی و زبربوون، مەمکەکانی تازە گۆپکەیان دەدا، هەر بەمەمکی منداڵێکی نێر دەشوبها. وەلیٚ بەو هەموو هێزە شەیتانیە شاراوەیە، دەتگووت.. ئێستا و نەختێکی دی دەتەقێتەوە. باشترین شتێك لە جەستەیە.. ئەو دوو پێیە زلەبوون، لەسەر پەنجە درێژەکانی بەهێمنی و بە ئارامی رێی دەکرد، بە ئارەقەیەکی فۆسفۆری سەراپا جەستەی بریقەی دەدا، لەگەڵ ئەوەی پانکەکە دەخولایەوە، وەلیٚ.. گەرمی ژوورەکەت پیٚ نەدەگوازرا، ئێدی وورده وورده بە لەگەڵ شەوی ئەنگوستەچاو زێدەتر دەبوو. لەم

وەزع و سەروبەندە.. بەهاسانی درکت بەرەنگ و رووخساری
راستەقینەی نەدەکرد، زۆر مەحاڵبوو رووخسارێ کە بە ئاردی
برنجی کوتراو و سپی سواخ درابێ، وێڕای دوو پەڵەی سووری
سەر گونا..، مژۆڵی دەستکرد و برۆ و پێڵوی رەشی چاوەکانی،
هەموو هەر دەتگووت کونی کورەی دوکەڵی رەشە، لێوەکانی
قەبەو ئەستوربوون، سەد سوێندت دەخوارد.. دەتگووت بە
بۆیەی (چکلێت) رەنگ کراون، جوان بریقەی دەهاتێ، وەلێ
نەکارو نەبۆیەکان شێوەو رووخساری ئەویان نەشاردبووەوە،
کەپویەکی زل و دوو برۆی چڕو پەیوەست و لێوی پڕو
هەڵمساوی هەبوون، بە مانگایەکی وودیلەی زورانبازی دەکرد.
کاتژمێر یانزەبوو.. خۆم هاویشتە ژووری گەرماوەکە، تاوەکو
منیش کارە ئاساییەکانی خۆم ئەنجام بدەم، دیتم جلکەکانی وەك
کچە هەژارێك.. بە قەدکراوی بەڕێکی لەسەر کورسیەك دانراون.
کراسێکی بە نیگاری پەروانە نەخشابوو، رەنگی شەواڵە
کورتەکەی زەرد ئامێزو جوتێ پێڵاویش لە سەر زەوینی
گەرماوەکە فڕێ درابوو، چەند بازنێ هەرزان بەهاو..
ملوانکەیەکی باریك و وێڕای مێدالیایەکی چکۆڵەی رازاوە،
بەوێنەی (مەریەم)ی لەسەر جلکەکانی رۆکرابوون. لەسەر رەفی
دەست شۆرەکەیش.. جانتایەکی بچووکی دەستی و لەگەڵ
قەڵەمێکی نەخشی لێو و قوتوویەکی ماکیاژی ئارایشت و
کلیلێکم بینی،.. جگە لە پارەو پوولی کەم، ئەم شمەکانە هەموو لە



زۆر بەکارهێنانیان، لە کەڵك کەوتبوون، تا ئەو رادەیەی کە
هەستت دەکرد رەنگە لەم هەژارتر نەبێ.
جلەکانم فڕێ دا، هەموو پارچەکانیم بەڕێکی لەنیو دۆڵابێ دانا..
تا ئاوڕێشمی کراسەکەم نەشێوێ و دەق و ئوتووی جلە
کەتانیەکانیشم لۆچ نەبێت. خۆم لە ئاودەستەکەدا خاڵی
کردەوە، دانیشتم.. هەر وەکو (فلۆرینا دی دیوس) کە لە
منالییەوە فێری کردبووم، بۆ ئەوەی کەناری دەم ئاودەسەکە
نەلەوتێنم، ئەوکات کە میزم دەکرد، هەر وەکو جوانویەك بە
شەپۆلان و بە دەوام قژەی دەهاتێ، ئەوجا بەر لەوەی بێمە دەرێ،
تەماشای ئاوێنەی دەستشۆرەکەم دەکرد، ئەو هەسپەی کە لەلاوە
چاوی تێبڕیبووم، نەمردبوو. بە پێچەوانەوە کپ و خەمۆکی
ماتبوو، گۆشتی ژێر چەنەی شۆڕببووەوە، بە هی ((پاپا))ی
دەکرد. پێڵوی چاوەکانی ئاوسابوون، پەرچەمی بەلادا هاتبووە
خوار، پێمووت:
– پیسایی.. چیم لەدەست دێ، ئەگەر تۆ خۆشت ناوێم..!
بۆ ئەوەی بە ئاگای نەهێنم، بێدەنگ بەرووتی لەسەر کەناری
سیسەمەکەوە نیشتم، بە نیگایەکی گەرم گەرم کە تیشکی
سووری دەبڕی، بست بە بست تەماشام کرد، پەنجەکانم
بەگەردنی تەڕی داخزان بەرەو خوار، هەموو جەستەی لەناوەوە
شەپۆڵ و مووچڕکەی دەدا،.. وەکو تەل و ژێی تەمبورو سازێك،
بە نووزەیەکەوە بەرەو رووم وەرچەرخا، هەناسە ترش و تاڵی

بەگیانمدا پژا، بەدوو پەنجە کونە کەپووم گرت.. راچەنی، سەری سوڕاو پشتی دامیٚ، وەلیٚ بەئاگا نەهاتبووەوە. هەوڵمدا، بەدوو زرانیم هەردوو لاق و پوزی لێك دووربخەمەوە، بەڵام بواری نەدام، دووجاران رانەکانی لێك توندکردەوە. بەستەیەکم بە هێواشی بەگوێیدا چرپاند:

– سیسەمەکەی دیلگادینا بە فریشتە دەورە دراون.

کەمێك خۆی شل کرد، تەزوویەکی گەرم بە دەمارەکانمدا گەڕا، ئێدی گیانلەبەرە پەڕۆین و خانەنشینەکەم لەخەوی درێژی ساڵانەی بەئاگا هاتەوەو ئەستووربوو.

– دیلگادینا رووحەکەم،..

زۆر لەبەری پاڕامەوە، نوزەیەکی خەماوی بۆ کردم، لەلاقم دوور کەوتوو، دیسانەوە پشتی لێکردم و مارپێچ خۆی لەنیو هێلکە شەیتانۆکەی نا.. ووتم رەنگە خۆم ئاسا شەرابی (فالیریانا) گێژی کردبیٚ، چونکە هێشتا هیچ شتێك رووی نەدابوو، نە لەو نە لە یەکێکی دی.. بەهەر حاڵ گرنگ نییە..

زێتر لە فیکرا چووبووم..((داخوا چ سوودێکی بۆم دەبیٚ، ئەگەر وەئاگاهاتەوە.. خۆ من مرۆیەکی بێتوانا و خەماویم، گەلیٚ ساردم و وەکو کەروێشکێکی چکۆڵەو ترسنۆك..!!)).

ئەو دەمە لە پڕێکا و بە ئاشکرا، گوێم لەزەنگی دووانزەی نیوەشەوبوو.. ئێدی بەیانیی بیست و نۆی مانگی ئاب.. دەست پێدەکات. ئەو رۆژەی (یۆحەنا)ی قەشە تیا کوژرا. یەکیٚ لە



شەقام و لەسەر شۆستەکە بەدەنگی بەرز دەگریا، کەسیش گوێی پیٚ نەدەدا، بۆیە هەندیٚ دوعاو نزام بۆکردو بۆ خۆیشم پاڕامەوە، ئەگەر سوودێکی پێبگات.

شوکرانە بێژی خوام کرد، بۆ ئەو شتانەی کە پێی دابووم(( نا.. کەس خۆی گێل نەکات، لەو راستیەی..کە ئەوەی لەپێش هاتدایە، بەردەوام دەبیٚ و دەمێنێتەوە، لەوەی کەبەسر چووە..)).

چکۆڵەکە لە خەوندا، نوزەیەکی لێوە هات، هەر بۆیە بۆ ئەویش لەخوا پاڕامەوە. هەموو شتیٚ هەر بەم شێوەیە بەڕێوە دەچیٚ و کۆتایی دیٚ. ئێدی دەنگی رادێۆکەم قاچی.. چراکەشم کوژاندەوە.. بۆ ئەوەی بنووم.

بەرەبەیان.. لەخەو رابووم، بیٚ ئەوەی بزانم لەکوێم.. چکۆڵانەکەش هێشتا هەر نووستبوو.. پشتی لەمن بوو، بەشێوەیەك خۆی خڕکردبووەوە، دەتووت..هەنوکە لەسکی دایکیدایە. هەستێکی سەیر بە مێشکمدا هات، وەك بڵێی لەنیو تاریکیەکە هەستابیٚ گویٚ بیستی خوڕەی ئلوی گەرماوەکە بووم، بەڵام.. دەشیٚ ئەمە خەون بیٚ، رووداوەکەم لەلا بەراست دەهاتە بەر چاو..شتێکی نویٚ بوو بەهەرحاڵ.. ئەوەن بایەخم بەجوانی نەدەدا، بوکی شەوانم هەموو بەرێکەوت هەڵدەبژارد، تەنیا بایەخم بە پارەکە دەدا، بە بیٚ دڵ خۆشەویستیمان دەکرد. گەلیٚ جار نیوەی جلکەکانم لەبەردابوو، هەمیشە ئەم کارەمان لەتاریکی ساز

دەدا، بۆ ئەوەی بەخەیاڵ هەر یەکێکمان وێنەو رووخساری یەکدی بکێشێ.

دیارە ئەو شەوە چێژو خۆشیەکی زۆرم هەست پێکرد، کە هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئاوا بەرووتی جەستەی ئافرەتێکی خەوبردوو ببینم، وا بێ شەرم و بێ خێرایی شەهوەت...

پێنجی سەر لەسپێدەبوو، لەخەو بەئاگا هاتم، ئێدی دڵەراوکێ یەخەی پێگرتم. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەوڕۆ یەکشەممەیە.. دەوێت ووتاری رۆژنامەکە ئامادەبکەم، یەکسەر هەڵسام، خۆم بەتاڵ کردەوە، ئەوکات بڵێسەی گەرمی مانگە شەو هورووژمی دەهێنا. وەلێ کە ئاوەکەم بەردا، هەستمکرد بوغزو کینەی رۆژانی بەسەرچووم بە ئاوەڕۆکەدا رۆیشت.

دەمێکی بەئارامی و پۆشتەیی گەڕامەوە ژووری خەوتن، کچۆڵەکە هێشتا لەسەر پشت نووستبوو، دیارە لەگەڵ تیشکی بەیاندا پەیمانی گرتبوو.جار جار لەم کەنار تا ئەو کەناری سیسەمەکە دەخولایەوە، وەلێ هەمیشە دەستەکانی شێوەی ( خاچ ) کرابوونەوە.

ئەو ئێستا بە ئافرەتێک دەکات.. بە کچێنی تەلاق درابێ.

پێموت:

-خوا بتپارێزێ..

ئەو پارەو پوولەی کە پێم مابوون، لەگەڵ پوولەکانی ئەودا هەمووم خستە ژێر سەری.ئێتر بۆ یەکجارەکی بەماچێکی



لەنیوچەوانیەوە خوا حافیزیم لێکرد. ماڵەکە هەروەکو جێگایەکی کۆڕی رابواردن لەگەڵ کازێوەی بەیاندا بە فردۆسێك دەچوو.

لەدەرگاکەی پشتەوە.. کەدەینواڕیە بێستان و سەوزاییەك دەرکەوتم، بۆ ئەوەی کەسێ بەدیم نەکا، لەژێر چزەی بڵێسەی خۆرەتاوەکە.. ئێدی درکم بەقورسایی سالآنی نەوەدی تەمەننی خۆم کرد، چرکە بە چرکەیم دەژمارد. ئەو ساتە شەوانەی کە تۆزقاڵێك لەگەڵ مەرگ جیای دەکردمەوە.

## (٢)

ئەم یادداشتەم هەر لەو شتەکەمانەی کەماون.. دەنووسمەوە، چونکە ئەوڕۆکە لەنامەخانەکەی باوکمدا.. ڕەفەکانیش بەهێمنی و لەسەرخۆ هەنوکە مۆرانەی تێوروژاون، هێندەیان نەماوە داڕووخێن. من بۆ ئەو شول و کارە کەمانەی کەلەژیانمدا ماون.. دەبێ بیکەم، هەر ئەو کتێب و فەرهەنگە جۆراو جۆرانەم پێ بەسە. وێڕای ئەودوو کۆمەڵە کتێبەی ڕۆمانی(( لە قۆناغەکانی نیشتمان))ی نووسەر(( دۆن بینیتۆ بیریس گالدۆس)).. لەگەڵ چیرۆکەکانی (( شاخی سیحراوی)) کەهەمیشە فێری کردم لە گۆڕانی حەزو هەوەسی دایکم تێبگەم، کەبەنەخۆشی دەردەباریکە سەری نایەوە.بە پێچەوانەی جەستەی خۆم و هەموو شمەکەکانی ماڵەوە. تەنیا ئەو مێزەی کە گشت دەمێ لەسەریم دەنووسی، وێڕای بەسەرچوونی وەخت و تەمەنێکی زۆرو زەوەند.. کەهێشتا پتەوو قایم بوو.



شەرافەتی دروستکردنی ئەو مێزەشم، باپیرەی باوکمبووە، هەڵبەتە ئەویش وەستاو دارتاشی کەشتی سازی زیرەکبووە. تەنانەت ئەو ڕۆژانەش کەکاری نووسینم نەدەکرد، گەلێ جاران بەتوندو تیژی‌یەکی کەم تەرخەمانە مێزەکەم ئامادە دەکرد، کەهەمیشە دەبوە هۆکاری لەنێوچوونی کارە عیشقەسازییە زۆرو زەوەندەکانم.

بۆ کار ئاسانیەکانم ئەم کتێب و بەرگە فەرهەنگییانەم هەبوون“ کتێبی(( فەرهەنگی وێنە ئامێزی یەکەم))ی ئەکادیمیای پاشایی چاپی ١٩٠٣،((گەوهەری زمانی قشتاڵی یان ئیسپانی))ی ((سیباستیان دی کۆفارۆ بیاس))و ((ونجو دۆن ئەندریس بیبۆ)).
خۆ ئەگەر شکم لەواتاو دەربڕینی ووشەیەك هەبوایە(( فەرهەنگی ئایدلۆژی))ی (( دۆن خۆلیو کاساریس))م وەکار دەهێنا.جا بۆ زانینی هەندێ ووشەو واژەی ئیتاڵیایی.. هاودژەکانی یان بۆ گەیشتن لەزمانی زگماکی دایکم کەهەر بەمنداڵی فێری ببووم، لەسەر مێزەکەم دانابوو، جگە لە ((فەرهەنگی زمانی لاتینی )) کە بەزمانی لەدایکبوونی خۆمی دەزانم.
ئەگەر بنۆڕیتە چەپی مێزەکە، پێنج دەستە کاغزی قەوارە ئاسایی لەتەك یەك دانراون. بێگومان.. بۆ نووسینی ستوونی گوتاری هەفتانەی..یەکشەممە بەکاریان دێنم، خاسیەتەکانی ئەم کاغزانەم لەهی کاغزی تەنك باشترە، هەروەها پۆدرەی نامە هیشك کردنەوەم لەسەر مێزەکەدا هەبوو.

بەلای راستدا شوشەیەکی مەرەکەبی نووسین لەگەڵ قەڵەمدانێکی کەلەداری(بالیسۆ)ی تەنك درووست کرابوو..لەگەڵ قەڵەمێکی زێڕ. من هێشتا بەدەست دەنووسم، بەخەتیڕۆمانسی،ئەمەش سیفەتی ستایشی تیدا نیە، بەهەر حاڵ ئەم جۆرە نووسینە.. لە ((فلۆرینا دی دیوس )) فێرببووم، بۆ ئەوەی لاسایی نووسینی فەرمی هاوسەرەکەی نەکەم، کە ئەو بنووسی دادوەری بوو، وێڕای ئەوەی ژمێریارێکی سوێندخواردوبوو.هەتا دوا هەناسەی دەمانێك دەبوو لە رۆژنامەکەدا نووسینیان بە ئامێری چاپ هێنابوە ئاراوە و بەسەرماندا دەسەپێنرا، لەمەڕ خەملاندنێکی باشتری قەوارەی دەقەکان، لەسە ریچنووسی حەرفی ((لینوتیب)) رێك بخرێ، بە شێوەیەکی هونەری لاپەڕەکان بهێنێتە دەرهێنان. بەڵام من هەرگیز ئەم رەوتار خەراپەم لا پەسەند نەبوو، بەردەوام بەدەست نووسینەکانم دەکرد، پاشان لەسەر ئامێری چاپ کۆپیم دەکردن.بەشێوەی تەقەی دەنووکی مریشك، وەلێ هێندە گوییان بەمن نەدەدا، لەبەر ئەوەی کۆنترین کارمەندیان بووم. ئەورۆ من خانەنشین کراوم، بەلام هەر نەبەزیوم، بەحەزێکی پیرۆزەوە لەماڵەوە دەنووسم، ئەو دەمانەی خەتی تەلەفۆنەکەم دادەخەم، بۆ ئەوەی کەسێ قەلس و وەرسم نەکات، یان کەسێکی چاودێر لەسەر شانمەوە تەماشام بکات. من نەسەگ و نەپەلەوەرمهەیە، نە کارەکەر، تەنیا ( دامیانا )ی دڵسۆز نەبێت. هەمیشە لەتەنگانەدا ئەو فریام کەووتوە، رزگاری کردووم، بە جۆری کەس



بە خەیاڵیدا نایەت. ئەو بەردەوام هەفتانە سەری لێداوم، کارەکانی بەتەواوی بۆکردووم، تەنانەت هەنوکە چاوەکانی کزبوونەو درکیشی کاڵبوەتەوە.

دایکم کاتێ لەسەر پێخەفی مەرگدابوو، گەلێ دەپاڕایەوە کە هێشتا گەنجم، ژنێکی سپیکەلانە بهێنم، بۆ ئەوەی سێ منداڵم لێ ببێو یەکێکیان کچ بێ، تاوەکو ناوی دایکمی لێ بنێم، چونکە دایکم و داپیرەم و دایکی داپیرەم هەر یەك ناویان هەبووە، منیش حەزم دەکرد، ئاواتەکەی بەدی بێنم، بەلام بیرو باوڕێکی زۆر گونجاوو نەرمم هەبوو دەربارەی گەنجان، هەرگیز هەستم نەدەکرد لەو کارە وەدواکەوتووم. رۆژێکی لای نیوەڕۆیەکی گەرم دەرگاکەم لێ تێکچوو. لەو خانوەی کە (بالۆماریس دی کاسترۆ ) خاوەنیبوو، لەشاری ( برادۆمار )، لەپڕێکا بەرووتی چاوم بەکچە بچووکەکەیان کەوت، نیوی (خیمینا ئۆرتیس )بوو. ئەو بە نیوەڕۆی گەرم لەژوورەکەیدا دەنووست، دیم لەسەرلا پاڵ کەوتبوو، پشتی بەدەرگاکەوەبوو. بەهەڵسوڕانێکی خێرا چاوی پێم کەوت، تەنانەت دەرەفەتی ئەوەشم نەما زوو هەڵبێم، داوای لێبوردنم لێکرد، تا ئەو لێبوردنەشم ووت گیانم گەیشتە کونە کەپووم. ئەو خەندەیەکی نەرمی بۆ کردم، ئاسك ئاسا ئاوڕێکی لێدامەوە، هەموو جەستەی بۆ دەرخستم. پڕاو پڕی ژوورەکە پەرۆشیبوو، هەرچەندیش هێشتا بە تەواوی رووت نەببوو، سەری گوێی بە گوڵێ ژاراوی رازاندبووەوە، پەڕەکانی مەیلەو

**نارنجی دەچوونەوە، وەکو (ئۆلەمبیامانیە ) تاقمێ بازنگی زێڕی لە دەستی راستی کردبوو، ملوانکەیەکی مرواری ووردی بە گەردنا شۆڕببوەوە.**

**هەرگیز بیرم لەوە نەکردبۆوە، رۆژێکی دێت، رووداوێکی ئەوا سەیرم وەپێش دێ. دەبێتە هۆی شڵەژانی ژیانم، بەڵام ئەمڕۆ.. من جەختم لەسەر ئەوە کردووە، لەسەر رێرەوێکی راستم. بۆیە دەرگاکەم بەتوندی داخست، شەرمم لەکەودەنی و گەوجی خۆم کرد. حەزم لێبوو رووداوەکەم لەبیرێ چێ.(خمینا ئۆرتێس).. هانی دەدام لەبیری نەکەم، نامەی زارەکی بەهاوڕێکانی بۆ دەناردم، نامەو کارتی عەشق خوانی بۆ دەنووسیم، هەڕەشەو گوڕەشەی بەگوێ دەدام،هەموو دەمێ سەرقاڵی درۆ و پڕوپاگەندەبوو، لەگشت جێیەك دەیووت:**

**– خۆشەوویستی یەکین و شەیدای یەکین، یەکدیمان گەڵێ خۆش دەوێت. بێئەوەی تاقە ووشەیەك لەرووی یەك هەڵێین.**

**منیش پیم نەدەکرا بەرگری لەخۆم بکەم. ئەو خاوەن دووچاوی پشیلەیی تیژو بەگڕبوو، پرچێکی چڕو ئاڵتوونی هەبوو. لەشی نەرمی بە پۆشتەیی و بەرووتی پڕ شەهوەت و پڕ ئامێزبوو.. گیانی دەورووژاند، شۆخ و شەنگی ئەو زۆرجاران لەسەر سەرینی شەوانە دەیگریاندم. لەفکرا چووم، ئەم حەزو هەوەسە.. هەرگیز فڕی بەخۆشەوویستیەوە نیە، بەڵام هیچم پێنەدەکرا، ئەو ئارەزوو شەیتانییەی کەبەسەر منیدا سەپاندبوو، تاڵ و**



**سووزێنەربوو، بۆیە هەوڵمدەدا.. هەر ئافرەتێکی دڵخواز ز سۆزانیەکی دیکەی چاوان سەوز، کاتێ بەرێکەوت تووشم دەبن.. خۆمی پێساردکەمەوەو هێوربیمەوە.**

**نەمتوانی ئاگر هەڵایساوی یادەوەرییەکانی لەنیو پێخەفی ( برادۆمار ) بشارمەوە. بەم جۆرە خۆم بەدەستەوە داو چوومە داخوازی. ئەڵقەی پەنجەمان بەخێرایی گۆڕیەوە، رۆژی گواستنەوەو دیلانی ئاهەنگەکە بەر لەجەژنی ( بنەرەسی ) دیاری کراو.. هەموو شتێك سازدرا.**

**ئەم هەواڵە.. بەپانتایی کوچەو کۆڵانی چینیەکان، کەگەڕەکی رابواردن بوو..خێرا بڵاوبووەوە، وەلێ لەنێو (یانە ) کۆمەڵایەتیەکان بەو شێوەیە نەبوو. سەرەتا بە چاوی سووك و گاڵتەجاڕیەوە باس دەکرا، پاشان ژنە ئەکادیمیە سۆزانیەکان مانیان گرت و بەرهەڵستی ئەم ئاکارەیان کرد، پێیان وابوو ئەمە ئاکارێکی پیرۆزمەند نییە.**

**ئەڵقە گۆڕینەوەکەمان، لەنیو شانشینی (( گوڵزاری ئۆرکیدەی ئەمازۆنیە..وسەرخاس ))لە ماڵی دەزگیرانەکەمدا بەرێ و رەسمی ئاینی ( عیسا ) بەرێوەچوو.**

**سەعات حەوتی ئێواران دەگەیشتمە ئەوێ، جلێکی کەتانی سپیم لەبەردەکرد.. دیارییەکی ئاسایی خۆخلافاندن یان هەندێ شیرینی سویسریم لەگەڵ خۆم دەبرد، قسانمان دەکرد.. هەندێ جار بەهێماو پەنجە، هەندێ جار بەووشەی ئاسایی..**

هەتاوەکوسەعاتی دەی شەو لەژێر چاودێری پوورە (ئەرخیندیا ) کاتەکەمان بەسەر دەبرد. گەلێ جار.. پوورێمان لەگەڵ یەکەم باوێشك وچاونووقانێکدا خەو دەیبردەوە، وەك ئەو پیرێژنە چاودێرکارانە..کە کلاوقووچیان لەسەر دەکردو لە رۆمانەکانی ئەوسەردەمەدا باس دەکران.

(خیمینیا)..رۆژ بەرۆژ دەمێ زیاتر یەکمان دەناسی، ئەو چلێستر دەبوو..لەمانگی حوزەیراندا..کاتێ دنیا گەرم دادەهات، مەمکدان و تەنوورەکانی لەبەر نەدەکرد. پاش دوو مانگی ئەڵقە گۆڕینەوەمان.. ئێدی شتێکمان نەما باسی لێوە بکەین،ئەو باسی سك و منالی بۆ دەکردم،بێ ئەو یەکسەر ئەم شتانەی پێ نەووتم. دیتم بەدەست و پەنجەکانی پێلاوی خروی منالانەی دەچنی، هەر بۆیە منیش چالاکانە فێری چنینی بووم، هاوکاریم دەکرد، بەم چەشنە رۆژانە چەند سەعاتێك بەفیڕۆ بەسەر دەچوو. لەرۆژی زەماوەندیەکەمان نزیك دەبووینەوە، بەردەوام پێلاوی شینم بۆ ساوایانی( کوڕ ) دەچنی، ئەویش پێلاوی پەمەیی بۆ ساوایانی ( کچ ) دەچنی. بۆ ئەوەی بزانین کاممان خەملەکەمان راست دەردەچێ.. ئێدی جووتی پێلاوەکانی کە من چنیبووم، بەشی پەنجا منالی دەکرد.

بەر لەوەی زەنگی سەعاتەکە لەگەڵ دوا چرکەدا دە جاران دەنگی لێوە بەرز بێ، من سواری عەرەبانەیەك دەبووم.. کەجووتێ ئەسپ بەکێشی دەکردو خۆم پێدەگەیاندە کوچەو کۆلانی چینیەکان، بۆ



ئەوەی شەوانی درێژم ئاشتیانەو لەژێر چاودێری خواوەندە بەرمەسەر. ئەو ئاهەنگانەی.. بەبۆنەی خودا حافیزی کردنم لەژیانی رەبەنی هەمیشە بەرێرەوێکی پێچەوانەی شەوانە ئاهەنگی قورس و ناجۆری یانە کۆمەلایەتیەکانەوەبوو. ئەو دوو جیهانە دژە.. فێری ئەوەیان کردم، کامیان هەڵبژێرم، یان کامیان جیهانی راستی بوونی منن.زۆردەمانێ.. خۆم گێل دەکرد، هەردوو جیهانەکەم بەدنیای خۆم دەزانی.. بەڵام درکم بەوەدەکرد هەردوویان لەدواساتەکانیاندا بوون، بۆیە نەمدەزانی لەکامیانەوە دەنۆڕمە ئەوی دیکەیان، لەبەر شەپۆلی توندی ناهەمواری دا وەك دوو کەشتی لەنیو پانتایی دەریایەکدا لێك دوور دەکەونەوە.دیلانێی زەماوەندییەکەمان ئەو ئێوارەیە..لە تیاترۆخانەی ( ئەلبودیر دی دیوس ) بە دیماهیترین تەقسێ بەڕێوەچوو، کە بە خەیاڵ کەسدا نەدەهات تەنیا ( خوری کالیس) نەبێ کە هەمیشە.. ئەوهەتا پەنا گوێی لەقوڕاوی شەهەوەتا نقومبوو.

سەرجەم ئافرەتە کارەکەرەکانی دیلانەکە جلی بووکێنی پێ لەبەر کردن و تاجە گوڵی نارجی وێدان.. بۆ ئەوەی بن بەژن و خێزانی من لەرێ رەسمێکی کۆ ئاینیدا. ئەو شەوە شەوی پەرپووت کردنی پیرۆزمەندییەکان بوو، بیست و دوو ئافرەت لەوان سوێندی خۆشەوویستی و وەفایی بۆ خواردم، منیش سوێندی

وەفاو عەشقم بۆ خواردن، هەتا دوای مردن و لەگۆڕنان لەگەڵیاندا بژێم.

ئەو شەو خەو لەچاوانم رەوی، نەمدەزانی خۆم چۆن قوتاربکەم، بەبۆنەی ئەو رەوتارە. هەر لەتاریکی و روونی بەیانەوە، لەگەڵ ژمارەی دەنگی زەنگی کەنیسەکە دەستم بەژماردنی دەمژمێرەکانی وەختەکە کرد، هەتاوەکو حەوتەمین لێدانی پڕ لەسامی زەنگەکە.. ئێتر دەبوو لەو دەمەدا لەکەنیسە ئامادەبم.لەسەعات هەشتی بەیانی زەنگی تەلەفۆنەکەم.. پچڕ پچڕ بە بەردەوامی و بەتوورەیی بۆ ماوەی یەك سەعات لێیدا، منیش نەك هەر وەڵامم نەدایەوەو.. بەڵکو هەناسەشم لەخۆ بڕیبوو. ئینجا بەر لەسەعات (دە) بەچەند دەقیقەیەك بەمستەکۆڵە لەدەرگایان دا،پاشان بەدەنگی ئاشناو بەتووڕەیی هاواریان لێکردم، ئەوکات لەدڵی خۆمدا ووتم: رەنگە هەنووکە وا بیربکەنەوە شتێکی ناهەموار رووی دا، بێ و دەرگاکەم لەسەر بشکێنن. بەڵام دوای سەعاتی یانزە بێدەنگیەکی ترسناك هەموو کون و قوژبنیماڵەوەی پڕکرد،وەك ئەو خامۆشیەی کە پاش کارەساتە گەورەکان دێتە پێش. ئەو دەمە لەبەر ئەو لەبەر خۆم گەڵێ گریام، لەقوڵایی دڵەوە دوعاو نزای ئەوەم کرد بەدرێژایی ژیان هەرگیز چاوم پێ نەکەوێتەوە. لەپڕێکا درکم بەوە کرد.. قەشەیەك کەم و زۆر بەنیوە بیستنێك گوێی لەنزاکانم بووە، چونکە پێمزانی ( خمینا ئۆرتیس ) هەر ئەو شەوە وڵاتی



بەجێهێشتوە، ئێدی نەگەڕایەوە، تاوەکو بیست ساڵ بەسەرچوو. لەو ماوەیەدا ئەو مێردی بەیەکێکی تر کردبوو،حەوت کوڕیشی لێببوو. ووتم: ئەگەر پێشهات بەمجۆرە نەبوایە، ئێستێ ئەو حەوت کوڕەی لەمن دەبوو،من بابیان دەبووم.

دوای ئەو رووداوە سەیرە، تواناو چالاکیەکی زۆرم نواند بۆ پاراستنی ئەوستوونە حەوتوویانەی رۆژنامەی ( دیاریۆ دی لاباس ) کە کارم تیا دەکرد. هەرچەند ئەو رووداوە تاکە هۆکارێ نەبوو بۆ

گواستنەوەی ستوونی رۆژنامەگەریەکەم بۆ لاپەڕەی یانزە، بەڵکو هۆکارە سەرەکیەکە ئەو تەکاندانە شێتانەی سەدەی بیستەم بوو. جا ئەو پێشڤەچوونە و پێشکەوتنە لەئارادا بوو بەداستان، هەمووشتێك گۆڕا، فڕۆکەکان فڕین، پیاوانی دەستپێشخەر خورجی نامەو پەیامیان لەنیو فڕۆکەی ( جەنگر )ەوە دەگواستەوە، بەم شێوەیە پۆستەی ئاسمانیان داهێنا. تاقەشتێك هەروەکو خۆی مابوەوە.. نووسینی گوتاری ستوونی رۆژنامەکەمبوو، وەچەی نوێ بەتوندی هێرشیان دەبردە سەرم، هەروەك ئەو هێرشەی دەکرێتە سەر مۆمیایەکی قەدیمە. ئەوان پێیان وابوو تێك بشکێنرێ، بەڵام وێڕای هەموو شتێك.توانیم ڕێرەوی گوتارەکانم بپارێزم بەهەمان ریتمە کۆنەکەی خۆی، هەمبەر بەو ڕێرەوەی نوێگەریەوە.. بێ سڵکردنەوە.

پەنجەم بەکونە گوێی خۆم نابوو، گوێبیستی بەرانبەر نەبووم، مێژووی تەمەنی گووتارەکانم بۆ چل ساڵ دەچوو. نووسەرە گەنجەکان ناویان لێنابوو( ستوونی موداراى زۆڵ ). بەڕێوەبەری ئەو وەختەم رۆژێکیان بانگی کردم بۆ نووسینگەکەی، داوای لێکردم لەگەڵ دەنگی تازەگەرییەکەدا پێنگاو هەڵگرم، دوا نەکەوم، بە هێمنی و بەزمانی رێزەوەئەمەی پێ ووتم:

- جیهان پێش دەکەوێت..

منیش پێم ووت:

- ئەرێ.. جیهان بەرەو پێش دەچێت..بەڵام بەخولانەوەی بەدەوری خۆردا..!

سەرووتاری ستوونی رۆژانی یەك شەمموانم هەروەك خۆی مایەوە..گۆڕانکاری بەسەردا نەهات، چونکە هەڵەچنێکی دیکەی دەست نەدەکەوت. ئەوڕۆ پێدەزانم کە من لەسەر هەق بووم، هۆکارەکانیشم بەرەوانی دەزانی. هەرزەکارانی وەچەی نوێی ژیان، زۆر بەرێکی گرفتەکانی رۆژانی ئاینەدەیان بەرووح و جەستەوە لەبیرکردبوو، هەتا ئەو رۆژەی ژیان پێی سەلماندن ئاینەدە بەوشێوەیە نیە کە ئەوان خەونی پێوە دەبینن، تاکو غوربەتی خۆیان دێتەوە.

سەرووتاری رۆژانی یەك شەممە درێژەی کێشا، وەکو پارچە کوتاڵێکی پڕ بەها، کە لەنیو پاشماوە رزیوەکانی کۆن.. مابێتەوە. ئێدی درکیان بەوەکرد ئەو ووتارانەم هەر بۆ پیران نیە،



بەڵکو بۆ گشت گەنجان و توێژێکە. ئەوانەی هەرگیز سڵیان لەپیری نەکردوەتەوە، هەر لەبەر هێندەش جارێکی دی سەرووتارەکانم گەڕانەوە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکە. لەبۆنە تایبەتیەکان گەلێ جار بەدرشتی دەنووسرانەوە.

ئەوەی پرسیارم لێدەکا.. بە راشکاوی وەڵامی دەدەمەوە:

بێگومان ئەو ئافرەتە سۆزانیانەی کۆڕی شەوانم لەگەڵ دەبردنە سەر، بوونە بەربەستی ئەوەی هەرگیز ژن نەهێنم. وێڕای ئەوەش دەبێ دانی پیانێم بۆ ئەو رەوتارەم هیچ پاکانەیەکی بۆ نەهێشتم، هەتا ئەو رۆژەی، ساڵگەری نەوەدی تەمەنم بێ کەم و زیاد بینی.. ئەوکات لەماڵەکەی ( رووسا کابارکاس ) دەهاتمە دەرێو بڕیاری ئەوەشم دابوو، ئێدی بڕای بڕ. لەرووی رۆژگار نەوویستم و مل کەچی چارەنووسی نیوچەوانی خۆم بم.

گەلێ جار هەستم دەکرد، من کەسێکی دیکەم، گەلێ جاریش میزاجم بە کۆمەڵە کەسێك تێك دەچوو، دەمێك پاڵیان بەشورە ئاسنینەکەی باخچە گشتیەکان دەدا.

( دامیانا )م دیت لەسەر چۆك نیشتوەو خەریکی سڕینەوەی زەوینی هۆڵەکەبوو. وێڕای ئەوەی تەمەنی پەکی خستبوو، وەلێ هێشتا (پا)و (پون)ی شەهوەتی رۆژانی رابردووی دەبزواندم. رەنگە ئێستێ درکی بەمن کردبێ، بۆیە بە جلکەکانی و بە هێمنیەوە (پا)و(پون)ی پۆشی. ئەودەمە جلەوی خۆم پێ نەگیرا، یەکسەر پرسیارم لێکرد:

– تکا دەکەم..دامیانا، هەنووکە چیت وەبیر دێتەوە..؟
– هیچم وەبیردا نایێ، وەڵێ..پرسیارەکەت شتی وەبیرمدا هێنایەوە.
هەستم کرد هەناسەکانم لەگەرووداوەگیر هاتوە. پێم ووت:
– هەرگیز خۆشەوویستیم نەکردوە..گیرۆدەی ئەوینی کەس نەبوومە..
– وەڵێ من خۆشەوویستیم کردوە.
پاشان درێژەی بەقسەکانی دا، بێ ئەوەی دەس لەکارەکەی هەڵگرێ
– بیست و دوو ساڵ لەپێناو تۆدا گریام. زۆریش بەکوڵ دەگریام.دەمووت بشێ دڵم جێی خۆی چۆڵ بکات و لەسینەم بێتە دەرێ.
وێجا منیش پاکانەم بۆ کرد، بۆ ئەوەی بواری قسەکانم بگۆڕم.. ووتم:
– پێکەوە ژن و مێردێکی چاك دەبووین..
– تۆ ئێستا بەم قسانە ئازارم دەدەی. چ بەخشەندەییەکی تێدا نیە، تەنانەت.. بۆ دڵدانەوەشم، هەنووکە سوودی نیە.
کاتێ لەماڵەوە بەتەنێ بەجێی هێشتمو رۆیشت، ئەودەمە بە ئارامیەوە شتێکی درکاندو ووتی:
– پێ دەزانم بڕوام پێ ناکەی..بەڵام دڵنیابە هەتا ئەوڕۆکەش بە کچێتی ماوم و گەڵێ شوکرانە بێژی خوا دەکەم.



پاشان دیتم چەند گوڵە سوورێکی لەگۆشەکانی ژوورەکەمدا داناوە، جگە لەکارتێکی هیوا خوازی..کە لەسەر سەرینەکەمدا دانرابوو، نووسیبوی" بەهیوام تەمەنت بگاتە سەد ".
بەمیزاجێکی ناجۆر،ڕۆنیشتم و دەسم بەنووسینی گوتارەکەم کرد، چونکە رۆژی پێشتر تەواوم نەکردبوو.
لەیەك هەناسەو، لەدوو سەعاتدا.. ئێدی لەنووسینی بوومەوە.
وێجا دەبوو( مەلی سەقا کوژ ) لەنیو سکمدا دەربهێنم و بێ ئەوەی تنۆکی فرمێسك لەچاوانم بێتە خوار. بە بۆنێکی ئیلهامی پرش و بڵاو.. بڕیارم دا بەتەواو کردنی گوتارەکەم. ئێتر سنوورێکی خۆشەویستی بۆ ژیانی درێژی رۆژنامەڤانیم دابنێم. بێ ئەوەی مل کەچ و چاوەنۆڕی ساتی مەرگی خۆم بکەم، بەتەمابووم.. گوتارەکەم لەپرسگەی رۆژنامەکە بەجێبهێڵم و پاشان یەکسەر بگەڕێمەوە بەرەو ماڵ. بەڵام نەمتوانی ئەم کارە بکەم. چونکە سەرجەم کارمەندانی رۆژنامەکە چاوەنۆڕی ئەوەبوون، ئاهەنگێکی گەورە سازدەن، بەبۆنەی رۆژی لەدایکبوونمەوە. ئەودەمەش کۆمەڵێ کرێکار سەرقاڵی نۆژەنکردنەوەی تەلاری رۆژنامەکە بوون. بەردو خاشاکی ساردی بیناسازیەکە.. هێشتا هەر کەڵەك کرابوون، وەڵێ کارەکانیان راگرت لەمەڕ مەراسیمی ئاهەنگەکە. لەسەر مێزەکان.. خواردنەوەو دیاری پێچراو بەکاغزی رەنگاو رەنگ دانرابوون. هەر لەوکاتەدا، بەدەمی داخوازییەکانیانەوە چووم. بۆ یادەوەری دەسکرا بە وێنەگرتنی

من و بڵێسەی کامیراکان دەس و برد کەوتنە کار. گەلێ مشەوەشیان کردبووم. پتر دڵگوشادو کامەرانبووم، کاتێ چاوم کەوت بەرۆژنامەنووسانی ئێزگەو رۆژنامەوانانی شارەکانی دیکە، وەك رۆژنامەی راست رەوی ( لابرنسا )ی بەیانیان و رۆژنامەی لیبڕالی ( هیراڵدۆ )و ( ناسیونالٚ لستی ) ئێواران.. کە پتر بایەخی بەنەهێشتنی شلۆقی سیستەمی کۆمەڵایەتی دابوو..بە بڵاوکردنەوەی، زنجیرە رۆمانێکی عاتیفیانە.ئامادەبوونیان لەگەڵماندا لەو ئاهەنگە کارێکی نامۆ نەبوو، لە چوار چێوەی هەماهەنگی نووسەرانی شارەکە، ئەمە رەوتارێکیجوان و بێگەردی کەسانێك بوو، بۆ پاراستنی رۆحی دۆستایەتی نێوان سەربازانی قەڵەمی خۆشەوویستی، وەلێ ماریشالانی قەڵەم..ئەوان رابەرایەتی جەنگی سەرووتاری رۆژنامەکانیان دەکرد. هەروەها لە دەرەوەی کاتی دەس بەکاربوونمان،رەقیبێکی فەرمیمان هەبوو(( دۆن خیرۆ نیمۆ ئۆرتیگا ))کە پێمان دەگووت(( مرۆی سەعاتی شوومی نۆ )). چونکە لەوکاتەدا بێ دواکەوتن شەوانە بەقەڵەمە نووك تیژو خوێنەویەکەی، وەکو شوانی رانە مەڕ ئامادە دەبوو. ئێدی شەوێ لەوێ دەمایەوە، تاکو دڵنیا دەبوو تاقە حەرفێك نەماوەتەوە.. لەچاپەمەنیەکانی بەیانی نیزەی قەڵەمەکەی پیا نەکردبێ.

ئەو خۆشی بەرووی مندا نەدەهاتەوە..بەفیزو لەخۆبایی بووم، شارەزاییم لەزماندا هەبوو، یان هەندێ جار ووشەی ئیتاڵیانیم



لەنووسینەکانکمدا بەکار دەهێنا. کاتێ درکم بەوە دەکرد رەوانتر مەبەستەکانم لە وشە قشتاڵیەکان پێ دەردەبڕێ، منیش ئەو ووشانەم لەنیو کەوانە دانەدەنا، یا بەووشەی درشتم نەدەنووسین و کەدەبوولەو چەشنە نووسینانەدا، کەزمانەکان لەیەك نەژادبوون.. ئەو ئاکارە پیادە بکرێ. پاش ئەوەی چوار ساڵ بەدەستیەوە ناڵاندمان، راهاتین هەموو شتێکی لێ قبووڵ بکەین، وەکو ویژدانێکی گەندەڵ پێی رازیبین.

سکرتێرەکان شیرینی و کێکی( بوودین )یان لەسەر مێزو لە هۆڵە گەورەکە دانا. نەوت مۆمی داگیرساویشی بەسەرەوەبوو..ئێدی یەکەم جارمبوو روو بە رووی ژمارەی ساڵانی تەمەنم ببمەوە. بەم بۆنە خۆشەوە.. دەمێ گۆرانیان ووت، تنۆکی فرمێسك لەچاوەکانمدا قەتیس ما. لەپڕ کچۆڵەکەم وەبیر هاتەوە، رەنگە خۆشنوودییەکی بێ کینە بێت.. لەدڵمدا یان سۆزی بەزەییەك بێت بۆ ئەفرەندەییەکی خوایی.. کەهەرگیز حەزم نەدەکرد بگەڕێمەوە باوەشی یادەوەرییەکانی. ئەو دەمەی فریشتەکان خڕبوونەوە لەدەورمدا کەسێکیان چەقۆیەکی لە مشتم نا..بۆ بڕینی کێکی ئاهەنگەکە، بەڵام لەترسی گەمە پێکردن، کەس پێی خۆش نەبوو گوتارێکی سەرپێی بەم بۆنەوە بدا، خۆ منیش ئامادەگیم نەبوو، مەرگم لەلا هاسانتربوو لەوەی بخوازم گوتاری بەگوێی ئامادەبوواندا بخوێنم.

ئەوجا بۆ کۆتایی هێنانی ئاهەنگەکە، سەرنووسەری ڕۆژنامەکەمان.. کەهەرگیز خۆشیم بەسەرو سەکوتیدا نەدەهاتەوە، هێنامیەوە سەرباری ترۆو قسەی ڕەق، کاتیّ ڕووی دەمی تێکردمو ووتی:

– مرۆی نەوەد ساڵەی بەشەوق .. کوانیّ گووتارەکەت..؟

ئەم ئاکارە بەردیشی بەقسان دەهێنا، بۆیە بەدرێژایی ئەو ڕۆژە هەستم بەچزانی ئاگرێك کرد.. وەکو پشکۆیەکی گەش لەنیو باخەڵم نرابیّ.

وەلیّ وێڕای ئەوەش هەتا بنی ناخم هەستم بەگوشادی دەکرد، هەتا ئەو ڕادەیەی.. ئێدی لەرووم نەدەهات، باسی خانەنشینی خۆم بکەم نەبا ئاهەنگەکەیان لیّ بشێوێنم.. پێم ووت:

–زۆر مەخابن.. ئەمجارە پێم نیە.

سەرنووسەر ئەم هەلەیەی پێگرانبوو، هەرگیز. بڕوای پیّ نەکردم، چونکە لەسەدەی ڕابردووەوە شتێکی وام نەکردبوو. درێژەم بەقسەکەمدا، دەویّ تێبگەی دویّ شەوم بەسەختی بوارد.. بەپشێوی لەخەو ڕابووم. ئەو بەمیزاجە ترشەکەی کەهەمیشە وەکو سرکەبوو.. ووتی:

– باشتر وابوو شتێکت بەم بۆنەوە نووسیبا، خوێنەران حەزیان لێیە بزانن ئەو مرۆیە کێیە؟ ئاهەنگی بۆ دەگێڕن. چێژی ژیان لەتەمەنی نەوەدساڵیدا لەبن زاردا داخۆ بەتامە؟

یەکیّ لەنیو سکرتێرەکان ووتی:



– ڕەنگە چێژێکی شاراوەی خۆشی هەبێت..!

ئەمەی ووت و بەچاوی خێسەوە تەماشای دەکردم، بۆیە بە فیزێکەوە ووتی:

– دەشیّ کارەکەش وانەبێت؟

ئاگرێك وەسەرو چاوم کەوت.. بیرم کردەوە، نەفرەتی لیّ بێت.. چەند بیّ ئابڕووە. یەکێکی دی بەگەشیەوە پەنجەی بۆ درێژ کردم:

– ئای کە مرۆیەکی نایابە.. هەنووکەش هەست بە ژیان دەکات.

ئەمیشیان زۆر بیّ شەرم بوو. سکرتێری یەکەم ووتی:

– لەوانەیە شەوی پر پیّ دان بیّ..!

ئێرەییم بەخۆدا هاتەوە، کە ماچێکی گەرمی لیّ ستاندم، شوێنەواری لەرووخسارمدا مایەوە. وێنەگرەکان.. زیاتر سەرقاڵی وێنەگرتن بوون. وەنابەدڵیەوە گووتارەکەم پێشکەش بەسەرنووسەر کردو پێم ووت:

– ئەوەی پێشتر ووتم.. تەنیا بۆگەمە بوو. ها بگرە ئەوەتانیّ.

پاشان یەکسەر شوێنەکەم بەجیّ هێشت و لەنیو شەپۆڵی چەپڵە ڕێزاندا، بۆ ئەوەی ئامادەنەبم، دەمیّ پیّ دەزانن.. ئەوەی نووسیومە دەس بەردانە لەکارەکەم. دوای نیوسەدە.. لە سەولّ لێدانی قەڵەم.

فەرتەناکە دیاربوو ئەو شەوە درێژەی کێشا، هەنووکە منیش لەماڵەکەمدا، دیاریەکان یەك یەك تاوتوێدەکەم و دەیکەموە.

کرێکارانی ( لینوتیب ) بەهەڵەدا چووبوون.. دەمێکی ئامێری کارەبایی قاوە دروست کردنیان دابوومێ. هەروەکو ئەو سێ ئامێرەی کە لە ئاهەنگی لەدایکبوونی پێشتردا بەدیاری بۆیان هێنابووم.

تایپیستەکان سەرپشکیان کردمو کاغزێکیان دامێ بۆ شارەوانی، بۆ وەرگرتنی پشیلەیەك لەباخچەی ئاژەڵەکان..

کارگێریش چەند خاڵێکی رەمزی دامێ.. بۆ زێدەکردنی مووچەی مانگانەکەم، هەر سێ سکرتێرە ئافرەتەکان شەواڵی ئاوریشمینیان پێشکەش کردم، شوێنەواری بۆیەی ماچی لێویانی پێوە دیاربوو، کارتێکی بچووکیان پێوە پێچابوو، تیدا نووسرابوو" ئامادەین شەواڵەکەت لەپێ داکەنین ". لەگەڵ خۆمدا ووتم:

-(( هەڵبەتە یەکێ لە خۆشیەکانی پیری.. ئەوەیە ئافرەتە گەنجەکان رێ بەخۆ دەدەن، هەندێ جار گاڵتەو سوحبەت بە پیران بگێڕن.. دەڵێن ئەوان شتێکیان پێ ناکرێ..!)).

بەڵام هەرگیز ئەوەم بۆ روون نەبوەوە، کێ ئەو بیست و چوار قەوانەی بۆ ناردووم، کە دەسپێکی مۆسیقای (شۆبان )ی لەسەر تۆمار کرابوو. بەسەرپەرەشتی و دابەشکردنی ( ئیستیڤان ئەسکەناس )ی مۆزیك ژەن. زۆربەی نووسەرانیش کتێبی بەنرخیان دامێ.



هێشتا لێنەبووبوومەوە تەماشای هەموو دیاریەکان بکەم، لەپڕێکا زەنگی تەلەفۆنەکە بێدەنگیەکەی شڵەقاند. ئەوەی حەزم لێنەبوو گوێبیستی بم، بەلەز ( رووسا کابارکاس ) پێی ووتم:

-لەگەڵ ئەو کچە چکۆڵەدا ئاکارت چۆن بوو؟.

منیش بێ ئەوەی بیری لێبکەمەوە ووتم:

- هیچ شتێ رووی نەدا.

- تۆ وا بیری لێدەکەیتەوە..یان تەنانەت لەخەویش بە ئاگات نەهێنا..؟ بڕوا ناکەم ئافرەتێ هەبێت بەوچەشنە، لەپیاوێ ببوورێ.. ئەگەر شتێکی لەگەڵدا نەکا.

هەندێ پاکانەم بۆکردو ووتم:

- بڕوا ناکەم ئەو کچۆڵەیە بەدروونی دوگمەکان ئەوەن شەکەت و ماندووبێت، خۆ ئەگەر بەفێڵ چاوی لەبن خاو نابێ، هەر لەترسی ئەوساتەبوە.. کەمنی لەگەڵدابووم.

- تاقە ترسێك  هەبێت، هەر ئەوەیە کەتۆ بەکەڵکی هیچ نایەیت، حەزیش ناکەم  ئەم هەواڵە لەگەڵ هەڵکردنی چوار تەرەفی باکەدا بڵاوبێتەوە. نەمهێشت هێندە هەست بە خۆشی بکات

- خۆ ئەگەر کار بەو جۆرە بێت، حاڵی ئەوەم دیت، حاڵی گەلێ شڕبوو.. زۆرم بەزەیی پێدا هاتەوە. جێگەی متمانە نییە، ئەوجا بەئاگا بێت یا نووستوو، بە گۆشتی نەخۆشخانە دەچوو.

رووسا هەندێ دەنگی نەرم کردەوە " بێگومان گرفتەکە لە ئاکامی پەلەکردنەکەی تۆوە رووی دا. بەهەر حاڵ چارەسەر دەکرێ،

دەبینی. بەڵێنی دامێ.. کچۆڵە کە دان بەوەزعەکەی بنێ.. ناچاری بکە ملم بۆ داخەوێنێ و پارەکەم بۆ بگێڕێتەوە. ئەگەر مەسەلەکە وابوو وەکو من گێڕامەوە. ئینجا ووتی:

– تۆ چ دەڵێی..؟

– لێ گەڕێ با مەسەلەکە هەر وا بمێنێ.. هیچ گرفتێکمان نیە.

وەلێ لە بەرانبەر ئەم ڕەوتارەم ئەو هەر سووربوو لەسەر ئەوەی کە بەکەڵکی ئەم کارە نایەم. جا کارەکە وابێ مناڵەکە لەسەر هەقە، مانای وایە هەرچیەکم ووتبێ.. ئەوانم دەسخەڕۆ کردووەو دەستم بەزاخا کردوون.

تەلەفۆنەکەم داخست، هەستم بەئازادییەکی بێ شومار کرد، بەدرێژایی ژیانم ئەم هەستەم نەبووە. دوور لەهەموو نەهامەتیەك کەساڵەهای ساڵ بەدەستیەوە دەمناڵاند، لەودەمەی کەتەمەنم سیانزە ساڵدەبوو.

لەسەعاتی حەوتی ئێوارێ.. میوانی شەرەفی مۆزیکی( کونشێرتۆی جاك سیبۆل و ئەلفرێد کورتوو)بووم، لەهۆڵی هونەرە جوانەکان لەئاوازێکی دوو قۆڵی( سۆناتای) کەمانجەو پیانۆی (سیسێر فرانك).

وانە بێژی مۆزیك( پێدرۆ بیافا) مامۆستای بەشورەت.. پەلکێشی کردم بۆ پشتی (کەوالیسەکان) بەمۆسیقا ژەنەکانی ناساندم.ئەوکات ختووکەی خۆشەوویستیەکی فرە.. بە ئازای جەستەماشەپۆلی دا، گیانم پێ هێوربوەوە، بەرادەیەك ئێدی



سوپاس بێژم کردن، بۆ ئەوئاوازە خۆشەی سۆناتاکانی ( شۆمان). لەراستیدا ئەوان ئەو ئاوازەیان نەژەنیبوو، من لەناوەکەدا بەهەڵەدا چووبووم.بۆیە یەکێکیان بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی دەپێش جەماوەردا هەڵەکەی بۆ ڕاست کردمەوە.

دیاربوو من لەنەشارەزاییەکی چووکەوە لەنیو هەڵەکە وەگیرهاتم، هەربۆیە سۆناتتەکانم لێ گۆڕا، بوە بەزمی نووکتەی ئاهەنگەکە.. بەڵامئەوەی شتەکەی پتر ئاڵۆزتر کرد، ڕەوتاری من بوو، کەبەروون کردنەوەیەکی گەمژانە هەوڵم دا، کارەکە پینە کەم، بۆیە گوتارێکی رەخنە ئامێزی مۆزیکم نووسی، بەئەدرەسی( کۆنشێرتۆ).. بۆ رۆژی یەکشەممەبڵاوم کردەوە.

لەنیو ئەم تەمەنە درێژو زەوەندەدا یەکەم جارم بوو، سووسەی ئەوەم دەکرد کە پێم دەکرێ کەسێك بکوژم. بە ئازای شەیتانێکی چکۆڵەوە بۆ ماڵێ گەڕامەوە، هەمیشە وەڵام گەلێکی بە گوێدا دەچرپاندم، هەرگیز بیرم لێ نەکردبوەوە. فێجا نە خوێندنەوەو نە مۆسیقا هێوری نەدەکردمەوە. لەودەمەدا خۆشبەختانە ( رووسا کابارکاس )بە هەڵەوەرییەکەوە لەنێو تەلەفۆنەکەدا و لەنێو گێژەنی ئەو وڕینەیە دەری هێنام و ووتی:

– بە هەواڵی رۆژنامەکەتان کامەران بووم، چونکە هزری ئەوەم نەبووە.. تەمەنتان گەیشتوەتە نەود ساڵ، وامدەزانی، ئەمە عومرێکەو سەد ساڵە.

– دیارە بەپەککەوتەم ناو دەبەی؟

– نەخێر.. بەپێچەوانەوە، ئەوەتا لەباشترین حاڵ و وەزعێکا دەتبینم. تۆ جیاوازی، بەو مرۆ پیرانە ناکەی.. هەمیشە تەمەنیان دەخەنە سەریەك و دەیژمێرن، هەتا ئاپۆرەی خەڵکی بێژن.. هێشتا وەبەریانەوە ماوە، وەلێ حاڵیان باش نیە.

پاشان بێ پێشەکی باسەکەی گۆڕی..

–ئێستێ.. دیارییەکم بۆ ئامادە کردووی!!

– سەیرە، هەواڵێکی تازەیە، هەنووکە واباشە خێرا پێم بڵێی

– کچە چکۆڵەکەت لەبیرە؟

من بۆ تاکە ساتێکیش بیرم لەو شتە نەکردبۆوە

– سوپاست دەکەم.. ئەم کارەمان کۆتایی پێ هێناوە.

ئەو گوێی پێ نەدام و درێژەی بقسەکەی دا..

– دەیپێچمەوە بەکاغزی چینی و لەگەڵ کەشتیەکی بە بووخار دەینێرم بۆ ماڵەوە.ئەمە هەموو دەکەم بەخۆڕایی

وەلێ من لە هەڵوێستی خۆم پەژیوان نەبوومەوە، ئەویش زۆری ووت و منیش کەمم درکاند. دیاربوو ئەمجارەیان بەدڵسۆزییەوە قسەی دەکرد.

ووتی:

– کچۆڵەکە لەحاڵێکی باشدا نەبوو، ڕۆژی هەینی گەلێ شەکەت و ماندووبوو، چونکە ئەو ڕۆژە دووسەد دوگمەی بە دەرزی و پەنجەوانە درووبوو. دەترسا لەلاقە کردنی خوێناوی، بەڵام ئێستا ڕاهێنراوە بۆ ئەم چەشنە کارانە.



شەوێ لەگەڵیدا لەخەو ڕابووم، ئەو چوو بۆ گەرماوەکە، کاتێ بەدی کردم، لەشیرین خەودام، دڵی پێ سووتام و وەئاگای نەهێنامەوە.. دەمی سەر لەبەیانی کە خەوم ڕەوییەوە، ئەوم بەجێهێشت، گەلێ تووڕەبووم، دەمێ هەستم کرد درۆی لەگەڵدا کردووم. رووسا لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و ووتی:

– گریمان مەسەلەکە وایە.. وەلێ ئێستا پەژیوان بوەتەوە.. لەگەڵ منا وەستاوە، ئارەزوو دەکەی قسەی لەگەڵدا بکەی؟.

– نەخێر.. سوێندت دەدەم بەگەورەیی خودا.

دەمێ سکرتێری ڕۆژنامەکە پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵدا کردم، ئەو کات خەریکی نووسینەوە بووم، پێی ووتم:

– بەڕێوەبەر سبەینێ سەعات یانزەی بەیانی دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ.

لەگەڵ وەختەکەدا ڕۆیشتم.

ژاوە ژاو قەرەباڵغی چاکسازی تەلاری ڕۆژنامەکە بەردەوامە، کەس خۆی لەبەر ناگرێ، تەنانەت هەواکەش لەنیو زرمەو تەقەی ئامێری کرێکاران شەپۆلی دەدا، چڕە دووکەڵ و گەردی چیمەنتۆ بەئاسماندا دەفڕێ.

دیاربوو دەستەی نووسەران ڕاهاتبوون لەکەنار ئەم فەوزا ڕۆتیناویە،ڕۆژانە کاری خۆیان بکەن. لەهەمبەری ئەم هەموو ئەرکە قورسەش نووسینگەی بەڕێوەبەر هێمن و سارد لێ

نیشتبوو، وەك بڵێی لە وڵاتێکی دیکەی ئایدیالی دەژی بە وڵاتی خۆمان ناچێ.

کاتێ ( مارکۆ تۆلیتۆی سێیەم ) چاوی پێم کەوت، یەکسەر هەڵسایە سەرپێ و ئەو دەمە دیتم قیافەیەکی هەرزەکارانەی لەبەرەو، تەلەفۆنەکەی ناوەتە پەنا گوێی، بێ ئەوەی قسەکەی ببڕێ، دەستێکی لەسەرووی مێزەکەوە بۆ درێژکردم، تەوقەی لەگەڵ کردم و هێمای پێ دام لەسەر کورسیەك رۆنیشتم. وەلێ سووسەی ئەوەم هەبوو کە بەفێڵ تەلەفۆنەکەی لەپەنا گوێ گیرکردووە، تەنیا بۆ خۆدەرخستن، ئەم ئاکارە دەکا.. بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت لەگەڵ جەنابی پارێزگار قسە دەکا. لەراستیدا گفتوگۆیەکی تیژو سەختبوو لەنێوان دوو دوژمنی دێریندا. وام بەمێشکا هات، ئەو لەپێش مندا حەز دەکا بوێری خۆی بنوێنێ.. بەهەرحاڵ، ئەو هێشتا هەر بەپێوە وەستابوو، کەقسەی لەگەڵ دەسەڵاتدا دەکرد.

هەڵبەت.. سەبارەت بە قیافەو جل و بەرگی، ئەوی ئەو کات تەماشای کردبا، پێ دەزانی کە ئەو هێندە بایەخی بەپۆشەکی خۆی نەداوە.

تەمەنی بیست و نۆ ساڵ بوو، چوار زمانی بەرەوانی دەزانی، سێ بڕوا نامەی خودان پسپۆری نێو دەوڵەتی هەبوو. بەپێچەوانەی سەرۆکی یەکەم بەدرێژایی تەمەن کەدەبووە، باپیری بابی.. ئەویش رۆژنامەنووسێکی ئەزموونگەری بوو. ماڵ و داراییەکی



زۆری لەبازرگانی کۆیلە سپیەکان وەدەس هێنابوو. ئەو لەمامەڵکردندا.. زمان تەڕبوو، ناوبانگی زۆری هەبوو، هێمنی و شۆخی و چەلەنگیدا، وەلێ تاکە شتێکی کە شکۆیی ئەوی خستبووە خەتەرناکی.. زمانگرتنێکی پێوە دیاربوو. چاکەتێکی سپۆری لەبەر دەکرد، گوڵێکی ( ئۆرکیدا )ی زیندووی لەیەخە دەدا. هەموو شتێك لەودا تایبەت مەندی و فەردی کەسایەتی ئەوی پێك دەهێنا،شتێکی تێدا نەبوو.. خودی مرۆ، جادەو سەرشەقامەکانی لێ درووست بکات، هەموو پاژنەکانی ببوونە کڵاو رۆژنەیەك بۆ ناساندنی وجودی بۆیە دەتگوت هەمووشتێك هەر بۆ بەهاری نووسینگەکەی هاتووەتە ئەفراندن، بەڵام ئەوی بنۆرێ بە مندا، پێدەزانێ، دووسەعات زێترم بردووەتە سەر، تەنها بۆ لەبەر کردنی جلەکانم و تیف تیفەدانی خۆم، کەچی هەنووکەش هەست بەناجۆری قیافەی خۆم دەکەم.. لەبەر دەست کورتی و نەداری، گەلێ جار نەقیزەم دەدات و تووڕە دەبم.

وێڕای ئەوەش.. ژارێکی کوشندەم دەدیت لەو وێنە پانۆرامیە بەکۆمەڵەی کارگێڕانی رۆژنامەکە،لەبیرمە وێنەکە لەیادەوەری بیست و پێنجەمین ساڵەی رۆژنامەکەوە گیرابوو، نەخشەی خاچێکیشی لەسەری ئەو کەسانەوە هەبوو.. کەمردبوون.

من سێیەمین کەس بووم.. لەلای راستەوە، لەنێو وێنەکە شەبقەیەکی گووشی پانم بەسەرەوەبوو، قەرەوێتەیەکی گرێ ئەستوورم لەمل خستبوو، بەدوگمەیەکی مرواری رازابۆوە،

سوێلی درێژم.. هەر بەسوێلی کۆنێلێکی مەدەنی دەچوو، هەتا تەمەنی چل ساڵەش.. ئەو سوێلەم دادەنا، جگە لەوەی چاوێلکەیەکی تەلی ئەودەمە خوێندکارانی پەیمانگا ئایینیەکان لەچاویان دەکرد، دەمێ تەمەنم لەپەنجا تێپەڕی ئێدی پێوویستیم پێ نەما، ئەم وێنەم پێشتر دیتبوو، لەگەڵ نووسینگە هەڵواسرابوو، بەڵام هەرگیز.. هەستم بەهۆکارو پەیامی ئەم هەڵواسینە نەکردبوو. لەو رۆژگارانە وەکو لەم ساتە درکی پێ دەکەم:لە چل و هەشت کارمەندی سەرەکی تەنیا چوار کەسیان لەژیاندا ماون. بچووکتریان کارمەندێ بوو ئێستێ لەبەندیخانەدایەو سزای بیست ساڵی بەسەرا دراوە، بەبۆنەی تاوانی کوشتنی چەند کەسێکەوە.

جەنابی بەڕێوەبەر قسەکەی تەواوکردو تەلەفۆنەکەی داخست، دیتی تەماشای وێنەکە دەکەم خەندەیەکی هاتێ و ووتی:

–خاچەکان من دامناون، لام وایە شتێکی ناشرینە.

پاشان لەسەر کورسیەکەی نیشت و ئاوازی دەنگی گۆڕی و ووتی:

– رێگەم پێ بدە.. باشتێکت پێ بڵێم، تۆ سەرکێش و بەڵەدترین مرۆیەکی کە لەنێو ئەو هەموو کارمەندانەی کە ئاشناییم لەگەڵدا هەن.

لەبەراهیدا هەموو باس و خواسێکی بۆم روون کردبۆوە. " بۆیە ئەم قسیەم بەبای گوێتا هێنا، بۆ ئەوەی هۆشت بێتەوە.



هەڵبەتە.. رەوتارێکی ناشرینت کردووە، دەس لەکارکێشان، دادی هیچت نادا. "

منیش زاتم بەخۆدا و ووتم:

–ئەمە بەرو بوومی ژیانێکی سەرانسەرە.

– بەڵێ وا هەمدیس دەیڵێمەوە.. ئەو ئاکارەت چارەسەرێکی شیاو نیە.

" پێدەچوو.. گوتارەکەمی لەلا گرنگ بێ ".

– هەرچیت لەبارەی پیریەوە گوتووە، بەنرخترین گوتارێ بووە.. کەخوێندبێتمەوە.

ڤێجا چ مانایەکی نیە، نووکە قەڵەمێك چەپ و راست هەموو شتێك کۆتایی پێ بێنی. بێشك بەو بڕیارەش مەرگی مەدەنی من جار دەدەی. خۆشبەختانە.. نووسراوەکەت( پیاوی سەعات نۆی شەوم ) خوێندبوویەوە، ئەودەمەش لاپەڕەی یەکەم هاتبووە چاپ کردن، جێگەی شیاوی بۆ بڵاوکردنەوە نەبوو. جا بێ ئەوەی راوێژ لەگەڵ کەسێکدا بکات لەسەرەوە تاکو خوار بە قەڵەمە ( تورکیمادی ) یەکەی خەتی چەپ و راستی بەسەردا هێنابوو. ئەم بەیانیە دەمێکی بەم هەواڵەم زانی، نووسراوێکی نارەزاییم بۆ جەنابی پارێزگار نووسی، ئەمە ئەرکی منە، وەڵێ هەنووکە لەنێوان خۆم و خۆتدا دەڵێم من سوپاس گوزاری کاکی رەقیب دەکەم، لەم تون و تیژییەدا لەگەڵ ئەوەشدا من قایل نابم بە هەڵگرتنی گوتارەکەت، ووتی:

– تکادەکەم لەقوڵایی رووحمەوە لەپانتایی دەریادا کەشتیەکەمان بەجێ مەهێڵە.
پاشان بەشێوازێکی جوان کۆتایی بەقسەکانی هێنا" هێشتا شتی زۆرمان ماوە لەبارەی مۆسیقاوە گفت و گۆ بکەین". دیتم زۆر سوورە لەسەر قسەکانی، ئێدی جورئەتی ئەوەم نەکرد شتێکی بڵێم.
نەبا ناتەبایی نێوانمان فراوانتر بکەم، گرفتەکە لەحەقیقەتدا بەم جۆرەبوو.ئەوکات هۆیەکی تەواوم بۆ نەدیتبوەوە بۆ جێهێشتنی ( ناعورەکە ) یان زەندەقم لەوە چووبوو جارێکی تر پێی بڵێمەوەبەڵێ، هەر تەنیا لەپێناوی دەربازبوونم، دەبوو خۆ بگرم تاوەکو بێژم پیاوی تەنگانەم، هەتا نەکەومە ژێر سۆزی بەزەییەوە، فرمێسك لەچاوانم بەلەز بچۆڕێ. جارێکی دی.. وەك پیشەی هەوڵمان، دوای ئەم هەموو ساڵ زۆرو زەوەندە.. ددیارە خۆمان دەخلافێنین
ئێدی کەلەبارو دۆخێکی ناهەموار و ئاڵۆزدابووم، بەبازاڕی ئاژەڵەکاندا گەڕام.. بۆ ئەوەی پشیلەکەیان لێوەرگرم، چوون کارمەندانی تیپ سازی رۆژنامەکە.. بەدیاری پێیان بەخشیبووم. من هەرگیز.. وەها ئارەزوویەکم نەبووە، لە پەروەردەکردن و راگرتنی ئاژەڵاندا. خۆ هەمان هەستیشم بەرانبەریان بەمنداڵیش نەبووە، بەر لەکایەی زمان گرتنیان، چونکە ئەوان وەك رووحێکی بێ زمانن.



خۆ رکم لێیان نابێتەوە،وەلێ لەگەڵیاندا ناگوزەرێم و هەڵناکەم، ژیانم پێ ناقەتێ، هەرگیز فێری ئەوە نەبووم، چۆن مامەڵەیان لەتەك دەکرێ.
پێ دەزانم کارێکی سەیرەو بەپێچەوانەی سرووشتە، کابرایەك لەتوانایدا بێت لە رەوشت و زمانی سەگەکانی بگات، وەلێ لەزمانی ژنەکەی نەزانێت. بەڵێ سەیرە سەگێ فێری ئەوە بکات لەچ وەختێکدا ژەمە نانێك دەخوات یان لەچ ژەمێکدا نەیخوات، یا پەرسڤی پرسیارەکانی بداتەوەو، هاوبەشی خەمەکانیشی بێت. لەفیکراچووبووم.. ئەگەر دیاریەکە بگێڕمەوە، لام وایە فەرتەنەیەکی گەورەم لەپێش دەقەومێ. ئەمە بێجگە لەوەی ( پشیلەی ئەنگورە ) قنج و جوانە، توکێکی مەیلەو پەمەیی هەیە، چاوەکانی خڕو دەبریسکێنەوە. کاتێ دەهێتە میاواندن، دەڵێی هەنووکە دێتە قسەو شتێك دەڵێ.
ئەوان لەنیو سەوەتەیەکی بەشول چنراو پێشکەشیان کردم، لەگەڵ بەڵگەنامەی جۆرو نەژادیدا. وێڕای کەتەلۆك و نەخشەی پەروەردەکردن و بەکارهێنانی هەر بەو کەتەلۆکان. دەچوو دەمێك پاسکیلێکت کڕیبا.. وێتیان دەدا. لەنیو شەقامەکە دەستەیەك پۆلیسم دیت، لەبەڵگەنامەی کەسانی سڤیل دەکۆڵنەوە، بەرلەوەی رێیان پێ بدەن بەنیو باخچەی ( سان نیکۆرس )تێپەڕن. پێشتر شتێکی لەم چەشنەم نەبینیبوو، بێجگە لەپیری یەکەم هیچم بەخەیاڵدا نەدەهات، دانایی و قایمی و بوێرییم بنوێنێ.

دەستەکە لەچوار پۆلیس پێکهاتبوون. ئەفسەرێکی هەرزەکاریان لەگەڵدابوو، پۆلیسەکان خەڵکی هەرێمەساردەکان بوون، دڵرەق و کەمدووبوون،بۆنی تەوڵەو هۆبەیان لێدەهات ئەفسەرەکە سەرکردەیی دەکردن و چاودێریان بوو، بەدوو گۆنای (ئەندیزی) سوورەوەبووی سەر کەناری دەریاچەکان.

پاش ئەوەی لەناسنامەکەم ووردبوونەوە، تەماشای کارتی بڕوانامەی ڕۆژنامەنووسیان کردم.. لێیا پرسیم" چیم لە ناوسەبەتەکە هەڵگرتووە. پێم ووتن" ((پشیلە)).داوای لێکردم سەری سەبەتەکە هەڵبدەمەوە.. تاوەکو دڵنیابن، منیش هەروام کرد، سەری سەبەتەکەم بەئاسپایی هەڵدایەوە. بەڵام ترسی ئەوەم هەبوو پشیلەکە تێقووچێنێ. پۆلیسێکیان ووتی:

- دەمەوێ بیبینم.. ئەگەر شتێکی دی لە بنی سەبەتەکە نییە.

ئەودەمە پشیلەکە چنگی بۆ هاویشت. ئەفسەرەکە لێی هاتە پێش و ووتی:

- پشیلەیەکی گران بەهایە ( ئەنفۆرا )یە.

هەندێ گەمەی پێکرد، شتێکیشی لەژێر زمانەوە دەووت. پشیلەکە چنگی لێ نەدا و خۆیشی گیف نەکردەوە. وەلێ ئەو هێندە گوێی پێ نەدا. پرسیاری لێکردم:

- تەمەنی چەندە..؟

- نازانم.. هەنووکە بەدیاری پێیان بەخشیوم.

- واپێدەچێت بەتەمەن بێت..رەنگە دەسالان بێت.



بەنیازبووم، پرسیاری ئەوەی لێبکەم.. کە چۆن دەزانێ تەمەنی دەساڵەوهەندێ زانیاری تر.لە بەر قەڵسیم حەزم نەکرد گوێ بیستی قسەکانی بم. هەرچەندە ئەو بەشێوازێکی رێك و پێك قسانی دەکرد، وەلێ منجڕبوو، بۆیە هەستم کرد ورگی من قسەکانی ئەوی پێ قووت ناچێ. پاشان ووتی:

- هەڵبەتە پشیلەیەکی بەرەڵابووە.. بۆیە ئەم دەست و ئەو دەستی زۆر کردووە.

- پێدەچێ.. لەگەڵ میزاجی جەنابت رانەیێ، بۆیە دەبێ تۆ لەگەڵیدا رابێی. لێگەڕێ با هەواو هەوەسی خۆی بگەڕێ.. تا ماڵی دەبێ.

دەمی سەبەتەکەی داخست و ووتی:

- جەنابت چ کارەی..؟

- من رۆژنامەنووسم

- لەکەیەوە..؟

- نیو سەدەیە.

دەستی بەشانمدا دا..خودا حافیزی لێکردم.

رەنگە قسەکەی نەسیحەتێکی دڵسۆزانە بێت، یاخود..رەنگە هەر تۆقاندن و هەڕەشەبێت.

- بەباشی ئاگات لەخۆت بێ.

تەلەفۆنەکەم.. دەمی نیوەڕۆ داخست، بۆ ئەوەی بە گوێگرتنی بەرنامەی مۆسیقای (( رابسۆدیە)) بە کلارنێت و ئۆرکیستڕای((

فاكنەر ))و ساكسيفۆنی (( دیبۆسی )).. ژێی پێنج تەلی
((برۆكنەر)) تۆزێك بحەسێمەوە.

پاش وەختێك.. خۆمم لەنیو تاریكی كتێبخانەكەما بینی، لەپڕێكا سووسەی ئەوەم كرد، شتێك لەژێر مێزەكەم دەجوولێ.جەستەیەكی زیندوو نەبوو، وەلێ ئامادەگیەكی خورافی سرووشت بوو، خۆی بە پێ و پلمدا دا، ئەو كات.. ئێدی منیش لەترسا بەهاوارەوە قەڵەمبازێكم بۆدا. پاشان زانیم ئەوە پشیلەكەبوو. بینیم..كلكێكی تووكناوی، رەنگ پەمەیی هەیە، بە خاویەكی گەلێك سەیر دەبزووت، ئەو نەژادێكی داستانی هەبوو. پێشم نەدەكرا لە ختووكەی ئەو ترسە خۆم گێل كەم، دەمزانی ئێتر لەمەودوا دەبێ بەتەنێ لەگەڵ گیانلەبەرێكی غەیرە ئادەمی بژێم.

ئەو دەمە سەعاتی كڵێسەكەش شەش جاران لێیدا. دیتم تاقە ئەستێرەیەكی بێگەردی ئامال پەمەیی لە ئاسمان را بڵێسەی دێ. گوێم لەدەنگی شووتی كەشتی یەكە بوو، دەنگی بە مەحزوونی دەهاتە بەر گوێ.. هەستم بە گرێیەكی تفتی یادەوەری عەشقەكانم كرد، گەرووی گرتبووم، هەرچەندە دەكۆشام بۆم قووت نەدەدرا. یادەوەری عەشقانێ دەبوو هەبن و بژێن، وەلێ نەبوون.. ئێدی لەوە زێتر خۆم پێنەگیرا. یەكسەر تەلەفۆنەكەم هەڵگرت و.. دڵم لەنیو دەمم دابوو، چوار ژمارەكەم لەسەر خۆ



گەڕاند، هەتاوەكو هەڵە نەكەم. لەگەڵ لێدانی زەنگی سێهەمیندا، دەنگەكەم ناسیەوە.

– زۆر باشە هەی شۆڕەژن.

ئەم قسەیەم بەهەناسیەكی پڕ ئارامەوە ووت و درێژەم پێدا:

– داوای لێبووردن دەكەم.. كە بەم بەیانیە زووە بێزارم كردی.

– خەم مەخۆ.. خۆیشم چاوەڕوانی تەلەفۆنم لێ ئەكردی

– دەمەوێ كچۆلەكە ببینم، هەر بەو چەشنەی خوا هینایە دونیاوە، بە بێ بۆیەو ئارایش

بەقاقایەكی بەرزەوە.. پێكەنی و ووتی:

– چۆنت بەدڵە با وابێ.. وەلێ خۆشی رووت كردنەوەی پارچە پارچەی كراسەكانی لەدەستی خۆت مەدە، خۆ دەزانی پیرەكان وا حەز دەكەن، بەهەر حاڵ هۆكەی نازانم.

– بەلام من دەزانم.. چونكە ئەوان زو وپیر دەبن. ئەو فەرمایشتەكانمی بەجێ دەهێنا.. ووتی:

– چاكە.. كەواتە هەر ئەمشەو لە سەعاتی دەی تەواو، بەر لەوەی سارد ماسیەكە ساردبێتەوە.

(٣)

"ئاخۆ ناوی چیبیّ..؟".خاوەن گەمەگاکە ناوەکەی نەدرکاند.. کاتیّ باسی ئەوی بۆ دەکردم، هەر بە کچۆڵەی ناوزەد دەکرد. (کچۆڵە)..من گۆڕیم بە ناوی کەسم دادەنا وەك بیلبیلەی چاو، یابە کەشتیەیەکی چکۆڵەم مەزەنە دەکرد.( رووسا کابارکاس )بۆ هەر هەمویان نازناوێکی لیّ دەنان، جیاواز لە یەکدی و لای دۆستەکانیشی بەو نازناوانەوە بانگ دەکران. من لە سیمایانەوە مەزەنەی خۆمم بۆ ناوە راستەقینەکانیان هەبوو. هەر لە سەرەتاوە هەستم کرد کچۆڵە ناوێکی دوورو درێژی هەبێت، وەك(( فیلۆمینا..یا ساتۆرینا..یا نیکۆلاسا)). لە رامانی ناوی کچۆڵەدابووم، کاتیّ لەسەر راخەرەکە تلیداو شێوەی نیوە بازنەیەکی وەرگرت و پشتی تێکردم. وام بە بەرچاودا هات، بە قەدەر جەستەی پەڵە خوێنێکی دادابیّ. زۆر سەرسام بووم، وەلیّ کە دیقەتمداو لێی ووردبوومەوە، خوێن نەبوو، تەڕایی ئارەقەی



لەشیبوو. هەر لەبەر ئەوەشبوو وەرچەرخایە سەر تەنیشت.( رووسا کابارکاس) ئامۆژگاری ئەوەی کردبووم کە لە تەکیا نەرم و نیان بم، تا بە یەکەم ترسدا نەتەقێتەوە. لەوەش زیاتر.. کەش و هەوای دەرەو بۆ تەمەنی ئەو ترسێکبوو. دەبوو کەمێك فالیریانای سڕکەرەوەکەی بۆ زیادکەم، تا بە ئارامی بنویّ. بە ناولەپی دەستی راستم ئارەقەکەی نیوچەوانیم سڕیەوە. لەو کاتەدا بە نەرمی گۆرانیەکی دیلگادینام بۆ ووت.هەر کە ئارەقەکەیم لە جێیەکی جەستەیدا دەسڕیەوە لە جێیەکی تر ئارەقەی دەردەدا. پێموابوو نەزمی گۆرانیەکە کارێگەری بە سەرەوەبوو:

(( دیلگادینا.. دیلگادینا هەر تۆی ئازیزی من، هەر تۆی رووحی من)).

هەستێکی سەیربوو بەلامەوە، کە ئارەقەکەیم لە لایەك دەسڕی بەلەز لە لایەکی ترەوە سەری هەڵدەدا.وەك ئەوەی ئەویش نەیەویّ گۆرانیەکە تەواو بێت. بە ئاسپایی چرپاندمە گوێی:

– دیلگادینا.. هەستە کراسە ئاوڕیشمینەکەت لەبەر کە!.

دواتر کەنیزەکانی پاشا.. (دیلگادینا)یان بینی لە توینا خنکابوو. وام هەست دەکرد کچۆڵەم لەگویّبیستی ناوی (دیلگادینا) خەریکە بە ئاگا دیّ، حەتمەن ئارەزوویەکی زۆریبوو کە بەو ناوەوە بانگی لێوە بکەم.بە نیمچە رووتییەکەوە لە تەنیشتی راکشام. تا بەرە بەیان لەبەر هەناسەکانیدا بە ئارامی نووستم. ئەو هەناسانەی لە جەستەیەکی تورتدا بۆن و بەرامەی

سڕکەرەوەیان هەبوو.بێ ئەوەی ئاوێ بە خۆمدا بکەم، بەلەز جلەکانم لەبەر کرد. بەر لەوەی ئەویش جێبیلّم، لەسەر مینای ئاوێنەکە، چاوم بەو نووسینە کەوت کە نووسرابوو:

(( پڵنگ لە دوور را ناخوات..!!)).

دەمزانی شەوی پێشتر ئەم نووسینە نەبوو. بڕوام نەدەکرد، کەسێکیش هاتبێتە ژوورەوە. خۆ ناکرێ بڵێم جنۆکەکانیش نووسیویانە. لەبەر دەرگاکە رووبە رووی بلاّچەیەك بوومەوە، زۆر بە شپرزەییەوە چاوم لە ترۆمبێلێك گڕدا. بارانێکی بە تاو دایکرد. باراناوەکە.. هەرچی بە سەر شەقامەکەوەبوو رایدەماڵی. لەم مانگی ئەیلوولەداو دوای سێ مانگ لە بێبارانی.. لە پڕ وا بەتاو دەبارێ.باو بۆرانێکیشی لە گەڵ خویدا هێناوە دار لە رەگ دەردێنێ.پاش ئەو راڕایانەم بیرم کەوتەوە بە تەنێ نیم. پشیلەیەك بە بەرچاومەوە بازیداو بە سەر لێواری پەنجەرەیەکەوە خۆی گرتەوە..هەر ئەو پشیلەیەبوو کە لەوێ ناسیم، بەرماوەکەی هەر مابوو، نەگۆڕابوو. هیچ زانیاریەکم دەربارەی پشیلە نەبوو، وەڵێ دەمزانی چاڵ بۆ پیسایەکانی دەکات، بە تایبەت لەو خانوانەی حەوشیان نیە، هەر وەك ئەم خانوە. لە کونجێکی نادیار پیسایەکەی دەشارێتەوە. رەنگە خۆڵی ئینجانەیەك هەڵکۆڵێ بۆ ئەو مەبەستە. باشترین چارەسەرکردنیش بۆ ئەم جۆرە خانوانە، خۆڵی بۆ بکەیتە سەبەتەیەکەوە، تا پیسایەکەی تیا بشارێتەوە. بۆ میزکردن دانامێنێ، بە هەموو شتێکیدا



دەکات. رەنگە گرفتێکی من بێ. بە داخەوە کەسێ چارەسەری وای لانەدرکاندووم.. کە چیبکەم باشە. گەڕام بە دووی شوێنەواری رفتارەکانی، زۆرم بە دی نەکرد، هەوڵمدا فێری ژەمە خواردنەکانی بکەم، چۆن خۆڵرێژەکە بەکار بێنێ، کاتێ من دەنووم، نەیەت بە لامەوە، لەسەر جێگەکەم پاڵ نەکەوێ، لمۆز بە خواردنی سەر خوانەکەوە نەنێت. نەمتوانی تەواو تێی بگەیەنم، هەرچەند بەشە هەقی خۆی هەیە لە ماڵەکە، نەشدەبوو بە بەشەتالاّنی جەنگی لە قەڵەم بدا. بۆیە لێیگەڕام بە ئارەزووی خۆی و بە خەسڵەتی پشیلەیەکی ماڵی رفتار بکات.

دەمەو ئێوارە.. باو بۆرانەکە تەواو دانەمرکابوو، چەند جارێ پژمیم. سەرئێشەیەك دایگرتم، لێیکردم بە (تا).نەکەونمە جێگا، بە پێچەوانەوەهەستم بە هێزێك کرد، هەرگیز هێزی وام لە هەرزەکاریشدا بە خۆمەوە نەبینیبوو. دەوریەکانم لە ژێر دڵۆپەکان دانا، هەستم کرد دڵۆپەکان لە هی پار زیاترن. لای دەستە راستی کتێبخانەکە پڕبوو لە ئاو، بە لەز هەردوو کتێبی گریك و لاتینیەکانم قۆستەوە. لە پڕ ئاو لە دیواری لای تەنیشتی راستمەوە فوارەی کرد. دیاربوو بۆری ناو دیوارەکە شکابوو. بڕێ باشم لە کتێبەکان لە نوقوومبوون رزگار کرد. لە دەرەوە هەراو هوریای باو بۆرانەکە خەریکبوو دونیای هەڵدەگرت. یەك دوو بلاّچەی دوور گشت هەراو هوریاکەی لە شار دوورخستەوە. بۆنێك وەك بۆنی گۆگردێکی توون پەخشبووەوە.سەر لە نوێ باو

بۆرانێکی بە هێز داهات، هەرچی دەهاتە رێی ووردو خاشی دەکرد. شووشەی بە خانووەوە نەهێشت، خۆی کرد بە ژوورا. ئەوەندەی نەبرد، نە باران ما نەیش باو بۆرانەکە. خۆریش دوانەکەوت و هەر زوو کەوتە وێزەی ووشککردنەوەی تەڕاییەکان. گەرما وەك لە رقێکدا هەڵچووبێت، تا دەستی دەگرت گەرمای تێ دەسرەواندین.

کە باو بۆرانەکە نەما، لەو باوەڕەدابووم، هەر خۆم بە تەنێ لە ماڵەوە نیم. باوەڕم بەوەهەبوو کە وەك چۆن رووداوە سرووشتیەکان لە بیر دەچنەوە، هەروا هەندێ رووداویش هەن وەك نەکرابن وان. رەنگە لە بیرەوەریدا بمێننەوە، وەك ئەوەی روویاندابێت. گرفتەکە ئەوەیە، کاتێ لە باوبۆرانەکەدا ئەو هەموو کارەم بە پەلە کرد، خۆمم بە تەنێ لە ماڵەکەدا نەدەبینی، بەڵکو (دیلگادینا)ش لە ماڵەوەبوو. ئەو شەوە هەستم بە نزیکی ئەو کرد، تەنانەت.. هەستم بە هەناسەکانی دەکرد، هەستم بە لەرینەوەی رووەمەتەکانی سەر پشتیەکە دەکرد. ئەمانەم لە ژووری نووستن درکپێکردبوو، درکم بەو هەموو کارانەشکرد کە لە ماوەیەکی کورتدا دەبوو بیکەین. لە بیرمە کە لە ژووری کتێبخانەکەدابووم، ئەو بە ئاگابوو، بە کراسێکی ئاودامانی گوڵدارەوە کتێبەکانی لە دەست وەردەگرتم و ریزی دەکردن. دەمبینی سرتەی دەکرد بە ژوورەکاندا. هەموو جەستەی لەو باوبۆرانەدا تەڕببوو. لە بیرمە بۆ بەرچایی بەیانیان لە هیچەش



خوانی دەڕازاندەوە. هەرگیز نیگای ئەو چاوانەم لە بیر ناچێتەوە کە تێی دەڕواندم، پڕبوون لە گلەیی. نازانم گلەییەکانی لە من بوون یا لە ژیان. وەڵێ مەزەنەم دەکرد وەك بڵێ:

((بۆ پێم ئاشنابویت.. هۆ پیرەمێرد!؟)).

منیش بۆم روونکردەوە:

((تەمەن نیە کە یەکێکمانی گەیاندوەتە ئەم عومرە، بەڵکو هەستکردنە پێی)).

لەو ساتەوە.. لە هزرمدا جێگیربوو. هەرچیم بوێ لە تەکیا بیکەم. بە ئارەزووی خۆم رەنگ بۆ چاوەکانی هەڵبژێرم، رەنگی ئاو.. کاتێ بە خەبەر دێ. رەنگی تیرەی کامیش کە پێدەکەنێ. رەنگی تیشك کاتێ دەبمە بەربەستی. بە پێی تەمەن لە بەری دەکەم. چۆنم بوێ وای‌دەکەم. لە کراسی بوکێنی بیست ساڵی عەشقدا، یا سۆزانیەکی بە تەمەنی گەمەگاکان. وەك شاژنێکی حەفتا ساڵەی بابلی، راهیبەیەکی سەدساڵە. پێکڕا گۆرانیەکی دووقۆڵی عەشق بە ئاوازی مۆسیقای( بۆتچینی و بۆلیرۆ و لاگۆستین لارا) بڵێینەوە. بە گۆرانیەکانی( کارلۆس گاردیل)دا بچینەوە. ئەوە بۆ خەڵکی بسەڵمێنین، ئەوانەی ئاوێتەی ئاواز و گۆرانی نابن،ئاسودەگی بە تەواوی ناناسنەوە. ئەمڕۆ دەزانم ئەوەی رابوورد خەون نەبوو، موعجیزەیەکی تربوو لە سەرەتای نەودساڵیمدا بوژایەوە بۆ عەشق.

دوای تەواوکاری ماڵەکەم، پەیوەندیم بە( رووسا کابارکاس)ەوە کرد. هەر زوو رووسا ووتی:
– خوای گەورە.. وامزانی خنکاون، شوکر بۆ خوا ماون..!
رووسا لەو باوەڕەدا نەبوو شەوێکی تر لەگەڵ کچۆڵە دابەرمە سەر، بێ ئەوەی دەستی بۆ بەرم، داوای شەوێکی ترم لێکرد.
ووتی:
– هەقی خۆتە، ترسام نەك بە دڵت نەبێت. دووبارە پێت دەڵێم، تا ئەتوانی نەرم و نیان بە لە تەکیا.
وویستم هەندێ شتی بۆ روون بکەمەوە، ئەو باسەکەی گۆڕی و ووتی:
– کەسێکی ترم بۆت دۆزیوەتەوە، لەو بە تەمەنترە، ئەویش هەر کچەو، باوکی دەیەوێ بە خانوویەك بیگۆڕێتەوە.دەتوانین پێیشی کەم کەینەوە.
دڵم خورپەی کرد و بەرپەرچم دایەوە، بێئەوەی هەڵچم. بێدەنگی باڵی بەسەردا دادابن، وەك ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێ، دەنگێکم بەرگوێ کەوت.
(( هەڵبەت ئەمەیە کە پزیشکەکان بە خرفی پیری ناوی دەبەن..!!)).
کاتژمێر دەی شەوێ.. لەگەڵ شۆفێرێکی کەمدوو رۆیشتم. لەگەڵ خۆمدا پانکەیەك و تابلۆیەکی (ئۆرۆلاندۆ ریفێرا) کە ناوی( فیگوریتا)ی لەسەر نووسرابوو، بە هەموو پێداویستی



داکوتانەکانیشەوە بۆم برد. لە رێگا فڵچەی ددان و ماجوون و سابوونی بۆندار و عەتریشم بۆ کڕی.چەپکێ گوڵ و گوڵزاریشم بۆ هاویشتە سەری، لای باخچەیەکی سەرە رێکە بێ ئیزنی خاوەن ماڵ چەپکێ گوڵی( ئیسترۆمیلا)م لێکردەوە. لەسەر رێنمایی گەمەگاچیەکە، لە دەرگای پشتەوەی بارەکە چوومە ژوورەوە. شۆفێرەکە وەك ئاگاداریەك پێی ووتم:
–بەڕێز.. ئاگاداری خۆت بە، لەم شوێنانەدا کوشتن بە فلسێکە!!.
ئاگاداریەکەی..بەلامەوە گرنگ نەبوو.لەبەر ئەو ئەگەر بشکوژرێم، زەرەرمەند نابم. تەواو تاریکی داهاتبوو، رووناکی ناوەوە لە پەنجەرەکانەوە دیاربوو. دەنگی مۆسیقایەکی بە جۆش و خرۆش لە هەر شەش ژوورەکەوە دەهات، بە ژوورەکەی خۆیشمەوە. گوێم لە مۆسیقای( بێدرۆ بارگاس) و(تینۆر ئەمەریکا)بوو، بە ئاوازەکانی( بۆلێر و لمیگل ماتامۆرس ). هەستم بە گیانکێشانی خۆم دەکرد. پاڵم بە دەرگاکەوە نا، (دیلگادینا)م بینی.. وەك چۆن لە هزرو بیرەوەریەکانمدا مابۆوە.رووت و لە خەونێکی ئاشتیخوازانەدا، هەر وەك شاژنێك راکشابوو. بەر لەوەی بچمە سەر جێگاکە ژوورەکەم رازاندەوە بەو شت ومەکانەی بۆم هێنابوو. تابلۆکەم لەو دیوارەدا کرد بە دارا،کە لە گەڵ بە خەبەربوونەوەیدا چاوی پێبکەوێ. پانکاکەشم دابەست، ئەو دوای کارەکانی تریشم بە جێی شیاو بەشاندەوە، ئەوجا لە تەکیدا راکشام. بست بە بستی جەستەیم لێستەوە.لەوەش

دڵنیابووم کە هەر خۆیەتی، ئەوەیلە ژوور بە ژووری ماڵەکەمدا سرتەی دەهات. دەست هەر ئەو دەستانەن کە لە تاریکیدا بۆم دەگەڕان، پێکانی.. پێی ئەون کە لە چرپەی پێی پشیلەیەك جیاناکرێنەوە، بۆنی جەستەی نەگۆڕاوە. هەرگیز باوەڕناکەم ئەو نەبێت، بەڵام لەبەر چاومدا وەك ئەوە نیە کەلە هزرو بیرەوەریەکانمدایە.
ئەو تابلۆیەی سەر لادیوارەکە کاری (ڤیگۆریتا)ی هونەرمەندە، ئەو پیاوەی هەمووومان خۆشمان دەوێ، باشترین سەماکەربوو.پیاوێکی دڵپاك و بەسۆزبوو، تەنانەت دڵی بە شەیتانیش دەسووتا. ئەم تابلۆیەی لە پەردەپەڕۆی لێواری سووتاوی فڕۆکەیەکی بەرەوەبووی چیاکانی سیرانیفادا و لەو بۆیە پاشماوانەی بۆ رەنگکردنی پاپۆڕەکان.. کە بەسەر زەویەوە دەمانەوە کێشاویەتی، نزیك بە شاری( سانتا مارتا).بەو فڵچانەی لە مووی کلکی سەگ دروستی کردبوون. ئەو ئافرەتەی نیو تابلۆکەش راهیبەیەو لە کلێسایەك رفاندبووی‌و، لە خۆی مارە کردبوو.لێرەش کە هەڵمواسیوە، بۆ ئەوەیکە بەخەبەر دێ یەکەم شتێك چاوی پێبکەوێ ئەم تابلۆیە بێت.
شەوێ درەنگ.. کاتژمێر یەکی پاش نیوە شەو، کاتێ هەناسەکان ئاسپابوون، مەچەکی دەستیم گرت، تا بە ترپەکانی دڵیدا بزانم کە زیندووە.خوێن بە دەربڕینی گۆرانیەکی زۆر نەرم.. لەسەر خۆ بە سووڕی خۆیدا دەهات و دەچوو.



بەرەبەیان.. بەر لەوەی بڕۆم، هێڵەکانی ناو لەپیم لەسەر پەڕەکاغزێك کێشا. ئەو پەڕیەم دایە دەستی (دیڤاساهبی) حەساوگەر، دا بۆمی بخوێنێتەوە. دەمێك دیڤا لە هێڵەکان راما و ووتی:
– هێڵەکان.. هێڵی دەستی کەسێکە کەمدوو، هیچ ناڵێ، بێجگە لەوەی بیری لێدەکاتەوە. بەهرەی کاری دەستی تێدایە، پەیوەندی بە کەسێکەوەبۆوەو مردووە. چاوەڕوانی یارمەتی لێ دەکا، بەڵام بە هەڵەدا چووە.ئەو یارمەتیەی چاوەڕوانیەتی لە دەست خۆیدایە. شویەك دەکات و پاش عومرێکی درێژ دەمرێ. یەکێك بە دەوریدا دێ، وەلێ پیاوی عومری نیە. تا هەشت منالێ دەتوانێ سك بکات، بەڵام خۆی سیانی پێبەسە. لە سی و پێنج ساڵیدا ئەوەی دڵی بیەوێ دەیکات، نەك هزر. پارەیەکی زۆری بۆ دێ. لە چل ساڵیداموڵکێکی زۆری بۆ دەمێنێتەوە. سەفەر زۆر دەکات. ژیان و بەختی دووانەیین، دەتوانێ کار بکاتە سەر قەدەری خۆی. حەزی بە تاقیکردنەوەی هەموو شتێکە، ئەگەر بە رێنمایی دڵیدا نەکات زەرەرمەند دەبێت.
هەموو ئەو وێرانکاریانەم چاککردەوە، کە باوبۆرانەکە تێکیدابوو، سەرەڕای ئەوەش.. ئەو کارانەشم کرد کە ساڵانێکبوو پێمنەکرابوو، چ لەبەر بێپارەیی یاخود گوێم پێنەدابوون. کتێبخانەکەم رێکخستەوە، بەپێی خوێندنەوەم بۆ کتێبەکان. دواجار ئۆرگە دەستیەکەم بە هەموو شریتەکانیەوە لە مەزادێکدا

فرۆشت، کە زیاتر لە سەد شریتی لەگەڵدابوو. فۆنۆگرافێکی بەکارهێنراوم بە دەنگۆکانیەوە لێ کڕی.بڕێك لە ماڵەکەی پڕکردەوە. خەریکبوو بچمە سەر ساجی عەلی، شوکر تیا دەرچووم.

خانوەکە لە خۆڵە کەوەی خۆی دەبوژایەوە. کاتێ ئاوێتەی عەشقی (دیلگادینا)بووم، بەو پەڕی خۆشەویستیەوە بە ناخیدا رۆدەچووم. بۆ یەکەمجارمبوو بەرانبەر بە ناخی خۆمدا بچمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا عومر لە رۆیشتن نەدەکەوت. دوودڵی وای لێکردم کە هەموو شتێك دەکرێ لە شوێن خۆیدا بێت.

هەموو گرفتێك لە کاتی خۆی، هەموو قسەیەکیش بە گوزارشتی خۆی. بەخششی باش لە هزری رێك و پێکدانیە، بە پێچەوانەوە. لە گێرە شێوێنیی سرووشتدا.. رژێمێك داهێنان بۆ بەرپەرچدانەوە دادێت. من بە پێوەرێك بەرپەرچدانەوەم نەبوە، بەڵکو کاردانەوەی گوێنەدانەکانم بوون، بۆ راپەڕین، لەگەڵ ئەوەی خۆم وا پیشانداوە کەوریاو ئاگادارم، بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکان..هەردەم مەیلی ئاشتیم هەبوەو هەیە، دا نەکەومە ژێر پێی تورەبونەکانی نیو ناخمەوە. لە پەیمانەکانمدا.. دا کەس درك بەوەنەکات رێزی پەیمان ناگرم، یا لەکاتی خۆیدا دەچووم، یا خەبەرم دەنارد بۆ سەرقاڵیبوونم بە کارێکەوە. دواجار بۆم دەرکەوت خۆشەویستی رووکارێکی گیان نیە، بەڵکو..هێمای ئاسمانێکی خوداوەندیە. کەسێتیەکی ترم لە خۆمدا رسکاند.



دەمویست بە وانە کلاسیکیەکانی هەرزەکاریمدا.. لە رێنماییەکاندا بچمەوە. بۆم نەکرا. خۆم لە ئەدەبی رۆمانسیەتدا نوقمکرد. لەمانەوە و لە دایکمەوە گەیشتم بەو بیردۆزەیەی کە دەڵێت:

((مەرج نیە پێشکەوتنی دونیا لە بەعەشقبوونەوە بێ، کە مایەی شادی بەخشە. بەڵکو لە پێچەوانەی ئەو عەشقانەدا دادێت..!!))

کاتێ کێشە لە چێژوەرگرتنی مۆسیقام تیا دروستبوو، بۆم دەرکەوت چەند دواکەوتووم. داچەمیمەوەو دڵم بۆ لەپڕتاوی شتەکان کردەوە.ئێستا لە خۆم دەپرسم، چۆن لە ژێر باری ئەم هەموو گێژاویەدا نەمردم و مامەوە، کە خۆم بە خۆمم دەکرد. بە لەز بە هەورە گومراوەکاندا سەردەکەوتم. لە مینای ئاوێنەکەوە لە خۆمم دەڕوانی. دەمویست لەو وەهمە دەرچم و خۆم بناسمەوە کە کێم. وورتە وورتم گەیشتبوە رادەیەك، کە لە رێپێوانێکی قوتابیاندا، هەموو تواناکانم یەکخست، دا بەو نووسراوە بەشداری نەکەم:

(( کە من کوشتەی عەشقم..!!)).

بەسەر یادگاریەکانی (دیلگادینا)دا شۆڕبومەوە، بێهودە.. لە ناخەوە راپۆرتەکانی یەکشەمموانم گۆڕین. واملێهات کە بۆ ئەوی بنووسم، نووسینەکان هەرچیەك بن، گرنگ لەو دەدوام. لەو راپۆرتانە دەگریام و پێدەکەنیم بۆی. لەبەردەم هەر وشەیەکدا هەستم بە تەواوبوونی خۆم دەکرد. لەبری هەواڵەکانی ناوخۆ

دەستم کرد بە نووسینەوەی راوبۆچوونەکانم لە مەڕ دڵداریەوە. ئەوەی دەیخوێندەوە، وایدەزانی تایبەتە بە خۆی. لە رۆژنامەکەشدا پێشنیارم کرد، کە نامەکان بە چاپکراوی دانەگرن، هەر بە دەسنووسەکەی خۆمەوە دابەزێ.

سەرنووسەرەکە ووتی:

- بۆ نا، ئەمیش خرفبوونێکی تری پیریە.!.

بەڕێوەبەری رۆژنامەکە هەڵیداو ووتی:

- بە هەڵەدا مەچۆ، شێت زۆرجار بەر لە ئێمەی عاقڵ هەست بە بانەرۆژ دەکەن.

رەنگدانەوەی نووسینەکانم لەنیو کۆمەڵگاکەدا هەر زوو دەرکەوت، نامەیەکی زۆریان لە دەستخۆشی بۆ ناردین.داواکاری لەسەر نامەکان زۆربوو، بە رادەیەك لە شێوەی نامیلکە و بە دەستنووسی خۆم بڵاوکرانەوە، هەر وەك جگەرە سڕکەرەکان کڕیاریان زۆربوو، لەسەر شەقامی (سان پلاس) ریزکرابوون. نامەکان.. لە ناخی گەنجینەی تەمەنی نەودساڵیدا، بەو پەڕی پەرۆشیەوە.. گوزارشتیان لە ئارەزووکانم دەکرد، کە لە ناخ و لە سایەی عەشقێکی پیرۆزدا بە خۆیدا دەهاتەوە.

بەر لە کۆتایی ساڵ.. لەگەڵ( رووسا کابارکاس) رێککەوتبووم، لەو ژوورەدا بمێنێتەوە، لە ژێر هەوای پانکەکە و گیراوەی جوانکاریەکان و هەرچیەك دواتر کە بۆی دێنم، بەو ئومێدەی بشێت بۆ گوزەران. بەردەوام کاتژمێر دە دەگەیشتمە لای، هەموو



جارێکیش دەس و دیاریەکم بۆ دەهێنا، چەند خولەکێکم تەرخان دەکرد بۆ ئاشکرا کردنی دیاریەکان، بەر لەوەی بچینە شانۆی شەوەوە. بەرەبەیانیش..بەر لە کاتژمێر پێنج درەدەپەڕیم. شتەکانم دەپاراست و دەرگاکەم کلۆم دەدا، دا نەبێ بە ژووری رابواردنە سەرپێیەکانی هاموشۆکەرە خەمبارەکان.

بەیانیانێك.. گوێم لە( مارکۆس بیریس )بوو،کە بەرنامەکەی لە بەیانیاندا پەخش دەبووەوە، بڕیاری دابو پێم.. کە راپۆرتەکانی یەکشەمموانم بخوێنێتەوە. رووم لە (دیلگادینا) کرد و ووتم:

- دەزانی ناوداری ئافرەتێکی زۆر قەڵەوە.. مرۆ لە تەکیدا نانوێ، وەلێ کە بە ئاگا دێ، لەسەر جێگاکە بەرانبەری گرتووە و تێی دەڕوانێ.

بەیانیانێك.. لە تەك( رووسا کابارکاس) بەرچاییم کرد، رووسام وادەهاتە بەر چاو کەمتر کۆمبوبێتەوە، سەرەڕای ئەو هەموو پەژاریەو رەشپۆشیەی لە جیهانێکی خەمباری دەکرد. نانی بەیانیانی رووسا زۆر بەناوبانگبوو، هەندێ بیبەری توون.. ئاوی لە چاو دەردەهێنا، لەگەڵ هەوەڵینپارووی گەرمی.. ئاو بە چاومدا فوارەی دەکرد. پێم ووت:

- ئەمشەو.. لە شەوێکی مرازیی دەکرد. بێ هیچ پاڕانەوەیەك هاتە دی.

رووسا ووتی:

-ئەوە لەبەر ئەوەی خوداوەندی عەشق لە ژوورەکەتدابوو!!.

رووسا زۆر سەرسامبوو کە ناوی (دیلگادینا)م لە بەردەمیدا هێنا. ووتی:
– ئەم ناوە ناوی ئەو نیە، ئەو ناوی...
قسەکەم پێ قاچی و ووتم:
–هیچی ترم بۆ مەڵێ، ئەو بۆ من ناوی (دیلگادینا)یە.
شانێکی بۆ راوەشاند و ووتی:
– باشە با وابێت، بەڵام ئەو ناوە میزەچۆڕکی بە مرۆ دەکات..!
ئەو نووسراوەی سەر ئاوێنەکەم بۆ رووسا گێڕایەوە، کە کچۆڵە ( دیلگادینا ) دەربارەی پڵنگەکە نووسیبوی. رووسا ووتیەوە:
– باوەڕناکەم ئەو نووسیبێتی، چونکە ئەو خوێندەواریشی هەر نیە !.
– باشە.. ئەی کێ نووسیویەتی..؟
دیسانەوە شانێکی بۆ راوەشاند و ووتی:
– رەنگە کەسێك بەر لە مردنی لەو ژوورە نووسیبێتی.
بە هەلمزانی لەو نانی بەیانیەدا، داخی دڵی خۆم هەڵرێژم، ئەوەی لە دڵمایە بیخەمە نیو دەستی (رووسا)وە.. دا یارمەتیم بدات، ئەویش هەر بۆ خۆشگوزەرانی (دیلگادینا)یە. گشت ئەو یارمەتیانەی لە خۆڕا نەدەدامێ. کچۆڵە شوێنێکی پیرۆزی لە دڵی رووسادا هەبوو. جارێك لەو شێوە پیرۆزەیەی( کچۆڵە )م لای رووسا درکاند، وەك ئەوەی بمەوێ داخوازی بکەم، رووسا بە بیرۆکەیەکی باشی لە قەڵەمدا و ووتی:



– بۆ نایخوازی..؟!
دەمودەست سڕبووم. رووسا بۆ دووەمجار ووتیەوە:
– بیخوازە..بۆ تۆ زۆر باشە، لەم تەمەنەی تۆدا.. ئەگەر کەڵکی بێ یا نەبێ، لەوە باشترە دوودڵ بی..!!
بەرپەرچمدایەوەو ووتم:
– پرسەتاو چ پرسەیەکە مرۆڤ پەنای بۆ دەبات، کاتێ خۆشەویستی لە بەردەمیا مەحاڵ دەبێت، بە تایبەت لای رێویەکی پیردارەوە..!
دایە قاقای پێکەنین وووتی:
– ئای ئازیزەکەم.. دەمزانی بەردەوام تۆ پیاوی، هەردەم پیاوێکی پیاوانەبوویتە، خۆشحاڵم بە هاوڕێیەتیت، لە کاتێکدا هاوتەمەنەکانت لە خۆ پڕ چەکی بوونەتەوە، زۆربەیان ناوی تۆ بە سەر زاریانەوەیە، گوێت لە ( مارکۆس پیرس )بوو..؟
دا قسەکەی پێبقاچم ووتم:
– هەموان گوێی بۆ رادەدێرن.
جەختی لەسەر قسەکەی کرد و ووتی:
– دوێنێ.. پرۆفیسۆر( کاماتشۆ کانۆ) لە بەرنامەی (( کاتژمێرێك لە کەمی هەموو شتێ ))دا باسی لە پیاو کرد، منیش دەڵێم راستە پیاوی پیاوانە کەمن.
لە کۆتایی ئەو هەفتەیە، (دیلگادینا) تاو لەرزی گرت،( رووسا کاباركاس )م ئاگادارکردەوە، فریام کەوێت و دەرمانێك لە

دەرمانخانەی ماڵەکەیم باتێ. دوای دوو ڕۆژ دیلگادینا هەر هیلاکبوو، تەنانەت ئاسانترین کارێکی بۆ هەڵنەدەسووڕا. دوکتۆر بۆ هەلأمەتەکەی دەرمانی نووسیبوو، کە پاش هەفتەیەك چاکببێتەوە. زۆر خەمی کەم خۆراکیەکەیمبوو، دەترسام لە دەستم بچێت،(( خوا بەو ڕۆژە نەکات))، بۆیە هەر هەموو کارەکانم لە بری ئەو رادەپەڕاند.

ئەو تابلۆیەی( سیسیلیا بۆرانس ) یشم برد بۆ ئەوێ، کە لە ژێر ناونیشانی(( هەمووومان لە چاوەڕوانیداین)) کێشابوی. ئەو کورتە چیرۆکانەی ( ئیلفارۆ سیبیدا ))شم بۆ بردبوو. هەر حەوت بەرگەکەی ڕۆمانی ( جوان کریستۆفەر)یشم بۆ بردبوو، کە ڕۆماننووس( ڕۆمان ڕۆلأنە) نووسیویەتی.کە د(یلگادینا) هاتەوە سەر خۆی و توانی هەستێتە سەر پێ، چاوم لێبوو خۆشیەکی تیا رسکا، لەو کەش و هەوایەی ئاسودەگی بەو ڕەنگە پەمەییانەی دیوارەکان، بەو چرا کزانەی هەست لە عیشوە ناڕەوێننەوە، بەو گوڵانەی رووح دەبوژێننەوە، وەك خانەخوێیەك لە ئاست تابلۆکەدا ڕاوەستاو ووتی:

– ئەم تایلۆ جوانەت لە کوێ..؟!

زۆر بە کەیفەوە و زۆر بە نەرمی لێی نزیکبومەوە و ووتم:

– پیرۆزترین تابلۆی دایکمە.

بیرم کردەوە، دەبوو رادیۆکەش بگۆڕم بە یەکێکی شەپۆڵ کورت، تا( دیلگادینا) گوێ لە مۆسیقای نوێ بگرێت، لەسەر



چوارینەکانی مۆزارت. وەڵێ شەوێ بەدیار گۆرانیەکانی ( بۆلێرۆ )وە بینیم دانیشتوە. کاتی خۆی کە گەنجبووم، مەیلم لەو گۆرانیانە بوو. ڕۆژی دواتر، لەسەر مینای ئاوێنەکە و بە قەڵەمی سووراوی لێو بۆم نووسی(( کچۆڵەکەم.. من و تۆ بێکەسی ئەم جیهانەین)). لەو کاتەدا هەستم کرد کەمێك داویەتیە بالأ. لەگەڵ( رووسا کابارکاس) لەو گرفتە دوابووم، ئەو زۆر بە سرووشتی دانا و ووتی:

– پێنجی کانونی یەکەم پازدە سالأنی تەواودەکات، نمونەی تەواوی بەختی (کەوان)ە.

ئەو بەختە سەری لێشێواندم، بەرادەیەك.. ئەوانەی لە بەختی کەوانن سرووشتیانە هەڵدەکەن، بەرادەیەك.. جەژنی لەدایکبوونیان نابوارن. نەمدەزانی لەو ڕۆژەدا چی بۆ بکەم بەدیاری، باشبوو رووسام بیرکەوتەوە، بێئەوەی بەرانبەر بە پرسیارەکەم دابمێنێت ووتی:

– پاسکیلێکی بۆ بکە بە دیاری، ئەو ڕۆژی دووجار شار دەکات، بۆ کۆمپانیای جل و بەرگ.

رووسا ئەو پاسکیلەی پیشانمدا، کە لای پشتەوە رایدەگرت. ئەودەم هەستم کرد ئەو پاسکیلە شەق و شڕە شایانی ئەو نیە. بە بینینی پاسکیلەکەش خۆشیەکم پیا هاتەوە، زانیم کە( دیلگادینا) خەونێك نیە بۆم.

کە چووم بۆ کڕینی پاسکیلەکە.. بڕیارمدا باشترین و جوانترین پاسکیلی بۆ بکەم بە دیاری. هەموو کۆگاکان گەڕام، دا ئەو پاسکیلەی مەبەستم بوو، لەگەڵ ئارەزووەکانی ئەودا بشێت. فرۆشیارەکە لە تەمەنی پرسیم، بە نازێکی پیرەمێردانەوە وەڵامم دایەوە، کە چوومەتە نەوەدو یەكساڵیەوە. ئەو ووتی:

– یانی چی..؟ پێتەوە دیار نیە، هەر مەزەنەی بیست ساڵ بچوکترت لێ دەکرێت.

بە خۆیشم نەمدەزانی.. چلۆن لەو داماڵینانەی پیری خۆم پاراستوە. لە خۆشیا کەوتمە چرپە چرپی گۆرانیەك، هێدی هێدی سینەم پڕدەبوو لە دەنگ، تا بە هەناسەی (کاروسۆی) مەزن دەنگم لێ هەڵبڕی. خەڵکی هانیان دەدام لە پێشبڕکێی ( بڕەی کۆلۆمبیا )بۆ پاسکیل سواری بەشداری بکەم. بێ ئەوەی لە گۆرانیەکە ببم سڵاوەکانیانم دەسەندەوە.

هەر لەم هەفتەیەو بۆ رێزی بەختەوەریم و لەم مانگەی بەختی کچۆڵە راپۆرتێکم لە ژێر ناونیشانی (( چۆن لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا شادمان دەبی بە سواری پاسکیلەوە )).

شەوی جەژنی لەدایکبوونی.. هەموو گۆرانیەکانی جەژنی سەری سالم بۆ (دیلگادینا) ووت، هەموو پنتێکی لەشیم راماووسی.. تا هەناسەسواری. یەکە یەکەی بڕبڕەکانی پشتی.. نیو شانی.. کەمەرە خاڵاویەکەی.. هەموو سەرسینەی. تا زیاتر ماچم دەکرد، ئەو لەشی گەرمتر دادەهات، بە راچڵکینێك پیاما نووسا،



تەزوویەك بەلەشمدا گوزەری کرد، باوەڕناکەم بتوانم وەسفی بکەم.. لە ناخمدا چوون ئاوازێك لە ژیانەوە.. خونچەکانی عومرێکی تازەی بۆ چوقەرەکردن دادەهانی. هەردوو سەر گۆنای مەمکی چزان پیاما.. چزێك وەك گەستەی هەوەڵین لەززەتی هەرزەکاری.. لە گەرمەی عیشوەبازیدا. بەرەبەیان.. کاتێ خەو دەیبردەوە، گویم لە زەڵە زەڵێکبوو، لە ئاپورایەکی دەریاوانی.. وەك دارستانێکی رەشەبا بردوو، خەوەکەم زڕاو لە گەرماوەکە ئاوێکم بە خۆدا کرد.دواتر..بەر لەوەی بڕۆم، لەسەر مینای ئاوێنەکە نووسیم:

((شنەباکانی جەژنی لەدایکبوون هات.. ئازیزگیان.. دیلگادینا، جەژنت پیرۆز)).

یەکە بیرەوەری شادمانیم، ئەو تێکئاڵۆسکانیەی ئەو بەرەبەیانیەم بوو، ئەوی تر ئەو قسەیەی مامۆستاکەم بۆیکردم، کە لە قوتابخانە دەرچووم، کە ووتی:

–((ئای کوڕی قۆز.. هەست بەو شنەبایە دەکەیت..؟)).

ئەو دەم نەمدەزانی شنەباکەی مامۆستاکەم چیە، ئەمڕۆ دوای هەشتا ساڵ.. درك بە هەمان هەڵوێست دەکەم، کاتێ لە جێنووستنەکەی (دیلگادینا) هەستام. هەر هەمان مانگبوو، شنەبایەك هەڵیکردبوو، وەك ئەوەی بگەڕێت بۆ هەڵدانەوەی کراسی کچە قوتابیەکان.

شار هەڵوەدایی مۆتەکەیی گرتبوو، لە شەوانی شنەبایی ڕەنگە گوێت لە دەنگۆی بازاڕی گشتی بێت، لە هەندێ گەڕەك بەرزتر دەهاتنە گوێ، دوور نەبوو لە ڕێی هات و هاوارەوە دۆستەکانمان بناسینەوە. لەیەل شنەباکانەوە هەواڵی ترم پێگەیشت، هەواڵی ناخۆش، هەواڵێك دەڵێ.. (( دیلگادینا ناتوانێت جەژنی سەری ساڵت لە تەکا بکات. دەبێ ئەو شەوە ئامادەی کۆبوونەوەی خێزانی بێت)). ئەوەی ڕقی هەڵساندم.. جەژنە فەرزکراوەکانە، کە مرۆ لە خۆشیاندا دەگرێنێت. (یاری)ە گڕدارەکان.. هات و هاواری جەژنە گەمژەییەکانن. ئەو کاغزە ڕەنگاو ڕەنگانەی سەر کۆرنیش کە هیچ پەیوەندیەکیان بە لەدایکبوونی کۆرپەیەکەوە نیە، بەر لە دووهەزار ساڵ لە گەوەڕێکی ماڵە هەژارێکەوە ڕەنگە سەری هەڵدابێت، گشت خەڵکی بەو بۆنەیەی خۆیەوە بەستووە. هەرچەند دانم بە خۆمدا نەگرت، لە ژوورەکەم بە تەنێ نووستم، کە بە خەبەر هاتم، وورچێکی تووکن بە تەنیشتمەوەبوو، وەك ئەوەی لەسەر دووپێ بڕوات، کارتێکی بە دەستەوەبوو، لێی نووسرابوو(( بۆ باوکی ناشرینم..!)).

(ڕووسا کابارکاس) ڕایگەیاندبووم، کە (دیلگادینا) خەریکە فێری خوێندەواری دەبێت. بەو هەواڵە ناخۆشە سەرو دڵی گرتم. کاتێ پێی ڕاگەیاندم کە وورچەکە دیاری کچۆڵەیە. شەوی سەری ساڵ.. لە کاتژمێر هەشتی شەوەوە چوومە ژوورەکەم، لەگەڵ زەنگی دوازدەی شەوێ.. دەنگۆی کەشتی پاپۆڕەکان



وایانلێکردم بەزەییم بە خۆمدا بێتەوە. خەیاڵمکرد (دیلگادینا) بەسەری پەنجەکانی پێیەوە هاتە ژوورەوە، لەتەکما ڕاکشا، ماچیکردم، زۆر بە سرووشتیانە داهات، بە جۆرێك.. بۆنی هەناسەکانی لە هەناسەکانمدا و لەززەتی ماچیش بەسەر لێوەکانمەوە مۆسیقای عەشقێکی ئەبەدیان پیاما هەڵدەڕشت.

## ( ٤ )

دەستپێکی ساڵی نوێ..یەکترمان ناسی،هەر وەك ئەوەی لە مێژە بەیەکەوە بین. ئەو چرپەیەم پێدەزانی کە ئەو لەسەری راهاتبوو، ئەگەر لە خەویشدا بێ بە جووڵەیەك لێی تێدەگەیشتم. رەنگدانەوەی رفتارەکانیم لە شێوازی خەوتنەکانیدا بەدیدەکرد، لە ماندوبووندا..شێوازێکی ئاشتیانەو بە خەونێکی پڕ لە ستاتیکا.. خۆی تیف تیفە دەدا. چیرۆکی ژیانی خۆمم بۆ دەگێڕایەوە، دەسنووسی ئەو راپۆرتانەی یەکشەممموانم بۆ دەخوێندەوە، کە هەر باسم لەو کردبوو، بێ ئەوەی پێی بڵێم دەربارەی ئەو نووسیومە.

لەم ماوەیەدا جووتێ گوارەم لەسەر پشتیەکە بۆ بەجێهێشت، کە لە دایکمەوە بۆم مابوەوە، دواتر لە گوێیدا بینیم. ئەگەر چی گوارەی خشڵێکی بە بەهابوو، وەلێ کە بە گوێیەوە بینیم، هەستم کرد.. لێی نایەت. لە ئافرەتێك دەهات کەمێك بەساڵا چووبێ،



بۆیە جووتێ گوارەی هەرزەکارانەم بۆ کڕی، کە لێی بێ. لۆیشیم روونکردەوە کە گوارەکانی پێشووی  لەگەڵ کەسێتی و شێوەی پرچ بڕینەکەی نەدەهات. بە رای خۆم.. ئەم جووتە گوارەیەم بە شایەستەتر زانی. پاشتر هیچێکم لە دوو تاقمە گوارەکان لە گوێیدا نەبینی، تێگەیشتم..نایەوێ قسەی کەس بە سەریدا زاڵبێت. وەلێ کە درکی کرد خۆم وەك جاران رووتناکەمەوە، هێدی هێدی شوێنەواری ئەو ئەمرەی کوێر کردەوە.

دەستم کرد بە خوێندنەوەی (( میری چکۆڵە )) کەی  (سانت ئەکزوبری ) کە نووسەرێکی فەڕەنساویە، غەیری فەڕەنساویەکان لە فەڕەنساویەکان زیاتر رێزیان لێدەگرت. هەوەڵین کتێببوو کە چێژێکی زۆری لێ وەرگرت و خەوی پێ لێدەکەوت. دەبوو دوو رۆژ لەسەر یەك ئامادەی خوێندنەوەی کتێبەکە بم، تا تەواوی بکەم. بە مەتەڵەکانی..(بیرۆل) و..چیرۆکەکانی مێژووی پیرۆز و..هەزار و یەکشەوە درێژەمان بە خوێندنەوەدا، کە بە چاپێکی قەشەنگ بۆ مناڵان چاپکرابوون.

بە هۆی جیاوازی کتێبێك لە کتێبێکی تر.. لە شێوازی خەو بردنەوەکانیدا بە ووردی ئاگاداربووم. کاتێ دەمزانی ئێدی تاقەتی گوێگرتنی نەماوە، کتێبەکەم دووتوێ دەکرد و چراکانم کوێر دەکردنەوە و لە تەکیدا رادەکشام و لە ئامێزم دەگرت، تا قووللەی کەڵەشێر حەسرەتەکانم پێدادەماڵین. هەستم بە شادیەك دەکرد لە ماچکردنی برژانگەکانی چاوی. شەوێ چوون

ڕووناکیەک لە ئاسمانەوە بزە خەنەیەک گرتی،پاشان بێ هیچ هۆکارێک لەسەر جێگاکە تلی داو پشتی تێکردم، لە سەر خۆ ووتی

– ئیزابیلا لە بەر بازنگەکانی گریا.

سووک پێمووت

– بازنگەکان هی کێبوون .

وەڵامی نەدامەوە، وەڵێ وەک چرپەی دەنگی ناخی کەسێک.. وورتەیەکی لێوە هات، نەمزانی چی ووت، درێژەم بە قسە نەدا، نەک دڵشکستە بێ.

گرفتی من پشیلەکەبوو، دەت ووت مانی گرتووە، دوو ڕۆژبوو دەمی بۆ زاد نەبردبوو، سەری هەڵنەدەبڕی، لە کونجێکی ژوورەکە هەڵکوڕمابوو. کە وویستم لە سەبەتەکەی نێم.. چەمۆڵەیەکی تێسرواندم. (دامیانا ) زۆر بە زەحمەت لە تورەگەیەکی ناو بردی بۆ بەیتەریەکە. لەوێوە پەیوەندی پێوەکردم، تا ئاگادارمکاتەوە.. بێجگە لە نەشتەرگەری هیچ چارەسەریەکی تری نیە، بۆیە داوای ڕەزامەندی منیان کردبوو.

بە ( دامیانە)م ووت:

– بۆچی..؟

وەڵامی دامەوەو ووتی:

– لەبەر پیری.. نەک لە نەشتەرگەریەکە ڕزگاری نەبێ..!



بە خەمێکی قورسەوە بیرم لە گرفتەکە کردەوە، ڕەنگە گوناهی ئەو پشیلەیە تا دەمرم بببێتە تەوقێ بە گەردنمەوە، ئای ئەو ڕۆژەی لە کورەی پشیلە سووتانی دەنێن، ڕەنگە هەموو شەوێ بێتە خەونم و خەوم هەراسان بکات. بە گرفتی نەشتەرگەریەکە.. لە دووسەر ببوم. نە بە تەواوی فێری ئەوە بووم چۆن پشیلەم خۆش بوێت، نەیش ئەو دڵەم هەیە بڕیار لە سەر کوشتنی بدەم، تەنها لەبەر ئەوەی پیربووە.

گرفتی نەشتەرگەریەکەی پشیلەکە تەواو کاری تێکردبووم، تەنانەت ڕاپۆرتی ئەو یەکشەممەیەم لە ژێر ناونیشانی (( ئایا پشیلە پڵنگی هۆڵە چۆڵەکانە ))..نووسی. ئەم ناونیشانەم لە (نیرۆدا)وە وەرگرت. ڕاپۆرتەکەم.. خەڵکی بە دوو ئاراستەی جیاواز لە ڕا دەربڕیندا برد، بەشێک لە خەڵک لە گەڵ ئەو گیانەوەرەدا بوون، بەشەکەی تری خەڵک دژ بە بیرۆکەی بوونی ئەو گیاندارەبوون لە ماڵەکانیاندا. دوای پێنج ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەم، دەرئەنجامی ڕاوبۆچوونی خەڵکی کە گەیشتە ڕۆژنامەکە، بەوە کۆتایی هات.. کە پشیلەکان بکەن بە قوربانی، ئەویش لەبەر هۆکارێک کە پەیوەستە بە تەندرووستی گشتیەوە، نەک لەبەر بیر و ڕای دواکەوتوویی.

پاش مردنی دایکم، ترسێک هەراسانی کردبووم، وام هەست دەکرد، کەسێک لە خەودا دەمگرێ. شەوێک هەستم کرد کەسێک

به دیار سەرمەوەیە، زۆر ترسام، وەلێ لە پڕ گوێم لە دەنگێ بوو، ئەو دەنگە هێوری کردمەوە، کە بە ئیتاڵیایی ووتی:

-Figlio miopoveretto

بەرەبەیانی ئەو رۆژە وەختەبوو لە خوشیاندا بفرم، کاتێ زانیم ( دیلگادینا )یە و مەچەکی دەستی گرتووم. بەڵام نا تارماییەك لە تارمایی ( رووسا کابارکاس )ی دەکرد. رووسا ووتی:

– جلەکانت لەبەرکە باپڕۆین.. کێشەیەکی گەورەم لێ قەوماوە..!!

کاتێ کە کێشەکەم بینی، زۆر لەوە گەورەتر بوو کە مەزەنەم نەدەکرد، لەوەی رووسا زۆر نەپەشۆکابوو کێشەکەی زۆر بە گەورە نەدەزانی. لە ژووری ژمارە یەك پیاوێك کوژرابوو، تاوانبارەکەیش هەڵاتبوو، تەنانەت رووساش هیچ زانیاریەکی پێنەبوو. من کوژراوەکەم ناسیەوە، فەرمانبەرێکی گەورەی بانکبوو، زۆر کەیفی بە ژیاندا دەهاتەوە، هەردەم جلی جوانی لەبەر دەکرد، کە پێوەی دیاربوو پیاوێکی دەوڵەمەندە. بۆ خۆم خانووەکەیشیم بینیوە، خانوویەکی تەواو مۆدێرینە. دووبرینی کەوەیی بە لاملیەوەبوو، لە سکیشی درابوو، لاشەکەی تێکنەچووبوو، بۆنی نەکردبوو، لە زەکەریەوە دیاربوو هیچی لە پرۆسەی سیکسبازی نەکردبوو. کەس بە نهێنیەکانی ئەو پیاوەی نەدەزانی، تەنانەت لە دەرگای پشتەوە هاتووچۆی دەکرد. رووسا.. مەزەنەی ئەوەی کرد ئەوەی لە تەکیابوە رەنگە ئافرەت نەبووبێ. بۆ ئەوەش بانگی کردم کە جلکەکەی لەبەر



کەینەوە، تا بە رووتی نەمێنێتەوە. من زۆر شڵەژابووم، زۆر سەرسامبووم کە( رووسا کابارکاس)م بینی زۆر ئاساییبوو بەلایەوە. لێم پرسی

– لەوە گرانتر نیە جلوبەرگ لە بەر مردوو بکەی..!!

– ئەو کارەم زۆر کردووە.. کارەکە زۆر وا گران نیە، ئەگەر یەکێك مردووەکەم بۆ قیت کاتەوە، من بە ئاسانی جلەکەی لەبەر دەکەم.

سەرنجیم بۆ ئەوە راکێشا.. کە کەس باوەڕ بەوە ناکا کوژراوێك بە چەقۆ جەستەی پێکرابێ، جلکەکانی نەدڕابێ. لەوەش ترسام( دیلگادینا) بەسەرماندا بێت و کوژراوەکە ببینێ، بۆیە بە لەز ( رووسا کابارکاس)م ئاگادار کردەوە، دەشترسام کەسێك پیامانا بتەقێتەوە. ( رووسا کابارکاس) تێبینی ئەوەی کردبوو لەرز دایگرتووم، بۆیە پێم راگەیاند لەبەر (دیلگادینا) پەشۆکاوم، هەرچەندە تەواوی راستیەکە وانەبوو. بە ( رووسا کابارکاس)م ووت:

– ئیزنی بدە تا پۆلیس نەهاتووە.

– باشە.. خۆ تۆ هیچت لە سەر نابێ،چونکە تۆ رۆژنامە نووسی.

– تۆش هیچت لەسەر نابێ، بەوەی پیاوانێکی زۆری پلەو پایەدار وسیاسەتمەدار و کەسایەتی گەورە لەم حوکومەتە دەناسی..!

ئەم شارەی پێوەی بەندم، بەدەر لە سرووشتی ئاسایش و شادی گوزەران.. ساڵانە بە دووی خۆیدا کوشتارێکی حەیابردەیی

دەڵێنیٚ. وەڵیٚ هەواڵەکەی ئەمجارە وا ناڵیٚ. بەڵکو بە مانشێتێکی گەورە نووسرابوو" (( فەرمانبەرێکی گەورەی بانك بە زۆرە ملیٚ بەر خەنجەر دەدرێت، ئەوەی شایەنی باسە کوشتنەکەی لەسەر رێبازی ( برادۆمار ) کوژراوە، بێئەوەی هۆکارەکەی زانرابیٚ، چونکە ناوبراو هیچ دوژمندارێکی نەبووە. حوکومەت ئەم تاوانە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوانەی دژ بە دەسەڵات لەم وڵاتە کاردەکەن. ئەمە و چەند تاوانێکی تری پێشووتر هەر دەستی ئەو ناحەزانەیان تیابووە ". لە ماوەی یەك کاتژمێر.. زیاتر لە پەنجا کەس دەستگیرکران، بۆ لێکۆڵینەوە لە مەڕ تاوانەکە.

چالاکانە کەوتمە تەك پەیامنێری دەزگای پۆلیس، کە کابرایەکی چالاك و زیرەکە لەو بوارەدا، وەك دەڵێن سەری لەو کارە سپیکردووە. ئەو هەردەم خۆی وانیشان دەدا کە بەر لە هەموو کەسێك دەگاتە دەرئەنجامی کارەساتەکان. زۆر بە ووردی لە سەرە موویەکی تایبەت بە بیری خۆی.. رووەو پێشبینیەکان هەڵدەکشا. لەتەك ئەودا پێنج لاپەڕەمان پڕ کردەوە، بۆ هەواڵەکە لە لاپەڕەی یەکەم و لە هەشت ستووندا. گەڕان بە نیو ئەو ترسناکیەی لە پڕدادیٚ و دەستێك لە دوودڵی کەووتوەو.. هەموو جارێك بە هەمان شێواز دادێتەوە. ئەم قسەیە بۆ ئەوە بوو مووی رێگران بگریٚ کە ناحەزن بە حوکومەت و گشت تاوانەکان بەسەریاندا بشکێنن. بە مە بە بەردێك دوو چۆلەکە دەکوژیٚ.



شەویٚ کە گەڕامەوە ماڵەکەم، پەیوەندیم بە ( رووسا کابارکاس)ەوە کرد، تا لە هەواڵی (دیلگادینا) ئاگاداربم.. کە چی بەسەر هات، کەچی چوار رۆژ لەسەر یەك تەلەفۆنەکەی هەڵنەگرت. رۆژی پێنجەم.. کە چوومەوە، دەرگاکەم مۆری لیٚ درابوو. مۆرەکە لە پۆلیسەوە نەبوو، بەڵکو مۆری بەڕێوەبەرایەتی تەندرووستی بوو. کەسێکم لەو دەورو بەرە شك نەدەبرد تەواوی گرفتەکەم بۆ ئاشکرا کات. بێئەوەی شوێنی (دیلگادینا) بزانم، کەوتمە گەڕان بە دوویدا. چەند رۆژیٚ سەراسۆی ئەو کچە پاسکیل سوارانەم کرد، کە لە دەوری باخچە گشتیەکان.. بۆ یاریکردن کۆدەبوونەوە، لە یاریەکیاندا.. بە پەیکەرەکەی ( سیمۆن بۆلیڤار ) دا هەڵدەگەڕان. چوون مامز بە سواری پاسکیلەکانیانەوە بە بەردەممدا تێدەپەڕین. جوان و باڵغبوون، دەشیان بۆ چاوشارکیٚ. کە ئومێدبڕبووم.. پەنام بردە بەر گوێبیستی هەندیٚ ئاواز، بەتایبەت ئاوازەکانی (بۆلیرۆ )، وەك کەسێکی سەرمەست و خەیاڵ هەموو هەستەکانم لەو دەگەڕان، ناچار بێدەنگیم هەڵبژارد.. تا بنووسمەوە. بیٚ ئەو ئاوازانەی (بۆلیرۆ)ش تاقەتی هیچ نووسینێکم نەبوو. راپۆرتەکانی دوو هەفتەی رابردووم.. بریتیبوون لە واڵاکردنی نامە دڵداریەکان. سەرنووسەری رۆژنامەکە داوای لێکردم.. لەو شێوازی نووسینە کەم کەمەوە. وەك بەردی راماڵراوی خڕیٚ خەریکبوو لێم دەبوو بە

بەربەست، بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی ئەو کەمکردنەوەیەم پێ بڵێ.
گێژاوی بیرکردنەوەی ئەو ڕۆژانەم.. ستاری لێبڕیبووم. کاتژمێر پێنجی بەیانیان لە خەو هەڵدەستام و لە بوولێڵی ژوورەکە دادەنیشتم.. بۆ ئەوەی خەیاڵ بکەم، خەیاڵ بە (دیلگادینا)وە، کە دەبێ ئێستا لە کوێ بێ و چی بکات ؟ ڕەنگە ئێستا براکانی بە خەبەر کاتەوە، جلی قوتابخانەیان لە بەر کا، دوای بەر چایی بەرێیان بکا. خۆیشی بە سواری پاسکیلەکەیەوە ڕووەو ناو جەرگەی شار بکەوێتە ڕێ، بۆ بەسەر بردنی ماوەیەکی تر لە مەحکومیەتی دەستی قەدەر. پێشتر لە یەکێ لە کۆمپانیەکانی جل و بەرگ کاری دەکرد. بە سەر سوڕماویەوە لە خۆمم پرسی:
– تۆ بڵێی بیری لای من بێ ؟ لە کاتێکا ئەو دوگمەکان بە جلەکان دەلکێنێ..!
هەفتەیەکم بەو حاڵە بردەسەر، بێ ئەوەی ئاوێك بە خۆمدا بکەم، بیری ریشتاشینم هەر نەبوو، ددان شتنیشم فەرامۆشکردبوو، بە کوردیەکەی ڕێرەوی ژیانم لێ ئاڵۆسکابوو، چونکە درەنگ دڵداری فێرکردم. کە مرۆ خۆی پۆشتەو بۆن خۆش دەکات، لەبەر کەسێکە چووەتە هزریەوە، من هەرگیز لەوەتەی خۆم ناسیوە کەسێکی وام بۆ نەڕسکاوە، تا بەردەوام بە خۆمدا چووبێتمەوە و خۆم پۆشتەو بۆندار کردبێ. ( دامیانا) وایزانی ناساغم..کاتێ بە رووتی لە دیلانەکەدا بینیمی.. کاتژمێر دەی بەیانی بوو، منیش



ئەوم بە دوو چاوی پڕ لە حەسرەتەوە بینی. داوای لێکردم هەر بە رووتی لە گەڵمدابێ. بەو حەسرەتەوە ووتی:
– باشە دەزانی چی دەکەی.. ئەگەر ووتم بەڵێ..؟
تێگەیشتم دەردەسەریەکان تا چەند پێمەوە دیارن. لە هەرزەکاریدا خۆم لەو ژانانەدا نەناسیوەتەوە، لە ماڵەوە دەرنەدەچووم، خۆ بەستنەوەم لە ماڵەوە کاری ئەوسامە. هەر کە تەلەفۆنەکە لێیدەدا بەلەز هەڵمدەگرت، بەڵکو ئەمە خۆایە ( رووسا کابارکاس) بێ. بێئومێد دەبوومەوە. ئێوارانێك.. کە گەڕامەوە پشیلەکەم بینی، لەبەر دەرگاکە خۆی گرمۆڵە کردبوو، پیس و پۆخڵ.. لەش داهێزراو.. لەڕو لاواز، زۆر بەزەییم پیادا هاتەوە. بردمە ماڵەوەو خزمەتمکرد، دواتر وویستم سەرخەوێك بشکێنم، بیرۆکەیەك هات بە هزرمدا.. ڕەنگە ئەم پشیلەیە ڕێنمایم بکات بۆ ماڵی ( دیلگادینا ). لە تووڕەگەیکم نا و تا بەردەم ماڵ ( رووسا کابارکاس) هەڵمگرت، مۆرەکە هێشتا بە دەرگاکەوەبوو، زانیم کەسی تیا نیە. پشیلەکە خۆی راپسکاندو لە دەستبوەوە و قەڵمبازێکی دایە ناو باخچەکە. سوڕامەوە لە دەرگاکەم دا. دەنگێك وەڵامی دامەوە، بە مەزەنەی خۆم پۆلیسەو پاسەوانی ماڵەکە دەکات، تا کەس هامووشۆی نەکات، چونکە کارەساتی کوشتنی فەرمانبەری بانکەکە جارێ تەواو نەببوو. کابرا هاواری لێکردم
– کێ لەوێیە..؟

-منم..!

– تۆ کێیت و چیت دەوێ..؟

–دەرگاکەم بۆ بکەرەوە، پشیلەکەم بازیداوەتە ناو باخچەکە.

– پشیلەی چی.. ! برۆ دەرگا بۆ کەس ناکرێتەوە.

هەردەم باوەڕم بەوە بوو.. شەیدایی لە عەشقا، لە دەربڕینی شیعری بەولاوە هیچی تر نیە. لەو ئێوارەیەدا کە گەڕامەوە ماڵ و پشیلەکەم لە تەکا نەبوو، دانم بەوەدا هێنا.. شەیدابوون لە خۆشەوویستیدا نەبوە و نابێ. وەڵێ تەنیایی خۆمە لەو تەمەنی پیریەدا وای لێکردووم کە کەسێك نیە بە دیارمەوە، بۆیە بەزەییم بە خۆمدا دێتەوە. لەوەش گەیشتم راستیەکان بە پێچەوانەوە لام دادێن. ناتوانم خەمەکانم بە هەموو لەززەتەکانی دونیادا بگۆڕمەوە. زیاتر لە پانزە ساڵم بە بادا چووە. ئەو ئێوارەیە تەواو هەستم بەو گۆرانیانەی ( لیۆ باردی ) کرد، کە باس لە هاتنی خۆشەوویستی دەکات، چەند بە ژانە.. وەڵێ مرۆڤ درکی پێناکات. بەو پەرپووتیەو ریشهاتویەوە و بۆن سۆیمەوە.. کە چووم بۆ رۆژنامە زۆر شتم بەبیردا نەدەهاتەوە، وەك بڵێی خەیاڵ بووم، هەواری رۆژنامەکەم بە نەخۆشخانە دەهاتە بەر ئەندێشە. بێدەنگی وایکرد بە چرپە لە تەك یەکدا بدوێین، بەسەر نووکی پێمانەوە بڕۆین، قاوشەکان و راڕاوەکان بە لادیوارەکانیەوە.. وێنەی چەند بەڕێوەبەرێکی لە خۆ گرتبوو. لەو شوێنە گشتیانەی بۆ چاوەڕوانی بوون، وێنەی ئەو هامووشۆکەرانەی تیا



هەڵواسرابوو، کە سەردانی ئەوێیان کردبوو. لە هۆڵە گەورەکەیش وێنەیەکی گەورەی ستافی رۆژنامەکەمان هەڵواسرابوو، کە لە جەژنی سەری ساڵێکدا گیرابوو، خۆم زۆر بە زەحمەت ناسیەوە، وەك ئەوەی لە وێنەکەدا پیرتر بووبێتم. کچە سکرتێرەکەی ئەو ئێوارەی جەژن کە وێنەکەمان تیا گرت.. ماچێکی کردم و ووتی:

– خوا نەکا.. خۆ نەخۆش نیت..؟

حەزمکرد تەواوی راستیەکەی پێبڵێم، کە گیرۆدەی دەستی عەشقم، ((نابینی سەری لێتێکداوم، رۆژنامەکەم لێبووەتە نەخۆشخانە)). ترسام بە خۆی تێبگات لە مەبەستەکەم، ئەوسا هەر بە جارێ دەردەسەریەکەم زیاد دەکات. واچاکە هەر بەو دەردەوە بم. پەیامنێری هەواڵەکان پێی راگەیاندم.. کە تەرمی دوو کچی کوژراو لە خەستەخانەیە، دەبێ فریا کەوین.. بۆ والاکردنی راستیەکان. لێم پرسی کێن..؟ ووتی

– ناسنامەکانیان نەزانراوە .

لە بارەی تەمەنیانەوە پرسیارم لێکرد، تەنها ئەوەندەی ووت کە هەرزەکارن. ئەو رۆیشت و منیش کەوتمە دووی.

دوای چەند رۆژێ لەوە خراپترم بە سەردا هات. لە مینای کتێبخانەیەکەوە.. چاوم کەوت بە کچێك، سەبەتەیەك بەچکە پشیلەی بە دەستەوە بوو، دەچووە ئاپوورای خەڵکەکەوە. ئاوڕم لێدایەوە و کەوتمە دووی. زۆر بە زەحمەت درم بە ئاپووراکەدا برد. جوانیەکی کافرۆشیانە و چوون ئاسکێکی سرك رێی دەکرد.

تا گەیشتم پێی.. ماندووبووم، بێئەوەی بزانێ من چیم لێدەوێ، تێگەیشتم ئەو نیە. ئێشێکی زۆری پێگەیاندم، خۆبە زل زانینەکەی کە هەر لەوی دەکرد. کە زانیم ئەو نیە.. تەواو هەرەسم هێنا. دواجار بۆم دەرکەوت ( دیلگا دینا ) ناناسمەوە، نایناسمەوە لە کاتی بە خەبەریم و بە بەجلوبەرگەوە. هەڵبەت ئەویش بەم شێوەیە من ناناسێتەوە، لەبەر ئەوەی هەرگیز منی وا نەبینیوە. لە رەوشتێکی شێتۆکەیی و لە سێ رۆژدا دوازدە جووت قومانم.. بە رەنگی شین و پەمەیی، بۆ کۆرپە تازە لە دایکبووەکان ئامادەکرد. دەمویست هەموو شتێکم لە بیر چێتەوە، هەموو ئەو گۆرانیانەی کە ئەوم بە بیر دێننەوە.

لە راستیدا خۆم بۆ نەگیرا، خۆم بە پیر دەزانی لە یادەوەریەکانی ئەودا. هەواڵێکی (درامی)ترم پێگەیشت، کە ووتیان " لە ناو جەرگەی شارا.. پاسێك کچێکی پاسکیل سواری شێلاوە و وا لە نەخۆشخانەیە". لە تێکشکانی پاسکیلەکەی مەزەنەی خەتەر ناکی شێلانەکەی لێ دەکرا. خوێن ئەو ناوەی هەڵگرتبوو. ئەوەندە دڵگران نەبووم بە تێکشکانی پاسکیلەکە، بە قەد ئەوەی کە زانیم مارکەو مۆدێل و رەنگەکەی بە دەر نەبوون لەوەی کە من بۆ( دیلگا دینا )م کڕیبوو. ئەوانەی کارەساتەکەیان بینیبوو، یەکڕابوون لەوەی پاسکیل سوارەکە.. کچێکی هەرزەکارە و باڵابەرزێکی ناوقەد باریك و پرچ لوولە. بە پەشۆکاویەوە ترومبێلێکم بە کرێ گرت بۆ نەخۆشخانەی خێر خوازان. کە



بینایەکی کۆنی دیوار هەڵبزرکاوی داڕزاوی شێدار، هەر لە بینای زیندانی دەکرد. نیو سەعاتم پێچوو تا چوومە ژوورەوە. لە حەوشەبانەکە ئافرەتێك پیاما تەقیەوە و ووتی:

– منم ئەو کەسەی کە تۆ لێی ناگەڕێی..!!

ئەو دەمە زانیم نەخۆشخانەو شێتخانەی شارەوانیە بۆ لێقەوماوان و نەدارانی شارەکە. دەبوو لەلای سەرو کاری نەخۆشخانەکە رۆژنامەوانێتی خۆم ئاشکرا بکەم، تا رێم بدەن. لە بەڵگە نامەی کارەساتەکان بە دووی ناوی ئەو کچەدا بگەڕێم، کە پاسێك لە ناو جەرگەی شار شێلاویەتی. دەرکەوت ناوی ( رووسالبا ریۆس)ە، شازدە ساڵانەو بێکارەیە. کارەساتەکەی بەم جۆرە دەستنیشان کرابوو " راوەشاندنی مێشك..برینێکی زۆر بە جەستەوە. پێوویستم بەو دوای دەستنیشانکردنەکەی نەبوو. داوام لە لێپرسراوی لقەکە کرد، ئەگەر رێم بدەن ببینم. زۆریشم پێخۆشدەبوو ئەگەر رێیان نەدابام. بەوپەڕی لێبووردەییەوە بردمیانە سەری، بەو پێیەی کە لەسەر کەمتەرخەمی حکومەت بۆ نەخۆشخانەکەیان بنووسم. ئەو هۆڵەمان بڕی کە بۆنی ترشێتی لێدەهات. نەخۆشەکانیان تیا گردکردبووەوە. لە ژوورێك لەسەر قەرەوێڵەیەکدا رایانکشاندبوو، سەرو گوێلاکی پێچرابوو.. لەشی تێکشکابوو، کە پێکانیم بینی.. زانیم ئەو نیە. ئەو دەمە بخەیاڵمدا هات لە خۆم بپرسم " ئەگەر ئەو بوایە چیم دەکرد..؟".

ئێوارەیەکی درەنگ.. لە تۆڕی جەنجاڵی مێشکمدا بووم، ئازایەتیەك خۆی پیا کردم و بەرەو ناو جەرگەی شار.. بۆ پرسیار لە کۆمپانیەکانی جلوبەرگ کەوتمە ڕێ. ( رووسا کابارکاس) ئاگاداری کردمەوە کە پێشتر لە یەکێ لەو کۆمپانیانە کاری دەکرد. بە بیانوی ڕۆژنامەوانیەوە.. داوام لە خاوەن کارگەکان کرد بە پرۆژەکانیاندا بچینەوە، وەك ڕیپۆرتاژێك لە ڕۆژنامەکە دایگرین. کابرایەکی پێست ئەستووری لوبنانی دەرگای لێکردمەوە. نزیکەی سێسەد کچ لەو کارگەیە کاریان دەکرد. هەر هەموویان سەرو سیمایان ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیاربوو. وەڵێ کە چاویان پێکەوتین خۆیان قیتکردەوە، وەك ئەوەی بۆ داخۆازیکردنیان هاتبم. خاوەن کارگەکە یەك بە یەکی بەشەکانی بۆ باس کردم، منیش چاوم هەر لەو گڕدەدا. یەکێك لە کچەکان وەك درکی پێکردبم ووتی:

– بەڕێز.. تۆ نیت ئەو نامە دڵداریانەی ڕۆژنامەکە دەنووسی..؟

باوەڕم نەدەکرد لەو وێرانەیە، کچۆڵەیەکی لەبیر کراو.. لەو هەموو نووسینانەم ئاگادار بێ. دوای ئەوەی ئەوێم بەجێهێشت، بیرم کەوتەوە.. لە بیرم چوو خۆاحافیزیان لێبکەم. تەنانەت بیرم لەوەش نەکردەوە.. ئەوەی کە بە دوویدا دەگەڕام، یەکێکە لەو هەموو پاکیزانەی ئەوێ. ئارەزووی گریانێکی زۆرم هەبوو.

دوای مانگێك ( رووسا کابارکاس) پەیوەندی پێوەکردم، لەو قسانەی بۆی کردم، زۆر سەرسامبووم.



– دوای کوشتنی فەرمانبەری بانکەکە وویستم پشوویەك بە خۆم بدەم، چووم بۆ ( کارتا خینا دی ئیندیاس ).

هەرچەندە باوەڕم پێنەبوو، بەڵام ڕێم بۆخۆش کردبە درۆکانیدا شۆڕ بێتەوە. بەر لەوەی من پرسیاری لێبکەم، ( رووسا کابارکاس) وەك بزانێ یەکە پرسیاری من چی بێ،ووتی:

– دەزانی کچۆڵەکەت ماوە..!!

دەنگەکە وەك لە ناخی کەسێکی دوودڵەوە دەرچووبێ، داوای لێکردم دان بە خۆمدا بگرم.. تا چەند.. نەیووت. وەڵێ ئەوەندەی لا درکاندم کە دواتر پێم بڵێت لە کوێیە.

– هەر شتێکم پێ بڵێ ئۆقرەم کاتەوە.

– جارێ بە تەواوی هیچێکم پێنیە، بیجگە لەوەی کە ماوە. دان بە خۆتا بگرە با لە قیست نەچێ.

کەیفەکەم.. وەك کەیفێکی دەستکردبوو، چەندم کرد، نزیکی نەخستمەوە، هیچێکی ترم لێ هەڵنەهێنجاند، بێجگە لە دان بە خۆگرتن بەولاوە.

– ئێستا هیچ قسەیەکم پێنیە، ناشکرێ درۆت لەتەکا بکەم، تەنها ئەوەندەت پێدەڵێم.. جارێ خۆاحافیز جیهانە خەمبارەکەم.

وەك کەسێك لە خنکان ڕزگاری بووبێ، سەرم لێتێکچووبوو، دانیشم بە خۆمدا نەدەگرت. ناچار بڕیارمدا بچمەوە لای ( رووسا کابارکاس). بە داخەوە مۆری سەر دەرگاکەی هەڵنەگیرابوو، وادیاربوو لە شوێنێکی ترەوە پەیوەندی پێوەکردووم. کاتژمێر

شەشی ئێوارە.. من چاوەڕوانی هیچ پەیمانێك نەبووم، زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا. هەمان نهێنی کە پێشتر خۆم پێم ووتبوو.. ووتیەوە.

– بەڵێ هەر ئێستا..!

کاتژمێر دە مووچڕکێك گرتمی، لێوەکانم تەتەڵەیانبوو، بڕێ شیرینی سویسراییم کڕی، باوشێك لە گوڵ و گوڵزارم بۆ سەر قەرەوێڵکەی برد، دەرگاکە لەسەر پشتبوو، چراکان هەڵکرابوون، گوێم لە ئاوازەکانی ( براهەمز ) بوو، لە ژوورەکانەوە دەهات. (دیلگادینا)م لەسەر جێگاکە بینی، زۆر بە زەحمەت ناسیمەوە، بە تەمەنتر دەهاتە بەرچاوم، بەلانکیٚ.. نەیدابووە بالاٚ. سیمای بە یەك دوو ساڵ گەورەتر دەهاتە بەر چاو. لە جاران زیاتر شان و مل و پوورزەکانی پێی دەردەکەوتن. لێوەکانی تەڕتر دیاربوون. پرچە لوول وکورتەکەی دەتووت لە شوێن پەنجەیەك دەگەڕێن دایانمرکێنێتەوە. بریسك و هوڕی گۆناکانی دەتووت سێوە لاسوورەیە. نیوشانی لە نیوشانی ژنێك کەمتر نەبوو. دیاربوو ئەو دوو سێ ساڵە بە خۆیدا چووبوەوە. نینۆکەکانی دەست و پێی بە رەنگی سەدەفیان دەکرد، بۆن و بەرامەی هەوەسی پیاوی کاس دەکرد، واقم وڕمابوو. جووتێ گوارەی ئاڵتوونی لە گوێدایە، لێی کردوە بە رەخش، ملوانکەی خشڵ و بازنگی بریقەدار و بڕێ ئونگوستیلەیش لە پەنجەکانی دایە. کراسێکی ئاودامانی تەنکیشی لەبەرە. لە پڕ بووم بە ئاگر و ووتم



– هەی لەش فرۆش..!!

بیرۆکەی بیرکردنەوەکەم لە ئەهریمەنەوە وای لا چەسپاندم، کە ئەو ماوەیە ئەمە ئیشی بووبێ، دوای ئەوەی تلپی تەڕی تیا نەماوە.. وەك بەرماوە تووڕیان داوەتە بەردەمی من. هەڵبەت ئەو بەیانیە کە پۆلیس ژوورەکان گەڕاوە.. ئەمیشیان دەستگیرکردووە. کەس نیە وەك ( رووسا کابارکاس) ئەو هەلانە بقۆزێتەوە. پەردەی کچێنی بە پارەیەکی زۆر فرۆشتوە تە دۆستێکی دەوڵەمەندی خۆی. یا بۆ رزگاربوونی خۆی لە دەسەلاٚتی حوکومەت.. ئەمی پێبەخشیوون. ئەو ماوەیەش دووری خستووەتەوە تا بار هێور دەبێتەوە. " ئای لەم زەماوەندە.. هەمووی بەسەر مندا شکایەوە و ( رووسا کابارکاس) یش وەك بەرزەکی بانان تێیتەقاند. تووڕەیی بەرچاوی گرتم، هەرچیەك هاتە دەستم وورد و خاشمکرد، چراکان..پانکەکە.. هەر هەموو فەرفووریەکان، ژوورەکەم تێك و پێك دادا. ئەو لە هەوەڵین تووڕەبوونمەوە.. قەڵمبازیدا و لە سووچێکی ژوورەکە کڕۆشکەی کرد. ( رووسا کابارکاس) م لەبەر دەرگاکەدا بینی.. بە دەنگ غەڵبە غەڵبەکەمەوەهات و ووتی:

– خۆای گەورە.. چیم پێنەکرا و نەمکرد تا ئەم عیشقە ببوژێنمەوە..!!

تەماشایەکی بالاٚی کردم و ووتی:

–بکەوە دووم..!

کەوتمە دووی.. لە ژوورەکەی خۆی پەرداخێك ئاوی دامێ،
ئیشارەتی بۆ کردم بەرانبەری دانیشم.. دانیشتم.. ووتی:
– دەمەوێ بە راستی ئەوەی بە هزرتدا تێپەڕیوە، لە ووردیەوە تا درشتیەکەییم بۆ باس بکەیت.
ئەوەی بە راستم دەزانی بۆم والاّ کرد. بێدەنگ گوێی لێ گرتم، بێئەوەی تێکبچێ. لە دواییدا رووی کرایەوە و ووتی:
– زۆر جوانە.. هەردەم من ووتوومە ئێرەیی لە سەرووی راستیەکانەوەیە.
درێژەی بە قسەکانی داو ووتی:
– ئەو بەیانیە کچۆڵەکەتم لە بیر چوو، بە راستی لە بیرمچووبوو. لە ژوورەکەدا نووستبوو. یەکێ لە دۆستەکانم کە پارێزەری کوژراوەکەبوو، پارەیەکی زۆری هەڵرشت، تا هەواڵەکە بە ئاکارێکی تردا ببا. دوور لە ناو زڕان. منیشی لە ( کارتاخینا دی ئیندیاس) داوەتکرد.
( رووسا کابارکاس) قسەکەی خۆی نەقاچی و بەردەوامبوو لە گێڕانەوەی و ووتی:
– بە درێژایی ئەو ماوەیە بیرم هەر لای تۆ و کچۆڵبوو. پێرێ کە هاتمەوە یەکەم کارێك کە دەبوو بیکەم، پەیوەندیەکەمبوو بە تۆوە. چەند تەلەفۆنم بۆ کردی، وادیاربوو لە ماڵەوە نەبووی. کچۆڵە لە لام بوو،شڕو شێواو بوو، لە گەرماوەکەم ناو بە دەستی



خۆم ششتم، جلو بەرگم لە بەر کرد، تەنانەت ئاڵتوون و خشڵیشم لە بەر کرد.
بە تووڕەییەوە هاواری بە سەرما کرد، کە بڕۆم بە لایەوە و داوای لێبووردنشی لێبکەم. کەس لە من نزیکتر نیە لە شادیەوە، وەلێ زۆرم هەوڵدا باوەڕی پێبکەم. چی لە دڵداری بکەم کە هەموو عەقڵی بردووم. لەشفرۆشەکان ئاگرێکیان تیا کردوومەتەوە، بە هیچ ئاوێ ناکوژێتەوە. هاوارم کرد.
– ئەمەیە راستی ئێوە.. لەشفرۆشان نامەوێ هیچتان دەربارە بزانم.
لەبەر دەرگاکە راوەستا.. وەك ئەوەی بە چاوانی ئیشارەت بۆ ماڵئاوایی بکات، کە جارێکی تر نایبینێتەوە. ( رووسا کابارکاس) دوودڵ نەبوو لە بەقیندا چوونەکەم.. ووتی:
– خۆا سەبووریت داتەوە..!
بەر لەوەی بە جێم بێڵێ، ووتی:
– بە هەر حاڵ.. لیستی هەموو ئەو زەررەرانەت بۆ دەنێرم کە لە ژوورەکەت داوە.

( ٥ )

لە خوێندنەوەی ( ئیدۆس مارس)دا بووم، چاوم بە رستەیەك کەوت.. لە بەد بەختی، کە دەیگێڕێتەوە بۆ( یۆلیۆس قەیسەر ) " مەحاڵە مرۆڤ تەواو نەبێ.. تا لە چاوی خەڵکیەوە خۆی نەبینێ ". رستەکەم بۆ ساغ نەدەبوەوە، لە کام قسەکانی یۆلێۆس قەیسەردایە. لە بیرەوەریەکانیشدا نیە. لە دەستپێکی ( سیتۆ نیوو ) ەوە تا کۆتایی ( کارکۆبینۆ )م خوێندوەوە. بۆ زانیاری لەو بارەیەوە، هەڵبەت.. ئەو هەموو ماندووبوونە هەڵدەگرێ. رووی لەیەکچوونی بۆچوونەکانی ئەو و باری ناهەمواری ئەم چەند مانگەی دوایی من، ئەوەی پێبەخشیم بۆ داڕشتنەوەی. نەك لەبەر نووسینەوەی ئەو بیرەوەریە، بەڵکو.. بە جورئەتەوە دەڵێم، لەبەر ئەو عیشقەی کە بۆ (دیلگادینا) تیاما رسکابوو.

هەراسنبووم.. خۆراکم بۆ نەدەخورا، لاوازببووم، تەنانەت.. پانتۆڵەکەم گەورە ببوو بە بەرم. ژان تا سەر ئێسقانم رۆچووبوو.



لە خۆڕا و بە بێ هۆ تێکدەچووم. خەوم نەمابوو. لە خوێندنەوە ببومەوە. گوێم لە مۆسیقا نەدەگرت. زوو زوو سەرم بە ژان دەکەوت. وەك لە ئاسمانەوە بەزەییەکم بە سەردا باریبێ، ئەوی رۆژ لە قەرەباڵغی (لۆما فریسکا) کەسێك چرپاندیە گوێم و ووتی:

– لە رابۆاردن هەر نەکەوتووی..؟

( کاسێلدا ئارمینتا )ی دۆستی هەرزەکاریمبوو.زۆرم لەگەڵیا رابوواردبوو. کاتێ لێی کەوت و بە کەڵك نەما، نەداریش تەنگی پێهەڵچنیبوو، ناچار شووی بە باخەوانێکی چینی کرد. ئەویش ناوی خۆی پێبەخشی. رەنگە برێك لە خۆشەویستیشی پێدابێ. ئێستا کە حەفتاو سێ ساڵی تەواو کردووە، لە رەنگ و روو ئەوەندە نەگۆڕاوە. هەر جوانە و کەسێتیەکی بەهێزی هەیەو خۆی بۆ جووتبوون دەسازێنی و زمانیشی وەکو جاران هەر لووسە.

کاسێڵدا.. بردمیەوە ماڵی خۆی، لە باخێکی چینی و لەسەرە رێی دەریادایە. لە باخچەکە بەرانبەر دەریاکە دانیشتین. سرووشتێکی نایابی هەیە..بە جریوەی باڵندەکانەوە. باخەوانە چینیەکان.. بە کڵاوە قووتەکانیانەوە دیاربوون، خەریکی مەرەزەکردنبوون.

دەریایەکی خۆڵە کەوەیی لە ئاسۆگەی ( بۆکاس دی سینیسا)وە دیاربوو، لە بەری لای باخەکەشەوە.. ئەو بەردە کەڵەککراوانە دەبینران، کە ببوون بە توخووبی رووبارەکە. ئەو دەمەی ئێمە لە گفتوگۆدابووین، ئەو پاپۆڕە سپیانەمان دەدیت.. کە دڕیان بە

ئۆقیانووسەکەوە دابوو. لە پڕ گوێمان لە گابۆڕی پاپۆڕێك دەبوو، کە لە کەنار نزیك دەبووەوە. کاسێلدا.. بزەیەك گرتی و ووتی:

– لە بیرتە.. بۆ نیو سەدە دەچیٚ، ئەمە یەکەمجارە بانگت دەکەم بۆ رابواردن..!

– هەردووکمان گۆڕاوین.

وەك ئەوەی گوێی لێم نەبووبیٚ، بەردەوامبوو لە قسەکەی

–خەڵکی نامە دڵداریەکانت بە مەبەستێك دەخوێننەوە، کە تۆیان بە مامۆستای دڵداری لە قەڵەم داوە. وەلیٚ کەس وەك من تۆ ناخوێنێتەوە، کەسیش لە من زیاتر دانت پێناگریٚ.

لەوە زیاتر دانم بە خۆدا نەگرت، ئەویش درکی پێکردم دیقەتێکی چاوە پڕ لە فرمێسکاویەکەی دام. ئەو دەمە هەستی کرد.. ئەو کەسەی جاران نیم. بە هەناسەیەکی پڕ لە حەسرەتەوە پێیووتم:

–گرفتەکە ئەوەیە من کوڕ دەبمەوە..!

– هەردووکمان کوڕ بووینەتەوە، وەلیٚ گرفتی سەرەکی ئەوە نیە کە لە ناخمانەوە درکی پێدەکەین، بەڵکو لە دەرەوە وامان تێدەڕوانن.

مەحاڵبوو ناخ ناخی دڵی خۆمی بۆ ئاشکرا نەکەم، پێوویستم بە کەسێکبوو.. دەردی دڵی خۆمی لا ئاشکراکەم، بۆیە بە هەلمزانی و لە نووکەوە سەرگورشتەکەم بۆ گێڕایەوە. لەو پەیوەندیەی کە بە ( رووسا کابارکاس )ەوە کردم،داوام لێکرد.. کە شەوێکی تایبەتمەندم بۆ ساز بدا، تا ئەو شەوەی ژوورەکەم بە یەکدادا.



ئێدی نەگەڕامەوە. وا گوێی لێگرتبووم.. وەك ئەوەی بە سەرگوورشتەکەمدا بچێتەوە، نوزەی لە خۆی بڕیبوو. پاشان باسەکەم گۆڕی، ئەو بزەخەنەیەك گرتی و ووتی:

– هەرچیەکت دەویٚ بیکە، بەلاّم.. ئەو بوونەوەرە لە دەست خۆت نەدەی. لەوە ناخۆشتر نیە مرۆڤ لە تەنیایدا بمریٚ..!!

پێکەوە چووین بۆ ( بوێرتۆ کۆلۆمبیا ).. لەو شەمەندەفەرەی لە یاریەکی منداڵانەی دەکرد، وەك ئەسپێکی تەوەزەڵ.. تیژرەو نەبوو. لە چێشتخانەیەك نانی نیوەڕۆمان خوارد. لە ژێر پەلکی دارگوێزە هیندیەکان دانیشتین. ئافرەتە رەشپێستە قەڵەوەکان.. ماسی سوورەوە کراویان بە بان برنج و گوێزی هیندی گڕەدا. پاژە مۆزی سەوزیشیان وەك شیرینی لە تەکیا دادەنا. تا دەمی لای ئێواریٚ لە قسان نەکەوتین. دڵمان پڕبوو لە قسە.. کەسمان باوەڕمان نەدەکرد ئەوەندەمان لە ناخدا بووبیٚ.ئەو بە گاڵتەوە ووتی:

– بڕوانە.. بۆ مانگی هەنگوینی لە کویٚ گیرساوینەتەوە.

پاشان وەك ئەوەی رووحی لە رابردوودا جێمابیٚ، ئەوەی درکاند.. کە زۆرجار ئاوڕ لەو رۆژانە دەداتەوە، کە بڕ بڕ لە پیاوان ریزیان بەستبوو بۆ سەر جێگاکەی. شوکری خوای کرد، کە ئەم پیاوە چینیەی دەستکەوتووە. وەك ئەوە وایە بڵیٚ لەو هەموو پێوانە.. کوڵە پیاوێکم دەستکەوتووە. رازیە بەو بەختەی خۆی، هەر هیچ نەبیٚ پیاوێك هەیە تایبەتە بە خۆی.

تێی رووانیم.. تا بزانێ ئەو قسانەی چ کاریگەریەکیان هەبووە بە سەرمەوە.

رۆژی دوایــی.. کــە وویــستم پەیوەنــدی پێــوە بکــەم، دەســتم دەلەرزی. ئەگەر لەبەر دیداری ( دیلگادینا ) بوە.. یا لەبەر ئەو پەشیمانیەی بەرانبەر ( رووسا کابارکاس ) بە نیوچەوانمەوە نووسابوو. بــۆ یەکــەم جــارمبوو بــە گــژ ئــەو ئافرەتــەدا چووبووم.رفتارێکی زۆر ناشرین.. وێرانکردنی ژوورەکەی لە خت و خۆڕایی. دەبوو تابلۆیەکی هەرە بە بەهای دایکم بفرۆشم.. تا زەررەری ژوورەکەی بۆ بژمێرم. هەندێ پارەی ووشکەشم هەبوون ئەویشم نانە سەری. ئەوجا چوومە خزمەتی و پێمووت:

– یا ئەوەتا پارەکەم لێوەردەگری.. یا لێی خۆش بە.

رەوشتێکی جوان نەبوو، ئەو دەیتووانی نهێنیەك لە نهێنیەکانم بفرۆشێ و ناوم بزڕێنێ. بەلانکێ.. هیچ پێی تێکنەچوو، بەلکو ئەو تابلۆیانەی گلدایەوە کە لەلای رەهنم کردبوو. هەر من زەررەر مەندی هەردوولا بووم. لە لایەك ( دیلگادینا )م لە دەستچوو، لە لایەك مالۆیران و پەشیمان. چەند جارێك زرنگەی تەلەفۆنەکە لێیدا، گویم لە دەنگێبوو نەبوو بڕا. لە سەر ئاوازێکی ( سایت)ەو لە نیو دیلانێی خەوندا راکشام. بەو ئومێدەی کەمێك هێور بمەوە. وەلێ.. تا رۆژی دواتر زاتی ئەوەم نەکرد پەیوەندی پێوەبکەم.دواتر لە پەیوەندیەکدا پێمووت:

– چاکە.. ژنەکە هەر ئەمرۆ..!



ئەم ئافرەتە هەموو دەورێکی بڕیوە، بۆیە لە هیچ هەلوویستێکدا دانەدەما چیبلێت

– ئای جیهانە خەمبارەکەم، دوومانگ بێسەر و شوێن دەبی، بە قورسترین داواکاریەکانتدا دێیتەوە.

پێی راگەیاندم کە زیاتر لە مانگێکە ( دیلگادینا )ی نەبینیوە. بە مەزەنەی خۆم دلیم تەواو رەنجاندبوو، سەرەڕای ئەوەش رووسا پێی راگەیاندم کە گەڕاوەتەوە کارگە و بە پارەیکی باش کار دەکات. لە دلی خۆمدا ووتم " حەتمەن کاری لەشفرۆشی مەگەر پارەی باشی لێدەستکەوێ ". رووسا وەك پێیناخۆشبێ لەو مەزەنەیەم و نابێ واش بیر لەو کچە بکرێتەوە.. کە هیچ گوناهێکی نیە، بۆیە پێی ووتم:

– رەنگە بیرت بۆ شتێکی تر بچێت، من چاکت دەناسم. گوناهت دەگا، ئەگەر ئەو بیوویستایە لەشفرۆشی بکات، ئەوا هەر لێرە دەمایەوە و ئێرەی باشتربوو لە هەچ شوێنێکی تر، کە جێی متمانەیی وەك ئێرە نیە بۆی.

لەم گەمە بە قسانەی رووسا.. دلم کەوتبووە ختوورە کردن.

– باشە چۆن بزانم لای تۆ نیە..؟

– لەم حالەتەدا باشتر وایە هەر هیچ نەزانی..!

جارێکی تر رقم لە رووسا هەستا. هەرچەند.. پەیمانی دامێ کە شوێن پێی هەلگرێ و بە دوویدا بچێ. دەمزانی بە رووسا نەبێ بە کەس نادۆزرێتەوە . قەوول وابوو پاش یەك دوو کاتژمێری تر

هەواڵێکم پێبڵێت. ئەو چەند کاتژمێرە بوو بە سێ ڕۆژ. بەڵام بە مزگێنیەوە پێی ڕاگەیاندم کە کچۆلەکەی دۆزیوەتەوە و لە لای خۆی ئامادەی کردووە. بە شەرمەزاریەوە گەڕامەوە. پنت بە پنتی جەستەییم ماچکرد.. هەر ئەوەندە لێم زیز نەبێ. لە دوازدەی شەوەوە تا قووڵلەی کەڵەشێر ئەمدیوو و ئەو دیووم کرد. بەڵێنم پێدا دڵی هەتا هەتایە دڵی نەشکێنم. ژوورەکە بە وێرانەیی مابوەوە. رووساش دەیزانی هەر دێمەوە.. هیچ دەستکاریەکی نەکردبوو.

باری گوزەرانم.. لەبەر نەداری رووەو کزی دەچوو، مووچەی خانەنشینەکەم بۆ خەرجی گیرفان نەبێ کەڵکی ئەوەتۆی نەبوو، ناوماڵێکی واشم نەبوو پارە بکات، بێجگە لە خشڵەکانی دایکم نەبێ. سەردەمانێك کە باری گوزەرانم باشبوو، بەڕێوەبەری شارەوانی نرخێکی باشی بۆ کڕینی کتێبەکانم دانا، ئەو دەمە کتێبی کلاسیك و گریك و لاتینی و ئیسپانیەکان.. ڕەواجێکی باشیان هەبوو، ناوبراو دەیووسیت ئەو کتێبانە لە دارایی شارەوانی بکڕێ، بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی گشتی. دلم نەهات بیانفرۆشم. دوای ئەوەی گۆڕانکاری رامیاری بە سەر وولاتدا هات، حوکومەتێکی وا نەهاتە سەر حوکوم بڕوای بە ئەدەب و هونەر هەبێ. باشترین چارەسەرێك کە ئەمڕۆ لە بن دەستمدا بێ، تەنها خشڵەکانی دایکمن. ئەوانەی پێشتر بە (دیلگادینا)م بەخشیبوون. ئەویش لە دەرەفەتێکدا بۆی



گەڕاندبوومەوە. نامە گیرفانم و کەوتمە ڕێ بۆ ناو جەرگەی شار.چەند جارێ بەو شەقام و گەڕەکانەدا تێپەڕیبووم، کە خەڵکی لە نووسینگەو ماڵەکانیاندا مولکیان تیا رەهن دەکرد. وەلێ لە بەر رووحی پیرۆزی.. (فلۆرینا دی دیوس).. دڵم نەهات لە حوزووری کەم کەمەوە، لەو شوێنانەدا رەهنی بکەم، کە شایەستەی ناوی ئەو نین. بۆیە بڕیارمدا.. لە کۆگایەکی ناوداری زێڕنگەرەکان بیفرۆشم.

کاربەدەستەکە هەندێ پرسیاری ئاراستە کردم، پاشان خشڵەکانی تاقیکردەوە. بەراستی رەوشتێکی بەرزی بوو. پێم ڕاگەیاند کە لە دایکمەوە بۆم ماوەتەوە. زەڕەبینەکەی لە چاو کردەوەو ووتی:

– ببورە.. خشڵەکانت زەردەو شووشەی بریقەدارن..!!

– یانی چی..؟

– یانی خشڵ نین بەو مانایەی جەنابت..

دواتر پێی ڕاگەیاندم هەندێکی ئاڵتوونن، وەلێ بەردەکانی شووشەی ئاسایین. ئەو کاغزانەم پێنەبوو کە بەڵگەنەوویستی ئەوەن کە دایکم بە خشڵی کڕیوونی. پێووت:

– دایکم هەر لەم کۆگایەی ئێوە کڕیوونی. باوەڕ بکە خۆیشم لە تەکیا بووم.. کە کڕی، ئەوسا من مناڵبووم.

ئەو هیچ قسەیەکی تری نەکرد، وەلێ روونکردنەوەیەکی خستە روو و ووتی:

- لەم جۆرە خشڵانەی وەك ئەوی تۆ، زۆرجار گزی تیا دەکرێت. بەردەکانی بە بەردی ئاسایی دەگۆڕدرێنەوە، بە جۆرێك تەنها زێڕنگەر نەبێ تەواو درکی پێناکرێت.
- لە لایەن کێوە..؟
- رەنگە کەسێك لە ناو خێزانەکە ئەمە بکات.. یاخود لە لایەن هەندێ زێڕنگەری کەڵەکەبازەوە ئەمەیان بە رێژەیەکی زۆر کەم.
هەست بەو گزیە ناکرێت تا ئەو رۆژەی دەیبەن بۆ فرۆشتن.
کاربەدەستەکە.. داوای لێکردم بۆ چەند چرکەیەك خشڵەکەی بەمێ. لە راڕەوەیکی تەنگەبەرەوە بردی بۆ ژوورێکی چکۆڵە. کە گەڕایەوە.. داوای لێکردم لە سەر کورسیەك دانیشم، بێ ئەوەی هیچ روونکردنەوەیەکم باتێ. بە کۆگاکەدا سووڕامەوە. چەند جارێ لە تەك دایکما هاتووم بۆ ئێرە. لە بیرمە.. هەر کە پارچەیەك زێڕ یا خشڵی دەکڕی، ئاگاداری دەکردمەوە.. کە بەباوکم نەڵێم. لە پڕ مووی هەموو لەشم قیتبوەوە، کە مەزەنەم بۆ لای.. رووسا و دیلگادینا چوو، رەنگە بە رێکەوتنێك بەردەکانیان گۆڕیبێتەوە.
من لەو گومانەدابووم، کاربەدەستەکە فەرمووی لێکردم بۆ لای بەرێوەبەری کۆگاکە. کابرایەکی لادێی قەڵەو لە پشتی مێزەکەیەوە.. هەستاو دەستەمووچانی لەگەڵ کردم و ووتی:
- دیارە نامناسیتەوە.. لە ئامادەیی پێکەوەبووین.



ناسینەوەی بە لامەوە زۆر ئاسانبوو، ئەو دەم.. باشترین یاریزانی قوتابخانەکەبوو. دەفتەرێکی گەورەی بەدەستەوەبوو، ناوی دایکم و خشڵەکان تیا نووسرابوو.. مێژووی گۆڕینی بەردەکانیشی لێنووسرابوو، بە ناوی بنەماڵەی.. (کارگامینتۆس)ەوە. ئەمە لە کاتێکدابوە.. ئێمە قوتابی ئامادەیی بووین. دەستێکی بە سەر شانمدا هێنا و ووتی:
- ئەم جۆرە فرووفێڵە لە نیو خێزانە دەوڵەمەندەکان باوە، تا شەرەفیان نەچێت.. ئەم گزیەیان پێ باشترە.
سەرەتای مانگی گەلاوێژ.. هەستم کرد نیشانەکانی مەرگ تیاما سەر هەڵدەدات، لاواز دەبووم.. بڕشتم لێ دەوەری. مرازەکانم لە مەڕ ژیانەوە کاڵتر دەبوون. وەلێ بەروونی دیاربوون.لە ئاهەنگی مۆسیقای هۆڵی هونەرە جوانەکان.. بە ئاشکرا نیشانەیەکی روونبوو، کاتێ ئامێری فێنك کەرەوەکان لە کار کەوتن، ئارەقە بە جەستەو نیو چەوانی شاسوارانی هونەری مۆسیقا دەهاتە خوارەوە. بەڵام.. سیحری مۆسیقاکە هەوارێکی ئاسمانیانەی بە هەزری خەڵکەکەدا دەکرد. لە کۆتاییدا.. کە دوا ئاوازی.. Allegretto poco mosso.. یان لێدا، شتێك رایچڵەکاندم، وەك ئەوەی گوێ لە دوا کۆنسێرت دەگرم، کە قەدەر بەر لە مردن ئەو حەزەی پێبەخشیبێتم . هەستم بە هیچ ژانێك نەدەکرد.. ترسیشم لە دڵا نەبوو، کەچی هەستم دەکرد ئەو ئاوازە کاریگەریەکی زۆری بە سەرمەوەیە. دواجار زۆر بە زەحمەت رێڕەوەکەم لە

قەرەباڵغیەکە بڕی، لەشم یەکپارچە ئاوبوو، خەڵکیش هەروا، کەچی ئەوان باوەشیان لە یەکدەدا.. وێنەیان بۆ یادگاری لە تەك یەکا دەگرت.

بە.. (خیمینا ئۆرتێس)دا..دا تەقیمەوە، لە سەر کورسییەکی چەرخدار دانیشتبوو، دیاربوو لە گۆ کەوتبوو. تەمەنی.. خیمینا.. نزیکەی سەد ساڵ دەبیّ. تەقینەوەکەم بەو ئافرەتە.. وەك ئەوە وابوو، قەدەر تاوانێکی لە ژێر پەچەدا شاردبێتەوە.. بۆ ئیمڕۆ. جلێکی بریسکەداری رەشی لە بەردابوو، زریزە خشڵێکی درێژی بە سیّ تۆیی لە ملدابوو، پرچی کولّ.. چوون رەنگی سەدەف، چەپکیّ قژی سوور رەنگکراو بە سەر روومەتیدا هاتبوە خوار، لە باڵی نەورەسێکی دەکرد. چاوە زەردەکانی کە زیاتر لە ژێر سایەی تیشکە ئارامیەکانی هۆڵەکەدا دەردەکەوتن. هەموو شتێکی دژ بەو قسەیەبوون کە بڵێی ئەو ئافرەتە خرفبووە. لە سەر خۆ سڵاوم لێکرد، وەك سوارێك لە بەردەمیدا داچەمیمەوە. ئەویش شاژنانە بزەیەکی تێسرواندم، دەستی گرتم. ئەو دەم زانیم هەردووکمان چوون باوێلکەی دەم.. با.. لە سیلەی قەدەرێکی ناهەمواردایین. ئەو هەلەم قۆستەوە، بۆ داماڵینی ئەو دڕکەی لە دێرزەمانەوە پێما چەقیبوو، پێمڕاگەیاند.. کە ساڵانێکی دوور و درێژە خەونم بەم ساتەوە دەبینی. پێدەچوو لێم حاڵیبوبیّ.. بۆیە ووتی:

- راستە.. بەڵام تۆ کێی..؟



گوێم نەدایە ئەوەی کە نەیناسیم، هەڵبەت بیری کاڵبوەتەوە، رەنگە ئەمە بۆ خۆی دواین تۆڵسەندنەوەی قەدەر بیّ. پێش تۆزێك باوەڕم بە نەمری خۆم کرد، لە ئاهەنگێکی وادا و لە شەوێکی کەرنەڤاڵیانەدا و لە سەر ئاوازی..تانگۆ.. و لە تەك ئافرەتێکی باڵابەرز.. وەك دوو ئاشقەو ماشقەی لە یەك ئاڵاو، هەر وەك پەڕی دەم با سەمامان دەکرد. هەستم کرد رووحمان بە یەکدا دەچوو. خۆم لە خەواڵبوونێکدا بینیەوە، لە سرووشتێکی فرە بێگەرد.. بۆنێکی رووح بووژێنکەری دەبەخشیە ناخمانەوە. مەمکەکانی.. چوون مەمکی حەساوگەرێك لە حەژمەتا جێی بە خۆ نەدەگرت. کاتیّ راچەنیم.. لە کەناری مەرگدابووم، بێهۆش. ئەوە بۆ من وەك پەیامبەرێك وابوو کە پێیووتم:

- چیت دیّ بە خەیاڵا بیکە.. رەنگە ساڵێکی تر یا دووانی تر بژێیت..

ئافرەتەکە تا دەهات دەچووە هزرمەوە، قسەکانی بە قەد خۆ رووتکردنەوەیەك بە لەززەتبوو، لە داڵغەیەکی نێو جێگاکەیدابووم.. خەبەردای کردمەوە و ووتی:

- چیتە.. دەڵێی...

لەو کاتەوە من ژیانم بە پێوەری ساڵانە نەدەژمارد. بەڵکو بە پێوەری عەشق و رابواردن لێکمدەدایەوە. ساڵی پەنجاکانی تەمەنم بڕەی هەموو بیرۆکەیەکم بوو، لەوێوە هەستم کرد هەموو لە من مناڵترن. شەستەکانی عومرم زۆرترین ئاڵۆسکاوی پێوە

دیاربوو، چونکه هەستم دەکرد کات بەسەر دەچێ. لە حەفتاکانیشمدا.. سامێك تیاما رسکا، ترسبوو لە مردن. بەرە بەیانی نەوەد سالٚیم کە لە جێگاکەی (دیلگادینا) بە خەبەربووم، بیرۆکەیەك پیاما گوزەری کرد.. کە ژیان شتێك نیە وەك رووباری.. (هێراگلیت).. بڕوات، بەڵکو تەنیا هەلە بۆ دڵسووتاویمان بۆ نەوەد ساڵی تر لە دڵسوتاوی ئەودیومان.

بە ئاسانی فرمێسکم دادەهات، هەر هەستێك بە لەرەی سۆزدا دەهات، لێمی دەکرد بە ئاوازی خەم. بیرم لەوە دەکردەوە.. کە واز لە شەوارە لەززەتەکانی خەونی (دیلگادینا) بێنم، ئەویش لەبەر ئەوە نەبوو کە هەر دەمرم، بەڵکو لەبەر ئەو ئازارانەی ئەو پێشبینی دەکرد.. کە دوای من بە تەنیا چ ململانێیەکی لە گەڵ قەدەردا دەبێ.

سەفەرێ بە شەقامەکاندا کەوتمە گوزەر کردن، بۆ یادەوەری ئەو رۆژانەی لە تەك دایکمدا بە سەرم بردبوو. تەمەنم دوازدە ساڵانبوو، دایکم.. بە زۆر لەو پەیمانگای هونەرە جوانەکان ناونووسی کردم. بەر لە داگیرکردنی وولاتەکەم، ئەو پەیمانگایە بوو بە نووسینگە و ئاماری کۆمپانیای دەریاوانی. ئەو دەم بینایەکی فرە گەورەبوو.. لە چاو خەڵکیەوە. سەدەیەك زیاتر لە لایەن داگیرکەرانەوە ببوو بە نووسینگەی سەربازی، باوکیشم کاری تێدا دەکرد. خێزانە رەسەنەکان کۆچیان کرد، نهۆمەکانی سەرەوە تەرخان کرابوو بۆ ئەو سۆزانیانەی تا بەرەبەیان لە



گەمەدابوون لە گەڵ پیاوان و هەرزەکاران. بە درێژایی شۆستەی کۆڕنیشەکەیش جێگای مەستانبوو. لەو تەمەنەمدا کە دوازدە ساڵانبووم.. هەمان پانتۆڵ و پێڵاوی قوتابخانەم بۆ دەرەوەش دەکرد. رۆژێ.. کە چووم سەر لە باوکم بدەم، زۆر شەرمم بە خۆمدا هاتەوە، وەلێ هەرچۆنێکبوو چوومە ژوورەوە. بڕێ ئافرەتم بینی، لەوانەی خەڵکی باسیان لێوە دەکرد کە لەشفرۆشن، لە پشتی جلکەکانیانەوە جەستەیان دەبینرا، پووزی ران و مەمك و خەتی ئاشکرای پێش و پاشیان عەقڵی پیاویان دەبرد. شەرمەکەم لێوەرگەڕاو لێمی کرد بە ترس، پاشەو پاش گەڕامە دواوە تا هەڵێم. لە پڕ سۆزانیەك لە دواوە باوەشی پێاکردم و بردمیە نیو بڕێ سۆزانی ترەوە. بۆنێان کاسیکردم. بە هەراو هۆریا و چەپڵە لێدانەوە پێشوازیان لێکردم. لە سەر قەرەوێڵەکەی خۆی پاڵی خستم و بە خێرایی پانتۆڵەکەی لەبەر داکەندم. ترسێك.. هەموو جەستەمی تەڕکرد. ئێدی نەمزانی ئەو ئاوەی نێو گەڵم لە کێمانەوە بوو. دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵ.. شەرمەکانی خۆمم خوێندنەوە، تا درەنگێ هەر بەخەبەربووم.

رۆژی دواتر.. ئەوان نووستبوون، کە بە پێپلیکانیەکاندا سەرکەوتم.. چوومە ژوورەکەی و لە خەو هەڵمستاند. کە منی بینی دەگریام. هێوری کردمەوە. من لە شەرمی ئەوەی بە رەوشتێکی ناشرینم دەزانی کە لە تەکیا کردم..ئەو بیرۆکەیکی تری بوو کە ئەوسا لێی حاڵینبووم. دواتر ناویم زانی کە..

(کاستۆرینا)..یە و زۆربەی سۆزانیەکان لە ژێر دەستی ئەودان. بۆخۆیشی جوانترین ئافرەتی دونیابوو.

کرێی ژوورەکان یەك بیزۆبوو.. بۆ ئەوانەی سەرپێی لەززەتەکانی خۆیان دادەمرکاندەوە. کەم کەس هەبوون هەر بەو یەك بیزۆیە دەیانتوانی شەو و رۆژێك بمێننەوە. سۆزانیەکان.. راهاتبوون هەندێ لەو دۆستانەی بەردەوام هات و چۆیان دەکردن، بەشداریان بکەن لە نانی بەیانیان، سابونیان بدەنێ. هەندێ جاریش بێ بەرانبەر شەویان لە تەکا دەبردنە سەر. لە دواین رۆژی پیریمدا کەس نەمابوو.. کاستۆرینا..ی بیرمابێ، کە ماوەیەکبوو مردبوو. لە گەڵ کۆمەڵێك دەریاوانی کەنار دەریا گەیشتبوە دوا پلەی عەرشی پیرۆزی گەوادەیی. دایکێکی گەورە.. چاوێکی لە شەڕی دەریاوانەکاندا لە دەست دابوو. دۆستی رەشپێستێکی بە ناو.. (کاما گۆی)..بوو، کە بە ناوی.. یوونس سەوڵدەر.. بانگیان دەکرد. سەردەمێ ئەو پیاوە لە گەورە مۆسیقاژەنەکانی.. هاڤانا..بوو. تا لە کارەساتی شەمەندەفەرێکدا لێیکەوت.

کە لەو سەردانیەیدا بوومەوە، هەستم کرد.. دڵم دەرزیژەن دەکرێت، نەمتوانی دان بە خۆمدا بگرم، تا سێ رۆژ زۆر پەرێشانبووم، هیچ داو دەرمانێك کارێگەری نەبوو بۆم. ئەو دوکتۆرەی پەیوەندیم پێوەکرد، دوکتۆرێکی ناوداربوو، کوڕەزای ئەو دوکتۆرەبوو.. کە لە تەمەنی چلساڵیمدا هات و چۆم



دەکرد.. لە مەڕ نەخۆشیەوە. کەچەڵیەکەی و چاوێلکەکەی کت و مت لەوی دەکرد. زۆر بە ووردی فەحسی کردم، گوێی لە سنگ و پشتم گرت، ترپەی لێدانی دڵمی هەژمارد، ژێر پێڵووی چاوەکانمی بینی، بەردەوامیش پرسیاری لێدەکردم، دەبوو هەر زوو وەڵامی بدەمەوە. دوای ئەوەی لە فەحس کردنم تەواو بوو، بە بزەخەنەیەکەوە ووتی:

– چاکە..بەس وابزانم هیچم پێناکرێت بۆت..

دڵم کەوتە ختوورەتەوە، بەر لەوەی پرسیارێکی لە لا قیتکەمەوە.. ووتی:

– تۆ لەم تەمەنەدا ماندووبوون بە نەخۆشی دەزانی. من نەخۆش بم تۆ نەخۆش نیت.

لە پای سوعبەتەوە قسەیەکم بۆ کرد.

– تەنها مەرگ تەمەنی تەواوی مرۆڤە..

– بەڵێ زۆر راستە.. کەسیش بە ئاسانی بەو تەمەنە ناگات .. دووبارە داوای لێبووردنت لێدەکەم، بێجگە لەو قسانە هیچ یارمەتیەکی ترم نیە بۆت.

یادەوەریەکی پڕ شکۆ بوو، وەڵێ ئێوارەی ئەو رۆژە هەستم بە بارگرانیەك کرد،بۆ ئەو سەدەیەی چاوەڕوانمە بە پێپلیکانەکاندا سەردەکەوتم. گەڕامەوە.. فلۆرینا دی دیووسی.. دایکم جارێکی تر ببینمەوە، کە لە سەرە مەرگابوو. ئەو بیرەوەریەم بە ئاگاداریەك لێکدایەوە.

**پەیوەندیم بە.. رووسا کابارکاس..ەوە کرد، تا شادم کاتەوە بە کچۆڵە، بەتایبەت ئەو شەوە، زۆر دەترسام لە تەنیایدا بمرم.**

**– بە هەچ شێوەیەك بیٚ ئەمشەو دەمەویٚ..**

**پەیوەندیەکەی قاچی، بەڵام پاش چارەکە سەعاتێك پەیوەندی پێوەکردم.**

**– فەرموو.. خاتوو کچۆڵە چاوەڕوانتە..**

**کاتژمێر دەو بیست خولەك گەیشتم، رووسا دواین کاغزەکانی ژیانمی دامیٚ، لەگەڵ پێداوویستیەکانی کچۆڵە و ووتی:**

**– ئەگەر دەتەویٚ بمری.. لێرە مەیکە..**

**– دەتەویٚ بە شەمەندەفەرە شڕو وڕەکەی کۆلۆمبیام بچوێنی.. کە کەسێکی پێناکوژرێت..**

**ئەو شەوە شەوی قیرووسیایم بوو، لەسەر پشت ڕاکشام، چاوەڕوانی درویٚنەکردنەکەم بووم. لەگەڵ هەوەڵین زەنگی کڵێساکان.. بۆنی گیان و جەستەی پڕ ئاوی دیلگادینام کرد. لەسەر تەنیشت راکشا. گویٚم لە هاوارێك بوو لە ئاسۆگەکانی نادیاریەوە. گیانەڵانی کەسێك بەر لە سەدەیەك مردبیٚ. چراکان کوژابوونەوە، دەستمان لەنێو دەستی یەکدابوو، هەر دوازدە چرکەکەم ژمارد، تا گەیشت بە دوازدەی شەو. رووح و جەستەم لە هەڵفڕیندا نەدەنیشتنەوە. خەم و ترسم لیٚك ئاڵۆسکابوون. ژیانم بۆ ساتێکی تر بە هەموو سەروەتی دونیا دەکڕی. بەڵام چی**



**لەگەڵ مەحاڵبووندا دەڵێیت. وەك بەناو نادیاریەکەوە رۆچم.. هێدی هێدی شل و شاو دەبوومەوە.**

**قوللەی کەڵەشێر مزگێنیەکی گەورەبوو بۆم.ئاهەنگ.. کۆتا نەهاتبوو. ئەو ئاهەنگەی لەسەر شەرەفی نەوەد و یەك ساڵەی تەمەنمدا دەیانگێڕا.. کە ساغ و سەلامەتم.**

**پێشەکی قسەکانم بۆ رووسا کرد، کە ئامادەم خانوەکەی لیٚبکڕم بە گەمەگاو باخچەکەیەوە. رووسا هەڵیدا و ووتی:**

**– باشە.. بە مەرجێك پیٚتی دەفرۆشم، گرەوی لەسەر بکەین، کە کیٚمان بە زیندوویٚتیماینەوە، هەمووی بۆ ئەو بیٚ بە خانوەکەی خۆشتەوە..**

**رووسا لیٚیپرسیم کە من ئەو خانووەم بۆچیبوو کە وادەی مەرگم ئەوەندەی نەماوە.**

**– دەموویست بە خانوەکەی خۆیشمەوە بیکەم بە دیاری بۆ کچۆڵە.. پەیمانێکە لە خەڵوەتی ئیمشەومدا لەگەڵ خۆم بەستم..**

**– منیش هەر ئەو مەبەستەم بوو.. بۆ کچۆڵەی بەجێبێڵم.. چونکە دوای ئێوە من کەس لەم دونیایە شك نابەم..**

**بڕیارماندا هەردوو خانوەکەی بۆ نۆژەن بکەینەوە، گەرماوێکی تازەو ئامرازی فێنککەرەوی نوێشی بۆ دروست بکەین، هەروەها ژووری کتێبخانەکەیشی بۆ سازدەمەوە، لەوانەش گرنگتر ئامێرێکی نوێی مۆسیقاشی بۆ دابین بکەین. من هەڵمدا و ووتم:**

**– باشە ئەو رەزامەند دەبیٚ..؟**

رووسا پێکەنی و ووتی:

– ئای جیهانە خەمبارەکەم، تێدەگەم تۆ پیربوویتە.. بەڵام گێل نیت. ئەم کچۆڵەیە هەردەم بە ئەمەك بووە بۆ تۆ..

دەرچوومە سەر شەقامە رووناکەکان، بۆ یەکەمجارم بوو هەستم دەکرد بە تەواوی خۆم دەناسمەوە. لە ئاسۆگەی دیار و نادیار من ئەو مرۆڤەم دڵم شادە بە ژیان و مەرگ. لە دەرەوە کە دیقەتی خانوەکەم دا، بە رەنگی شادمانیەوە دەمبینی. (دامیانا) بە هەموو توانایەکیەوە گۆرانی لە موبەقەکەوە دەووت. پشیلەکەیش کە ژیان بە بەریدا هاتبووەوە، کلکی بۆ دەلەقاند.. تا کتێبخانەکە لە تەکما هات. لاپەڕە شێواوەکانم رێکخرابوون، پەڕەمووچ و مۆری نووسینەوەکەم لەبەر دەست دانرابوون. هەموو شتێك بە رێکی و لە جێی خۆی دانرابوون. خۆرەکە لەنێو گەڵادارەکانەوە سەرەتاتکێیان بوو. هەواڵی گەیشتنی ئەو پاپۆڕە بڵاوبوەوە کە هەفتەیەك لە وادەی خۆی دواکەوتبوو.

ژیانی راستەقینە ئەمەیە.. بە دڵێکی فریاگوزار لە گێنەڵانی کەسێك ببی بە پەیامبەر. بە عیشقەوە چاوەڕوانی رۆژێکی نوێ بین.

**کۆتایی**



**سوپاس و پێزانین...**

– بۆ ئەم برا نووسەرانە کە یارمەتییەکی زۆریان دام بۆ لە چاپدانی ئەم کتێبە، بەڕاستی لەگەڵما پشوو درێژ بوون:

١– نووسەر (محەمەد سەعید زەنگنە).

٢– کۆمپیوتەرێست (ئەنجام سەعید).

٣– کۆمپیوتەرێست (دلێر ڕەفیق).